هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 76

سالّی/ 2012 – بەرگی حەفتا و شەش

---

چاپی یەکەم/ سالّی 2012

# پێرست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1) ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2012/2/15 ل

5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2012/2/16 ل

23

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێك خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/3/6 ل 29

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/3/13 ل 35

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/3/19 ل 147

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/3/27 ل 187

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2012/3/28 ل 191

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2012/3/29 ل 195

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2012/4/5 ل 201

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/4/10 ل 231

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/4/16 ل 235

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (9) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/4/17 ل 277

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای هەموار كردنی یەكەمی یاسای یەكێتی مامۆستایانی كوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 2002 لە هەرێمی كوردستان.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

لەبەر ئەوەی بەڕێز دكتۆر كەمال كەركووكی لەبەرچاوی خۆتان ئیستیقالەی پێشكەش كرد، چ لە سەرۆكی پەرلەمان و چ لە ئەندامیەتی پەرلەمان، بۆیە بەپێی تەسەلسول یەكێك دێتە جێگاكەی بەناوی بەڕێز (محمد موسى مصطفى)، كە شوێنی ئەو دەگرێتەوەو دەبێت بە ئەندام پەرلەمان، جا با بفەرمووێت بۆ سەر سەكۆ، بۆ سوێند خواردن، فەرموو.

**بەڕێز محمد موسى مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من (محمد موسى مصطفى)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاكانی دەكەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا دێینە سەر بڕگەی دووەم/ خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای هەموار كردنی یەكەمی یاسای یەكێتی مامۆستایانی كوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 2002 لە هەرێمی كوردستان، با لیژنەكانی یاسایی و ناوخۆ و پەروەردەو فێركردنی باڵا بفەرموون بۆ شوێنی خۆیان.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بۆ/ بەڕێز سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان - عێراق**

**ب/ راپۆرتی لیژنەی یاسایی لە بارەی پرۆژە یاسای یەكەمی هەموار كردنی یاسای یەكێتی مامۆستایانی كوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 2002**

لیژنەی یاسایی لە رۆژی 26/ بەفرانبار/ 2711ی كوردی، رێكەوتی رۆژی 2012/1/16ی زایینی كۆبۆوە بۆ لێكۆڵینەوە لە پرۆژە یاسای (یەكەمین هەمواری یاسای یەكێتی مامۆستایانی كوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 2002)، كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە، كە لە پاش خوێندنەوەی یەكەم لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (18) لە 2011/12/21 رەوانەی لیژنەكەمان كرا، لە پاش گفتوگۆ رای لیژنە بەم شێوەیە:

1- ماددەی یەكەم: لیژنە پێشنیار دەكات بڕگەی (7) لە ماددەی (یەكەم) هەموار بكرێت بە زیاد كردنی دەستەواژەی (حكومی و تایبەت) بۆ كۆتایی بڕگەكەو، بڕگەكەش بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

(7- مامۆستا: هەموو مامۆستاو وانەبێژان لە كارمەندانی وەزارەتی پەروەردەو مامۆستایان لە زانكۆ و پەیمانگاكانی حكومی و تایبەتدا).

2- ماددەی دووەم: لیژنە لەگەڵ ئەوە دایە کە هەر وەك لە پرۆژەکەدا هاتووە.

3- ماددەی سێیەم: لیژنە پشتگیری لە دووبارە داڕشتنەوەی پێشەکی ماددەکە دەکات بەم شێوەیە:

(ئەوانەی مافی ئەندامیەتیان لە یەکێتییەکەدا هەیە بەگوێرەی ئارەزوویان، بەپێی ئارەزوویان).

4- ماددەی شەشەم: لیژنە پشتگیری لەوە دەکات کە لە پرۆژەکەی حکومەتدا هاتووە لەگەڵ زیاد کردنی وشەی (کۆنگرە) بۆ کۆتایی بڕگەی (1)و دووبارە داڕشتنەوەی بەم شێوەیە:

(1- دەستەی گشتی و کۆنگرە).

5- ماددەی حەوتەم: لیژنە لەگەڵ ئەوە دایە کە هەر وەك لە پرۆژەکەدا هاتووە.

6- ماددەی شەشەم: ئەسڵی ماددەکە بە ریزبەندی (أ) دابندرێت و بڕگەیەکیش بخرێتە سەر ماددەکە بە ریزبەندی (ب)و بەم شێوەیەی خوارەوە:

(مەرجە ئەوەی بە ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت هەڵدەبژێردرێت هاووڵاتی هەرێمی کوردستان بێت و لە بواری پەروەردەو فێرکردنیشدا خزمەتی هەبێت، کە لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت).

7- ماددەی یازدەم: لیژنە لەگەڵ ئەوە دایە دوو بڕگە بخرێتە سەر ماددەکە هەر وەك کە لە پرۆژەکەدا هاتووە.

8- ماددەی دوازدەم: لیژنە پشتگیری لەوە دەکات کە هەر وەك لە پرۆژەکەدا هاتووە.

9- ماددەی سێزدەم: لیژنە پشتگیری لەوە دەکات کە لە (یەکەم)ی پرۆژەکەدا هاتووە.

10- ماددەی چواردەم: لیژنە پشتگیری لەو دەکات کە لە بڕگەی (یەکەم/أ)ی پرۆژەکەدا هاتووە.

11- ماددەی پازدەم: لیژنە لەگەڵ زیاد کردنی بڕگەیەك دایە بە ریزبەندی (4) بۆ ماددەکە هەر وەك کە لە راپۆرتی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا هاتووە.

12- ماددەی شازدەم: لیژنەکە لەگەڵ ئەوەدایە کە لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە.

لەگەڵ رێزدا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، نوێنەری کۆمەڵگەی مەدەنیش با بفەرمووێت بۆ سەر مەنصە، فەرموون لیژنەی پەروەردە راپۆرتی خۆتان بخوێننەوە.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئەوەی پێشکەشتانی دەکەین راپۆرتی هاوبەشی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵاو لیژنەی کۆمەڵەی مەدەنیە.

**بۆ بەڕێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت / راپۆرتی هاوبەش دەربارەی پڕۆژە یاسای هەمموارکردنی یەکەمی یاسای یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ژمارە (4) ساڵی 2002**

ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە (ك1767) لە 2011/12/26 کە تایبەت بە ناردنی پڕۆژە یاسای هەمموارکردنی یەکەمی یاسای یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ژمارە (4) ساڵی 2002، کە لە دانیشتنی ژمارە (18)ی ڕۆژی چوارشەممە لەرێکەوتی 21/12/ 2011 خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا ئەمەی خوارەوە ڕاوبۆچوونی هاوبەشی هەردوو لیژنەی (پەروەردەو خویندنی بالاّو کۆمەڵی مەدەنیە):

1- ڕۆژانی 28 و 2011/12/29 هەردوو لیژنە کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامداو گفتۆگۆی پڕۆژە یاساکەیان کردووە.

2- لە گفتۆگۆی پڕۆژە یاساکەدا پڕۆژەکەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان کە بە نووسراویان ژمارە (ك 1487) لە 2011/11/22 ئاراستەی پەرلەمانی کوردستانیان کردووەو کراوەتە بنەماو بیروبۆچوون و پێشنیارەکانیان بایەخی پێدراوەو بە هەند وەرگیراوە.

3- دوای گفتۆگۆی هەردوو لیژنە پڕۆژە یاساکە بەو شێوەی کە هاوپێچە دووبارە ئامادە کراوەتەوەو داڕشتنەوەی لە شێوەو ناوەڕۆکدا بۆ کراوە، بۆیە داواکارین کە ئەمەیان بکرێتە بنەما بۆ گفتۆگۆ و هەڵسەنگاندن، لەگەڵ ڕێزماندا.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بۆیە ئێمە داواکارین کە دەنگ لەسەر ئەوە بدرێت، ئەو پڕۆژەیەی کە ئێمە ئامادەمان کردووە بە زمانی کوردی و عەرەبی بکرێتە بنەما بۆ گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان. ئێمە دوای گفتوگۆی هەردوو لیژنە، لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵاو لیژنەی کۆمەڵەی مەدەنی کۆی پڕۆژە یاساکەمان لە شێوەو ناوەڕۆکێکی تازەدا داڕشتۆتەوە بە زمانی عەرەبی و کوردی لەلای هەموو بەڕێزتانە، داواکارین کە دەنگی بۆ بدرێت، ئەوە بکرێتە بنەما بۆ گفتوگۆ، دوای ئەوەی کە بەڕێزتان دەنگتان لەسەردا، ئینجا دەقەکەی بە کوردی و عەرەبی دەخوێنینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا لیژنەکانی تر ڕاپۆرتیان هەیە؟ لیژنەکان هەمووتان یەك ڕاپۆرتتان هەیە، لیژنەی ناوخۆ ڕاپۆرتی نییە؟

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ڕاپۆرتمان هەیە پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کردووە، نازانم لەسەر ئەندامەکان تەوزیع نەکراوەو لەناو سندووقەکان دانەنراوە، ئەوەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

غێر ڕاپۆرت لەلای خۆتان دەبێت؟

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبیعی لیژنەی ناوخۆ پشتگیری لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی كردووە، تەنیا یەك ئیختیلاف هەیە لە ماددەی شەش، كە دەكاتە ماددەی هەشتەمی یاساكە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا یەك پـرۆژە یاسا تەقدیم كـراوە، ئـەویش لەلایـەن مامۆسـتایان بـووە، بۆیـە ئـەو راپۆرتانـەی كـە لێـرە خوێندرایـەوە راپـۆرتی لیژنـەكان بـووە، نـابن بـە پـرۆژە یاسـا، بۆیـە ئێمـە ئیعتیمـاد دەكەینە سەر ئەو پرۆژە یاسایەی كە لە یەكەمجار تەقدیم كراوە، ئەوە دەبێتە ئەساس، لیژنـەكان دەتـوانن ئەو پرۆژە یاسایە ماددە بە ماددە، بڕگە بە بڕگە موناقەشەی بكەن و دەوڵەمەندی بكەن، یان زیاد و كـەمی بكەن، فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئەگەر بەم شێوەیە بێت، دەبێت بوار بدەن ئێمە راپۆرتەكەی خۆمان كە ئامادەمان كردووە بە زمانی كوردی و عەرەبی بیخوێنینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بیخوێننەوە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای هەمواری یەكەمی یاسای یەكێتی مامۆستایانی كوردستان ژمارە (4) ساڵی 2002.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

دەبێت ئێوە راپۆرتەكەی خۆتان بخوێننەوە، راپۆرتە هاوبەشەكەتان بخوێننەوە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای هەمواری یەكەمی یاسای یەكیتی مامۆستایانی كوردستان ژمارە(4) ساڵی 2002

ماددەی یەكەم:

یەكـەم: برگەیـەك بـۆ مـاددەی یەكـەمی یاسـاكە زیـاد دەكرێـت و دەبێتـە ژمـارە (3)و بـەم شـێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**خوێندنی باڵا: وەزارەتی خویندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.**

**دووەم: بڕگەی (8) لە ماددەی یەکەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی لێ دێت:**

**مامۆستا: هەموو فێرکارو مامۆستایانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەو وانەبێژانی قوتابخانەو زانکۆو پەیمانگا حکومی و تایبەتەکان.**

**ماددەی دووەم: ماددەی دووەمی یاساکە بەم شێوەیە هەموار دەکرێت:**

**بەپێی ئەم یاسایە یەکێتییەك بە ناوی ( یەکێتی مامۆستایانی کوردستان - عێراق) دادەمەزرێت، بارەگای سەرەکیی لە هەولێری پایتەخت دەبێت و، بۆی هەیە لە پارێزگاکان و هەر یەکەیەکی کارگێڕی لق بکاتەوە بە مەرجێك ژمارەی ئەندامانی تێیدا لە (3500) مامۆستا کەمتر نەبێت.**

**ماددەی سێیەم: ماددەی پێنجەمی یاساکە بەم شێوەیە هەموار دەکرێت:**

**بە ئەندامی یەکێتی ئەژمار دەکرێت:**

**أ- هەموو مامۆستایانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەو وانەبێژانی قوتابخانەو زانکۆ و پەیمانگا حکومی و تایبەتەکان .**

**ب- مامۆستا شەهیدەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان - عێراق وەك ئەندامی فەخری.**

**ج- مامۆستایانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان وەك ئەندامی فەخری.**

**د - خانەنشینانی ئەندام لە دەستەی فێرکاری و وانەبێژییەکان کە خوازیارن ببنە ئەندامی یەکێتی بە داواکارییەکی نووسراو.**

**هـ-مامۆستایان، وانەبێژان و سەرپەرشتیارانی سەر بە فەرمانگە پەروەردەیی و فێرکارییەکان.**

**و- ئەندامانی دەستە فێرکاری و وانەبێژییەکان کە میلاکن لەسەر وەزارەت و دەستەو دامەزراوە فەرمیەکان.**

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم: بڕگەی (1) لە ماددەی شەشەم بەم شێوەیە هەموار دەکرێت:**

**دەستەی گشتی و کۆنگرە.**

**دووەم: بڕگەیەك بۆ مادەی شەشەم زیاد دەکرێت و دەبێتە ژمارە (6) و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**نوێنەری یەکێتی لە قوتابخانە، یان دامەزراوەی پەروەردەیی.**

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم: بڕگەی (أ)**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك دکتۆر بزانین کاك عبدالسلام نوقتەی نیزامی چیە؟**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم تێبینیانە لەسەر خودی یاسای ئەسڵی، یەعنی ئێمە سەرمان لێ شێواوە، ئەم تێبینیەی کە دەڵێت ماددەی سێیەم وا بنووسرێت، باسی ماددەی سێیەمی پرۆژەی یاسای مامۆستایانە، کە ئەوان ئەرکیانە دەبێت راپۆرتیان لەسەر هەبێت، یان ماددەی سێیەم لە یاسا کۆنەکە، من ئێستا بمەوێت تەعلیق بدەم باسی کامیانە، سەرمان لێ شێواوە، من پێشنیار دەکەم یان بڵێن ماددەی سێیەم لە ئەسڵی یاساکە بەو شێوەیە بگۆڕدرێت، یان هەڵستن راپۆرتێك بنووسن لەسەر پرۆژەکەی مامۆستایان، بۆیە نوقتەی نیزامیەکە لەوەیە نەمانزانی باسی چی دەکات؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پرۆژە یاسایە یەکێتی مامۆستایان ناردوویانە، کە ئێمە خۆمان دە ئەندام پەرلەمان ئامادەمان کردووە بەو شێوەی کە ئەوان ناردوویانە، ئەم تەعدیلاتانەی کە کراوە هەمووی لەسەر ماددە ئەسڵیەکەی خودی یاساکە خۆی کراوە، ئەوان ناردوویانە تەعدیلەکەی، ئەوەی ئێستا دەخوێندرێتەوە لە نەصە عەرەبیەکەدا نووسراوە چ ماددەیەکە لەناو یاساکەی کە ئێمە تەعدیلمان کردووەو ئێستا دەبێتە چ ماددەیەك، چونکە تەسەلسولەکان لە دواییدا رێك دەخرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك حەمە سەعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەوەی کە کاك دکتۆر صباح خوێندیەوە پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 2002 ئەمەی دەخوێندەوە، کە ئەمە ئامادەی یەکێتی مامۆستایانە، ئەوان ئامادەیان کردووە لەسەر ئەسڵی پرۆژەکە، نەك راپۆرتەکەی خۆیان، راپۆرتەکەی خۆیان بە عەرەبی جیاوازی هەیە لەگەڵ کوردیەکە، واتا تەرجومەی عەرەبیەکە بوایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر عومەر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی روون کردنەوەی پێویست بدەین، یەکەم جار یەکێتی مامۆستایان پرۆژەیەکیان ناردووە بەناوی خۆیانەوە بۆ پەرلەمان، بۆ هەموار کردنی یاسا ئەسڵیەکەی ژمارە (4)ی ساڵی 2002ی یەکێتی مامۆستایان، کە ئەوان ناردوویانە پێویست بوو بە شێوەی یاسایی پێشکەش بکرێت، ئەویش دەبوو جارێکی

تر ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشی بکەین، ئەوەمان کردووەو دەقەکەی لەلای جەنابتان هەیە، دوای ئەوە ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالاّ لەگەلّ لیژنەی کۆمەلّەی مەدەنی، کە کۆبوونەوەی هاوبەشمان کردووە، ئەو پرۆژە یاسایەی کە بۆ هەموار کردنی یەکێتی مامۆستایان ناردوویانە جارێکی تر لە شێوەو ناوەڕۆکدا صیاغەمان کردووە، ئێمە وامان ئامادە کرد بوو کە ئەوە لێرە بکرێتە بنەما بۆ گفتوگۆ، بۆیە ئەوەی ئێستا بەڕێز کاك دکتۆر صباح دەیخوێنێتەوە، ئەمە بیرو بۆچوونی هاوبەشی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالاّو کۆمەلّەی مەدەنییە لەسەر ئەو پرۆژە یاسایەی کە یەکێتی مامۆستایان ناردوویانە بۆ هەموار کردنی یاسا ئەسلّیەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر صباح بەردەوام بە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم:

یەکەم: بڕگەی (أ) لە ماددەی حەوتەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

دەستەی گشتی لە هەموو ئەو ئەندامانەی یەکێتی پێکدێت کە پابەندیی خۆیان بە بڕگەکانی ئەم یاسایە جێبەجێکردووە، بە بەرزترین دەسەلاّت تێیدا دادەنرێت و هەموو چوار سالّ جارێك لە بنکەی یەکێتی بەمەبەستی گرێدانی کۆنگرەی گشتی کۆ دەبێتەوە، لە رێگەی نوێنەرانیانەوە بەڕێژەیەك کە ئەنجومەنی تەنفیزی دیاری دەکات، بۆ هەلّبژاردنی سەرۆکی یەکێتی و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت کە ژمارەیان دەگاتە $15$ ئەندامی سەرەکی و $4$ ئەندامی یەدەك ، نیسابیش بە $3/2$ی ژمارەی نوێنەران تەواو دەبێت، ئەگەر نیساب تەواو نەبوو هەلّبژاردن دوای تێپەڕینی پازدە رۆژ لە کۆبوونەوەی یەکەم لە هەمان کات و شوێن بەرێوە دەچێت و نیساب بە تەواوبوو دادەنرێت، ژمارەی نوێنەرانی ئامادە بوو بگاتە هەر چەند.

دووەم: بڕگەی (ب) لە ماددەی حەوتەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

سەرۆکی یەکێتی و ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزی و مەکتەبی سکرتاریەت و سەرۆك لقەکان ئەندامانی کۆنگرە دەبن و ئەنجومەنی تەنفیزی بۆی هەیە چەند ژمارەیەك لە مامۆستایانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و کەسایەتیە پەروەردەییەکانی هەرێم وەك ئەندامی کۆنگرە زیادو ئەو مەرجانەی پێویستن بۆ ئەو کارە پەسەند بکات، بە مەرجێك کە لە $15$ نوێنەر پتر نەبن.

ماددەی شەشەم:

ماددەی هەشتەمی یاساکە بەم شێوەیە هەموار دەکرێت:

أ- بۆ ئەو کەسەی هەلّدەبژێردریت بە سەۆکی یەکێتی مەرجە لە هاوولاّتیانی هەرێم بێت و خزمەتی لە پەروەردەو فێرکردندا لە $5$ سالّ کەمتر نەبێت.

ب- ئەوکەسەی بە ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت هەڵدەبژێردرێت مەرجە لە هاووڵاتیانی هەرێم بێت خزمەتی لەپەروەردەو فێرکردندا لە 5 ساڵ کەمتر نەبێت.

ج-مەرجە ئەو کەسەی بەئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و سەرۆکی لقەکانی یەکێتی و ئەندامانی دەستەی لق هەڵدەبژێردرێن ماوەی خزمەتیان لە پەروەردە وفێرکردن دا لە 5 ساڵ کەمتر نەبێت.

ماددەی حەوتەم:

ماددەی نۆیەمی یاساکە بەم شێوەیە هەموار دەکرێت:

سەرۆکی یەکێتی ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی دەبێت:

1-نوێنەرایەتی کردنی یەکێتی لای لایەنە دادوەری و کارگێڕییەکان و لە کۆنگرەکان و پەسند کردنی مامەڵەو دۆکۆمێنتە تایبەتەکان بە یەکێتی و بۆی هەیە ئەم دەسەڵاتانە یان هەندێکیان بداتە هەرکامی پێ باش بوو لە ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت.

2-سەۆکایەتی کردنی کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی و ئەنجومەنی تەنفیزی و مەکتەبی سکرتاریەت.

ماددەی هەشتەم:

ماددەی یازدەهەمی یاساکە بەم شێوەیە هەموار دەکرێت و دەخوێندرێتەوە:

أ-تویژینەوەو گفتوگۆو پێشکەشکردنی پێشنیاری هەمواری یاسای دابینکاری (الضمان) بە هەموو حاڵەتەکانیەوە.

ب-توێژینەوەو گفتوگۆی یاسای یەکێتی و پێشکەشکردنی پیشنیار بۆ هەموارکردنی.

ج- توێژینەوەو گفتوگۆ و پەسند کردنی پەیرەوی ناوخۆی یەکێتی.

د- تویژینەوەو ریکخستنی ئەرك و فرمانەکانی لیژنەکانی کۆنگرەی گشتی و پەسند کردنی راپۆرتی کارگێری و دارایی.

هـ- تویژینەوەو هەڵسەنگاندنی کارکردنی یەکێتی لە ماوەی نێوان هەر دوو کۆنگرەدا.

و- هەڵبژاردنی سەرۆکی یەکێتی و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت.

ماددەی نۆیەم:

بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی دوازدەهەمی یاساکە بەم شێوەیە هەموار دەکرێت:

یەکەم: ئەنجومەنی تەنفیزی پێکدێت لە هەریەك لە:

أ-سەرۆکی یەکێتی.

ب-ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت.

ج-سەرۆك لقەکان.

ماددەی دەیەم:

ماددەی سێزدەیەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی لێ دێت:

**یەکەم: مەکتەبی سکرتاریەت بە دەستەی گشتی ئەنجومەنی تەنفیزیی یەکێتی دادەنرێت، لەناو ئەندامانیدا دوو جێگر هەڵدەبژێرێت یەکەمیان بۆ کارگێڕی و دووەم بۆ هونەری و کارەکان لە ناو ئەندامانی دابەش دەکات، سەرۆکی یەکێتی ئامادەی کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سکرتاریەت دەبێت و بە ئامادەبوونیشی کۆبوونەوە بەسەرۆکایەتی  ئەو گرێدەدرێت.**

**دووەم: مەرجە ئەو کەسەی بۆ ئەندامێتی مەکتەبی سکرتاریەت هەڵدەبژێردرێت لە هاووڵاتیانی هەرێم بێت و ماوەی راژەی لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت.**

**سێیەم: مەکتەبی سکرتاریەت ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:**

**أ-جێبەجێکردنی بڕیارو راسپاردەکانی کۆنگرەی گشتی.**

**ب-جێبەجێکردنی بڕیارو ئاراستەو رێنماییەکانی ئەنجومەنی تەنفیزی.**

**ج- سەرپەرشتیکردنی چالاکی لقەکان و دەرکردنی ئاراستەو رینمایی پێویست بەو شێوەیەی کە بەرژەوەندی گشتیی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بە دیبهێنێت و هەروەها پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەستەی کارگێڕیی لقەکان.**

**أ-پەسند کردنی خەرجیی پارەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی مەکتەبی سکرتاریەت لەسنووری دەسەلاتە بڕیار لەسەر دراوەکان و ئەو بڕە پارە دیاریکراوەی بودجەی گشتی یەکێتی، هەروەها ئاڵوگۆڕی بڕە پارەی دیاریکراو لە کاتی پێویستدا.**

**ب-کارکردن بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیی لەگەڵ سەندیکاو رێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکانی هەرێم و دەرەوەی هەرێم، بەشێوەیەك کە خزمەت بە بەرژەوەندیی گشتی مامۆستایان و پرۆسەی پەروەردە لە کوردستان- عیڕاق بکات.**

**ج-ئامادە کردنی بودجەی سالانەی یەکێتی و ژمێرەی کۆتایی و پێشکەشکردنیان بە ئەنجومەن بۆ پەسند کردن.**

**د-مەکتەبی سکرتاریەت مانگی یەك جار کۆدەبێتەوە و بۆی هەیە هەرکاتێك پێویست بوو  کۆبوونەوەی نائاسایی ببەستێت.**

**ماددەی یازدەیەم:**

**ماددەی چواردەیەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی لێ دێت:**

**یەکەم:**

**أ- نوێنەرانی پارێزگاو یەکە کارگێڕییەکان کە ژمارەیان کەمتر نەبێت لەوەی لە ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتووەو هەڵبژێردراون بۆ ئەندامێتی کۆنگرەی گشتی، پاش تەواو بوونی کارەکانی کۆنگرە کۆدەبنەوە بۆ هەڵبژاردنی دەستەی لق لەناو خۆیان، کە ئەویش بۆ پارێزگاکان لە نۆ ئەندامی سەرەکی و دوو ئەندامی یەدەگ و بۆ یەکە کارگێڕییەکانی دیکە لە حەوت ئەندامی سەرەکی و دوو یەدەگ پێکدێت.**

**ب-دەستەی لق لە یەکەمین کۆبوونەوەی خۆیدا سەرۆکێك بۆ لق و بەرپرسی لیژنەکانی دەستە هەڵدەبژێرێت.**

**ج- لەو لقانەدا کە نەتەوەکانی دیکەی وەکو تورکمان و کلدان سریان ئاشوور بوونیان هەیە رەچاوی ئەوە دەکرێت کە کورسی تایبەتیان بۆ تەرخان بکرێت.**

**دووەم: دەستەی لق ئەم ئەرك و دەسەڵاتانەی خوارەوە بەکار دەهێنێت:**

**أ-جێبەجێکردنی بڕیارو راسپاردەکانی مەکتەبی سکرتاریەت.**

**ب-گفتوگۆ لەسەر بودجەی ساڵانەی تایبەت بە لقەکان لە چوارچێوەی بودجەی ساڵانەی یەکێتی و جێبەجێکردنی رێنماییە داراییەکان و سندووقی دابینکاری بەپێی حاڵەتەکان.**

**ج-دەستەی لق مانگانە یەك جار کۆدەبێتەوەو بۆی هەیە هەرکات پێویست بوو کۆبوونەوەی نائاسایی ببەستێت.**

**ماددەی دوازدەیەم:**

**بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی پازدەیەمی یاساکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێت:**

**سێیەم: ئەرکەکانی لیژنەی قەزا:**

**أ-جێبەجێکردنی بڕیارو ئاراستەکانی دەستەی لق.**

**ب-سەرپەرشتیکردنی کاروباری یەکێتی لە قەزاکەدا.**

**ج-بەرزکردنەوەی راپۆرتی خولی بۆ دەستەی لق سەبارەت بەوەی بە پێویستی دەبینێت بۆ کاری یەکێتی و بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەو فێرکردن.**

**د-لیژنەی قەزا بە هەماهەنگیی لەگەڵ دەستەی لق، لەناو دەستەی مامۆستایاندا نوێنەری یەکێتی لە قوتابخانەکان هەڵدەبژێرێت، لە پێناوی بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان یەکێتی و بنکەکانی و گەیاندنی رێنمایی و ئاراستەکانی یەکێتی پێیان.**

**ماددەی سێزدەیەم:**

**ماددەی شازدەیەمی یاساکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێت:**

**یەکەم: دارایی یەکێتی لەمانەی خوارەوە پێکدێت:**

1- **پارەیەك بە بڕی (3000) سێ هەزار دینار کە ئەندامان بەپێی میکانیزمێکی دیاریکراو لەلایەن ئەنجومەنی تەنفیزی دەیدەن، کۆنگرەش بۆی هەیە بڕی بەشداریی مانگانە بگۆڕێت، ئەم پارەیەش بەم شێوەیە دابەش دەکرێت:**

**أ-70٪حەفتا لەسەد بۆ حیسابی سندووقی دابینکاری.**

**ب-20٪ بیست لەسەد بۆ حیسابی لق.**

**ج-10٪ دە لە سەد بۆ حیسابی مەکتەبی سکرتاریەت.**

2- **ئەو بەخشین و یارمەتییانەی لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە پێشکەش دەکرێن.**

3- داهاتی چالاکییەکانی یەکێتی.

4- قازانجی وەبەرهێنان.

5- بڕی کرێی موڵکە نەگوازراوەکانی یەکێتی.

دووەم: کۆنگرەی گشتی چۆنیەتی خەرجکردن لە بڕگەکانی ( أ،ب،ج)ی بەندی یەکەم دیاری دەکات و پێویستە دەستە کارگێڕییەکانی لقەکان پابەند بن بەو ڕێنماییانەی لەم بارەوە دەردەچن و، لیژنە تایبەتەکان بەناوی (لیژنەی دابینکاری و لیژنەی یارمەتیدانی ئەندامان ) بە مەبەستی جێبەکردنی ئەو ڕێنماییانە پێکدەهێنرێن.

سێیەم: کردنەوەی حیساب لە بانکەکانی هەرێم.

چوارەم: بڕیارەکانی لیژنەی دابینکاری و لیژنەی یارمەتیدانی مامۆستایان لە کۆبوونەوەکانی لقدا پەسند دەکرێن.

پێنجەم: ژمێریاری یەکێتی ملکەچی چاودێری یاسایی و دارایی دەبێت.

شەشەم: هیچ ئەندامێك بۆی نییە داوای مافە داراییەکان بکات، ئەگەر ئەندامێتی لە یەکێتیدا لە دەست بدات.

حەوتەم: ڕێژەی 10٪ دە لەسەدی سەرچاوە داراییەکان کە لە بڕگەی (یەکەم: ج) لە بەندی یەکەم هاتووە ئەگوێزرێتەوە بۆ حیسابی مەکتەبی سکرتاریەت لە بانکەکانی هەرێم لە لایەن لقەوە.

ماددەی چواردەیەم:

ماددەی نۆزدەیەمی یاساکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێت:

ئەو یەکێتییەی بەپێی ئەم یاسایە دامەزراوە نوێنەرایەتی مامۆستایانی کوردستان دەکات لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم.

ماددەی پازدەیەم:

مادەی بیست و یەکەمی یاساکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێت:

سەرۆکی یەکێتی و دوو جێگرەکەی و سێ لە ئەندامانی مەکتەبی سکرتایەت و سەرۆکی لقەکان تەرخانکراو (متفرغ) دەبن بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کارو ئەرکەکانی یەکێتی.

ماددەی شازدەیەم:

ماددەی بیست و سێیەمی یاساکە هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

لە لایەن لقەوە پێناس دەدرێتە ئەندامان لە چوارچێوەی سنووری جوگرافی لقەکان و پێویستە پێناس یەکگرتوو بێت و لەلایەن مەکتەبی سکرتاریەتەوە دەرچوو بێت.

ماددەی حەڤدەیەم:

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی هەژدەیەم:

**ئەم یاسایە لە رۆژی بلاّوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی وەقائیعی کوردستاندا، جیبەجێ دەکرێت. زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا بەڕێز سکرتێری پەرلەمان هەندێ تێبینی خۆی هەیە، فەرموو.**

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**چونکە پەرلەمان لە دەستپێکێکی تازەیە دوو، سێ مولاحەزەم هەیە، ئەوە موشکیلەی ئێمە بوو لە سەرەتای پەرلەمان تاکو ئێستا، من حەزدەکەم برادەران ئەگەر ئاگایان لێ بێت، چونکە پەیوەندی بە نیزامەوە هەیە، شێوەی ڕاپۆرتەکان هەندێ جار تەماشا دەکەین شێوەی ڕاپۆرت نییە، شێوەی پرۆژەیە، مەسەلەن داوا دەکات کە فلاّن مادده بگۆڕدرێت، بەس تەبریری ناکات، ئەندامان لێرەدا حەقیانە ئەگەر تێ نەگەن کە سەبەبەکە چیە؟ لەبەر ئەوە ڕاپۆرت مەفروزە، ئەگەر من داوا بکەم ماددەیەك یان فەقەرەیەك ئیلغا بکرێت، یان بیگۆڕم، یان بەدیلی بۆ دابنێم، مەفروزە ڕەئیەکەم بدەم بەتەحریری، نەك لەسەر مەنەسە بێم ئەو تەبریرە بەشەفەهی بدەم، تا پێشوەخت ئەندامان ئاگایان لێ بێت.**

**خاڵی دووەم/ هەندێ جار پرۆژەیەك دێت، مەفروزە ئێمە ئیحالەی پرۆژە بۆ لیژنەیەك بکەین، پێی ئەڵێین ڕەئی خۆتان لەسەر پرۆژە دیاری بکەن، ئەبینین لیژنەکە شتێکی وا دروست دەکەن کە ئەنەهو پرۆژەیەکی تازەیە، یەکەم: لیژنە وەك لیژنەی پەرلەمانی حەقی پێشکەش کردنی پرۆژەیان نییە، وەك ئەندامیش ئەو حەقە نییە، سەبەبەکە چیە؟ چونکە تەعامول کردن لەگەڵ هەر پرۆژەیەك ڕێگای تایبەتی خۆی هەیە، لازمە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت.**

**دوو/ ئیحالەی لیژنەی تایبەت بکرێت.**

**سێ/ پێشوەخت لەسەر ئەندامان بلاّو بکرێتەوە، ئەگەر بێتو ئەوە حیساب بکەین وەکو پرۆژە، یان تەعامولی وەك پرۆژەی لێ بکەین، مانای وایە نە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، نە ئیحالەی لیژنەی تایبەتمەند کراوە، نە ئەندامانیش پێشوەخت ئاگایان لێیەتی، پێشنیارەکان مەفروزە لەسەر پرۆژەی ئەسڵی بن، پێشنیار ئەو وەختە پێشکەش دەکرێت، ئەگەر بۆ ئەوە بێت نەصێك باشتری لێ بکرێت، یان کەموکورتیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرای تێدا بێت تا ئەو کەموکورتیە پڕ بکاتەوە، یان تەناقوزێك لەناو پرۆژەکەو نەصی ئەسڵی هەبێت، قانونی ئەسڵی هەبێت، بەو پێشنیازە بتوانێت ئەو تەناقوزە نەهێڵێت، بەلاّم ئەگەر بێتو بەشێوەیەکی تر تەفەڕوغ بۆ هەندێ مەوزوع بکات لە ئەسڵی موقتەرەحەکە نەهات بێت، بەڕەئی من نە ئەندامان ئەو مافەیان هەیە بەو شێوەیە، نە لیژنەکانی تایبەتمەندیش ئەو مافەیان هەیە، چونکە ئەگەر پرۆژەیەك هات بە چوار مادده، مەفروزە ڕەئی خۆی لەسەر ئەو چوار ماددەیە بەیان بکات،**

نەك بچێت تەفەڕوغ بۆ نەصی قانونی ئەسڵی داوا بکەیت کە هەندێ ماددەی تر بێتە گۆڕین کە ئەصڵەن خاوەنی پرۆژەکە داوای نەکردووە، نە وەك حکومەت، نەك وەك ئەندامان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەعدیل کردنی ئەم یاسایە موبەڕیراتەکەی ئەوە بووە، لەدوای بەستنی کۆنگرەی یەکێتی مامۆستایان و پەسند کردنی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیەکە، داوایان کردووە خۆیان کە ئەم تەعدیلاتانەیان بۆ بکرێت، لەبەر ئەوە تەبریرەکەمان ئێستا بەدەستەوەیە و داواکارییەکە لەسەر داوای ئەوانە.

خاڵی دووەم/ کاتێ کە ئەوان ناردوویانە وەکو خاڵ ناردبوویان خاڵبەندیان بۆ کردبوو، شێوە یاساییەکەی بەخۆیەوە نەگرتبوو، لەکاتی تەعدیل کردنی هەندێ ماددەشدا دەرکەوت دەبێت هەندێك ماددەی تر لەناو یاساکەدا دەبێت بگۆڕدرێت، بۆ ئەوەی تەناقوز دروست نەکات، ئەگینا ئێمە بەهیچ شێوەیەك لامان نەداوە لەنەصە ئەسڵیەکەوە دەتواندرێت لەکاتی موناقەشاتی پرۆژەکە نەصە ئەسڵیەکەی یاساکە کە خۆمان پێشکەشمان کردووە، لەگەڵ ڕای لیژنە هەردووکی پێکەوە موقارەنە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینیەکانی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان هەر بۆ ئەوە نەبوو لەسەر ئەم پرۆژە یاسایەی ئەمڕۆ بێت، بەشێوەیەکی گشتی بۆ هەموو پرۆژەکان و، بۆ هەموو لیژنەکان بوو، کاك حەمە سەعید فەرموو.

**بەڕێز حمه سەعید حمه علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دووبارەی دەکەمەوە دوو یاسامان هەیە، یاسا ئەسڵیەکە کە ژمارە 4ی ساڵی 2002 ـە ئەمە یاسایەکی ئەسڵیە، یاسایەکی هەموارکراوی ئەو یاسایەش لەلایەن یەکێتی مامۆستایانەوە نێردراوە، ئایا ڕاپۆرتەکەی ئەوان لەسەر یاسا ئەسڵیەکەیە، یان لەسەر هەموارکراوەکەیە؟ من پێموایە لەسەر راپۆرتە ئەسڵیەکەیە، کە دەبوایە ئەوان لەسەر یاسا هەموار کراوەکە ڕاپۆرتیان بنووسی بوایە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر عومەر فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەو بیروبۆچوونە هاوبەشەی کە برای بەڕێزم کاك د.صباح خوێندییەوە، وەکو ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵاو کۆمەڵی مەدەنی، لە ئەساسدا وا ئامادە کرابوو، کە ئەمە ڕەئی هەموو لیژنە هاوبەشەکان بێت، واتە ڕەئی هەموو لیژنە مەعنیەکان بێت، بەم شێوەیە پێشکەش بکرێتەوەو بکرێتە بنەما بۆ گفتوگۆ، بەڵام لە ڕێڕەوی موناقەشەدا ئیتر دوای وا نەهات سەرەئەنجام ئەمە بوو بە بیروبۆچوونی هاوبەشی تەنها ئەم دوو لیژنەیە، بەم شێوەیەش کە ئامادە کراوە بۆ ئاسانکاری بوو لەڕاستیدا، بۆ ئەوەی پرۆژەکە هەم لەڕووی شکلەوە، هەم لەڕووی ناوەڕۆکەوە بەشێوەیەك ئامادە بێت، کە هەم لە گفتوگۆ، هەم لە تێپەڕاندنیدا بە ئاسانی بڕوات، دەنا ئێمە شتێکی ئەوتۆمان نەکردووە کە تەعاروزی هەبێت لەگەڵ نەصی یاساکە، هەروەها لەگەڵ نەصی پرۆژەکە، کە لەلایەن یەکێتی مامۆستایانەوە نێردراوە، جگە لەوەش ئەی ئەگەر ئێمە ڕەئیمان نەبێت، ئێمە بۆ وەکو لیژنەی مەعنی داوامان لێ دەکرێت کە ڕاپۆرت ئامادە بکەین؟ بێگومان هەندێ ڕەئیمان هەبووە، جیاوازی تێدا هەبووە لەگەڵ ئەوەی کە یەکێتی مامۆستایان ناردوویەتی تەنها لەدوو بڕگەی ناسەرەکیدا بیروبۆچوونی جیاوازمان هەبووە، دەنا ئەوەی کە ئێمە پێشکەشمان کرد ڕێك بیروبۆچوون و داواکاری یەکتێتی مامۆستایانە، لەگەڵ ئەو مەشروعەی کە ئەوان ناردوویانە کۆك و تەبایە، بەڵام لەبارەی مەفهوم و ناوەڕۆکەوە، ئێمە بەشێوەیەك دامانڕشتووەتەوە کە پرۆژەکە دەوڵەمەند بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئاخر جار فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارێك دەکەم، ئەگەر بکرێت بۆ ماوەی یەك سەعات ئەم دانیشتنە تەئجیل بکرێت، لەبەر ئەوەی کە ئێستا ڕاپۆرت دەخوێننەوە، شەش ڕاپۆرتمان لەبەردەستدایە، ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردەو کۆمەڵی مەدەنی بەتەنها، ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ، ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی، دوایی ئەو پرۆژە یاسایەی یەکێتی مامۆستایان ناردوویانە، پرۆژە یاساکە لیژنەی پەروەردە ئامادەی کردووە تەعدیلاتی لەگەڵ ئەسڵی پرۆژە یاساکە، یاساکەی یەکێتی مامۆستایانیش دەکاتە شەش ڕاپۆرت، ئێمە نازانین کامیان موناقەشە بکەین و قسەی لەسەر بکەین، کامیان بەراورد بکەین، ئەگەر بکرێت ئەو پێنج لیژنەیە دابنیشن و یەك ڕاپۆرتی هاوبەش لەکۆی هەموویان دەربکەن و لەگەڵ پرۆژە ئەسڵیەکەدا موناقەشەی بکەین، ئەوکاتە ئێمە دەتوانین موناقەشەی بکەین و بۆ ئەندامانیش ئاسان دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆرە ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرۆژە یاسایە ئەوەی کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، ئەوە ئەساسی گفتوگۆیە، ڕاپۆرتەکان لەسەر ئەو بنەمایە ئامادە کراون، پرۆژە یاساکە ئاراستەی چوار لیژنە کراوە، سێ ڕاپۆرت ئامادەیە، ئەگەر ئێستا دەرفەتمان پێ بدرێت، ئەسڵی پرۆژەکە کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە مادده بە مادده بیخوێنینەوەو هەر ماددەیەك لیژنە پەیوەندیدارەکان پێشنیارو ڕای خۆیانی لەسەر بدەن بۆ ئەندامان، تاکو دەنگدانی لەسەر بکرێت و گفتوگۆیەکە دەست پێ بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، عەزیمە خان، فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێستا ئەم ڕاپۆرتەی لیژنەی ناوخۆ گەیشتووەتە دەستی ئێمە، سێ ڕاپۆرت هەبووە، ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردەو، راپۆرتی لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی لەگەڵ لیژنەی یاساییدا، ئەوەی کە پەیوەندی بە لیژنەی ناوخۆ هەبووە، چوونە ناو بڕگەو ماددەکانی ئەم یاسایەوە، لێرەدا ئاماژەی بەخاڵێك کردووە لەناو ماددەکاندا کە خستوویەتیە بەردەستی ئەندامان، من پێموایە لەڕووە یاساییەکەیەوە بەس تەنها لیژنەی ناوخۆ لە چۆنیەتی مۆڵەتدان دەتوانێت تێبینی خۆی بڵێت، نەك لەسەر ئەوەی کە بچێتە ناو بڕگەو ماددەکانەوەو ڕاپۆرتێکی هەبێت، بەس ئەوەی کە ئێمە گوێمان لێی بوو سێ ڕاپۆرت هەبوو ئەوەی دکتۆرە ڕۆژان باسی کرد، لیژنەی پەروەردەو، لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی، لەگەڵ لیژنەی یاسایی، بەلاَم لێرەدا ڕاپۆرتێك هەیە لەبەردەستماندا لیژنەی ناوخۆ ئاماژەی بە بڕگەیەك کردووە، کە من ئەمە بە نایاسایی دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا دەچینە سەر ئەسڵی پرۆژەکە، ئەو پرۆژەی کە تەقدیم کراوە لەلایەن یەکێتی مامۆستیانەوە، ئەوەی دەخوێنینەوە، مادده بە ماددەو، بڕگە بە بڕگە موناقەشەی دەکەین، دکتۆرە ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەسڵی پرۆژەکەی کە پێشکەش کراوە، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، داوای هەموارکردنی ماددەی دووەم دەکات، بەلاَم ئێمە لە ماددەی یەکەم پێناسەیەك هەیە پێناسەی مامۆستا کراوە، واتا داوای هەموارکردنی بڕگەیەکی ماددەی یەکەمیش دەکەین هۆکارەکەشی ئەوەیە: لەبەر ئەوەی ماددەی یەك پێناسەی مامۆستای کردووە، ئەوکات کە یاساکە دانراوە لە ساڵی 2002 زانکۆ و قوتابخانەی ئەهلی و تایبەت بەو شێوەیە نەبووە وەکو ئێستا، واتە هەموو مامۆستایان دادەمەزران لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە، بۆیە کە

پێناسەی مامۆستا کراوە لە ئەسڵی یاساکە، بەو شێوەیە پێناسەی مامۆستا کراوە کە لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردەن، بەڵام ئێستا لەواقیع لە هەرێمی کوردستان ئێمە چەندین زانکۆی تایبەت و قوتابخانەی تایبەتمان هەیە، مامۆستاکان هەموویان سەر بە وەزارەتی پەروەردە نین، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەین کە دووبارە پێناسەی مامۆستا هەموار بکرێتەوە، کە لە بڕگەی حەوتی ماددەی یەکی ئەسڵی یاساکە هاتووە، بەڵام لە پرۆژە یاساکەدا نەهاتووە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە داوای هەموار کردنی ئەو بڕگەیە دەکەین، بەم شێوەیە:

بڕگەی حەوت، لە ماددەی یەکەمی ئەسڵی یاساکە هەمواربکرێت، مامۆستا بەم شێوەیە پێناسە بکرێت:

مامۆستا: هەموو مامۆستاو وانە بێژان لە کارمەندانی وەزارەتی پەروەردەو مامۆستایان لە زانکۆ و پەیمانگاکانی حکومی وتایبەتدا.

واتە پێناسەی مامۆستا فراوانتر دەکرێت، ئەو پێشنیارەمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو عەرەبیەکەشی بخوێننەوە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم لە دەقە ئەسڵیەکە بەهیچ شێوەیەك باسی ئەوەی نەکردووە، کە ماددەی یەکەم هەموار بکرێت، بەڵام لەراپۆرتی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵادا بەپێی ئەو تەبریراتانەی کە بەڕێز دکتۆرە رۆژان دای، ئێمەش وەکو لیژنەی پەروەردە بەهەمان شێوە دامانڕشتوەتەوە:

المادة الاولى:

اولاً: تضاف فقرة بتسلسل (3) الى المادة الاولى من القانون المرقم (4) لسنة 2002 وتعدل تسلسل المواد كالآتي:

چونکە کاتێ کە تۆ ئیزافەی ماددەیەك دەکەیت، دەبێت تەعلیم عالی کە یەکێکە لەو وەزارەتە پەیوەندیدارانەی کە مامۆستاکانی دەچنە ناو ئەو یەکێتیەوە، بۆیە دەبێت لە پێشەوە تەعلیم عالی تەعریف بکرێت، بەم شێوەیە:

3- التعليم العالي: وزارة التعليم العالي والبحث العلمي في اقليم كوردستان - العراق.

ثانياً: تعدل الفقرة (7) من المادة الاولى وتكون تسلسلها (ثامناً) وكالآتي:

المعلم: جميع المعلمين والمدرسين من منتسبي وزارة التربية والتدريسين في المدارس والجامعات والمعاهد الحكومية والخاصة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە تکایە؟ ناوتان دەنووسم، ئەم خوشك و برا بەڕێزانە ناویان نووسراوە، بەڕێزان، (ڕیباز فتاح، د.بەشیر خلیل، سیوەیل عوسمان، د.سەروەر عبدالرحمن، سمیرە عبداللە،

بـەیان احمـد، کـاك حمـه سـەعید حمـه علـی، کـاك عمـر عبـدالعزیز، د.احمـد وەرتـی، د.رۆژان دزەیـی، کـاك سەرهەنگ فەرەج،)، کەسی تر نییە؟ فەرموو دکتۆر ڕێباز، تکایە ناوت بڵێ. ژیـان عمـر، کەسـی تـر هـەبوو؟ فەرموو دکتۆر ریباز.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەم لەسەر پێناسەی مامۆستا هەبوو، ئەگەر وەکو پێناسەو مەسەلەکە ئەنـدام بـوون بێـت لـە یـەکێتی مامۆسـتایان لەوانەیـە ئـەو پێناسـەیە ڕاسـت بێـت، بـەڵام وەکـو زاراوەی مامۆسـتا پێموایـە هـەر کەسـێك لـە یەکێك لە بەشـەکانی زانکـۆ، یـان پـەیمانگاکان، لـەدوای دەرچـوونی لـەو بەشـە پیشـەکەی ببێـت بەمامۆسـتا لەدوای دەرچوونی ڕاستەوخۆ دەبێت بە مامۆستا، یەعنی بۆچی بکرێت بە مەرج کە ئەو کەسە دابمـەزرێت، یـاخود لـە قوتابخانەیەکـدا مومارەسـەی میهنەکـەی بکـات، ئـەو کاتـە بـە مامۆسـتا حیسـاب بکرێـت، یـەعنی تەنانەت لە پێناسـە کردنـی پیشـەکانی تریشـدا دەرچـوون لـەو بەشـە کـراوە بـە مـەرجێك، بـۆ ئـەوەی ئـەو میهنەیەی وەر گرتووە، لێرەدا ئەگەر بە ئەندام بوون بێت لە یـەکێتی مامۆسـتایان دەکرێـت ئـەم پێناسـەیە ڕاست بێت، بەڵام ئەو کەسەشی کـە دانەمـەزراوەو لـە یـەکێك لـە بەشـەکان دەرچـووە، پێموایـە ئـەوەش بـە مامۆستا حیسابە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی مەبەستت ئەوەیە کە ئەگەر مومارەسەی میهنەکەشی نەکرد بێت هەر بە مامۆستا حیساب بکرێـت، فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو زاراوە بەڵێ، چونکە ئەو دەرچووی ئەو بەشەیە کە مامۆستا پێ دەگەیەنێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر بەشیر، فەرموو.

**بەڕێز د. بشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەیە، یەکەمیان: پشتگیری لەڕاکەی برای بەڕێزم کاك دکتۆر ڕێبـاز دەکـەم، لەبـەر ئـەوەی تەماشا دەکەین لە سەندیکای مافپەروەران ئەوەی کە دەرچووی کۆلیژی یاسـا بێـت، لـەپێش دامەزرانـدنیش یەکسەر دەچێت داخیلـی سـەندیکا دەبێـت و هەویـەی دەدەنـێ، هـەروەها لـە ئەنـدازیارانیش، بۆیـە لێـرەش پێویسـتە ئـەوەی لـە بەشـێك، یـان لـە کۆلیـژێك دەرچـوو یـا دانەمـەزرابێت، بـۆی هـەبێت داخیلـی یـەکێتی مامۆستایان بێت، ئەمە یەك.

دوو/ لە پێناسەی مامۆستا (جميع المعلمين والمدرسين من منتسبي وزارة التربية) ئێمە دەزانین کە لەوەزارەتی دەرەوەش، لە وەزارەتی تەندروستی، لەوەزارەتی ئەوقاف، لە وەزارەتی کشتوکاڵ، لە وەزارەتەکانی تر، مامۆستامان هەیە مەعهەدمان هەیە، مەداریسمان هەیە، بۆیە دەکرێت لێرە وەکو (والتدريسين في المدارس والجامعات والمعاهد الحكومية والخاصة خارج وزارة التربية)، ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێت، بۆ ئەوەی ئەوانیش بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە لە پرۆژە یاسای هەموارکردنی یەکێتی مامۆستایان ماددەی یەکەمی تێدا نییە بڵێین هەموار بکرێت، بەڵام من هاوڕام لەگەڵ لیژنەی پەروەردەو یاسایی، بەزیاد کردنی پێناسەی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، لەگەڵ ئەوەشدام کە پەیمانگای حکومی و خاصەشی تێدا زیاد بکرێت، لە پێناسەی مامۆستا، لەوەی کە دکتۆر بەشیر باسی کرد، دەبێت لە غەیری وەزارەتی پەروەردە مونتەسیبمان هەیە، لە ماددەی سێیەم دوایی هاتووە (المعلمون والمدرسون في الهيئات التعليمية والتدريسية على ملاك الوزارات والهيئات والمؤسسات الرسمية)، ئەوە تێیدا دیاری کراوە کە لە غەیری وەزارەتی پەروەردەش مامۆستا لە وەزارەتەکانی تریش هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر سەروەر عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکانی من بەشێکی وترا، تەنها ئەوە نەبێت لە ماددەی دووەمدا ئەوەی کە باس دەکرێت جێگای بکرێتەوە مەسەلەی زانکۆکانە، چونکە ئەو تایبەتمەندێتیەی کەوا لەناو خودی زانکۆو پەیمانگاکان هەیە، لەناو قوتابخانەکانی تر بەجۆرێکی تر دەکرێت، ئەمە شوێنی بکرێتەوە، ئەگەرنا لەمەدا دیسان تووشی ئیشکال دەبینەوە، وەکو ئەوەی کە پێشتر هەبووە لە خودی کێشەکانی هەم یەکێتی مامۆستایانی کوردستان و هەم مامۆستاکانی زانکۆش، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز سمیرە عبداللە، فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبداللە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکانی من وتران تەئیدی قسەکانی دکتۆر بەشیر دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز بەیان احمد، فەرموو.

**بەڕێز بەیان احمد کۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی لەم پێناسەدا ئەز پێشنیارێکی تر پێشکەش جەنابتان دەکەم، کو ئەز دبینم مامۆستای زانکۆ لە عالەمێکی تردایە، بەڕەئی من سەندیکایەکی سەربەخۆ بۆ ئەوان هەبێت باشترە، کو هەندێ هەمی مامۆستایان هەر بێژن باخچەی ساوایان هەتا زانکۆ پێگڤە بن، بەر هەندێ ئەز پێشنیار دکەم کو فیعلەن مامۆستای زانکۆ هەمی ئەهلی و حکومی سەندیکای تایبەتی خۆیان هەبێت، چونکە عەمەلیەن ئێك ناگرن، بەر هەندێ ئەز پێشنیار دکەم و ئاراستەی ئێوە دکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك حمە سەعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری ڕاکەی بەیان خان دەکەم، مامۆستا لەڕووی ناوەوە مامۆستای باخچەو دایەنگەو تا مامۆستای زانکۆ پێی دەوترێت مامۆستا، بەڵام لەڕووی ئەوەی کە ئەوی تر دکتۆرای هەیە و پرۆفیسۆرەو ئەکرێت چەند دکتۆراو چەند ماجستێرێکی هەبێت، دەکرێت شێوازی کارکردن و ئەداو ناوەندەکەو گرفتەکانیان و ئەوانەی جیان لە مامۆستای بنەڕەتی و مامۆستای دایەنگان لەگەڵ مامۆستای زانکۆ و پەیمانگاکان جیان، بۆیە منیش پیشتگیری ئەوە دەکەم کە مامۆستای زانکۆ و پەیمانگاکان جیا بکرێنەوە لە مامۆستاکانی تر، چونکە سروشتی کارەکانیان جیایە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عومەر عبدالعزیز، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەبوو، یەکێکیان/ براو خوشکانم باسیان کرد.

دووەمیان/ ئەوەیە کە ئەسڵی پێشنیارەکەی یەکێتی مامۆستایان باسی تەعدیلی ماددەی یەکی تێدا نییە، دەچمەوە سەر قسەکەی کاك فرسەت بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، کە ئاماژەی بەوەکرد، ئێستا ئێمە دەتوانین وەکو پەرلەمانتار ئیزافەی بکەین تەبیعیە، بەس لە ئەسڵی پرۆژە یاساکەی کە هەموارکردنەکەیە تێیدا نییە ماددەی یەکەم هەموار بکرێت، بۆ تێبینی بەڕێزتان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دکتۆر ئەحمد، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا منیش هەمان تێبینیم هەیە، ئەوەی کاك فرسەت و هاوکارانم ئاماژەیان پێدا، ئێمە وا ڕاهاتووین لە سەرەتای دەستبەکار بوونی پەرلەمان و، بەپێی پەیڕەویش ئەو پرۆژانەی کە پێشکەش دەکرێن، بەپێی ئەو داوایەی کە لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە، بەپێی ئەو ماددانە مادام تەبەنی نەکرا بێت لەلایەن ئەو ئەندامانەی کە ئیمزایان لەسەر کردووە، دواتر ناتواندرێت بخرێتە ناو ڕاپۆرتەکانەوە، من پێموایە ئەوان لەماددەی دووەمەوە دەستمان پێکردووە، بەڵام ئێمە هاتووین لە ماددەی یەکەمەوە دەستمان بە هەموار کردنەکە کردووە، ئەمە یەك لەڕووی یاساییەوە.

دووەم/ سەبارەت بە داخیل کردنی هەموو ئەو مامۆستایانەی کە لەزانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمدا هەن و دەبن بە ئەندام لەم یەکێتیەدا، ئەمە پێموایە هەر بۆ خۆی ماددەکە دەیانگرێتەوە لە بڕگەی (7)دا هاتووە، دواتر لەماددەی (5)ی ئەسڵی یاساکەدا دەڵێت (یعتبر اعضاء في الاتحاد: أ – جمیع المعلمین والمدرسین من منتسبي وزارة التربیة والتدریسیین في المعاهد والجامعات في الآقلیم)، بەشێوەیەکی گشتی هەموو زانکۆو پەیمانگاکانی لە هەرێمدا داخیل کردووە، یەعنی دیاری نەکردووە زانکۆی حکومیە، یان ئەهلیە.

تێبینیەکی ترم هەیە بەڕاستی ئەوەیە، ئایا بۆچی هەموو مامۆستایان ڕاستەوخۆ بەزۆری بکرێن بە ئەندام لەم یەکێتیەدا؟ بۆ ئەوەی ئیختیاری نەبێت کە ئەندامان بۆیان هەبێت، مامۆستایان بۆیان هەبێت ببن بە ئەندام، نەك بڵێن (یعتبر اعضاء) یەکسەر ببن بە ئەندام، چونکە زۆر لە مامۆستایان ڕەخنەیان هەیە لەوەی کە بەزۆری دەبێت ئابوونە بدەن و ببن بە ئەندامی یەکێتیەکەو ئابوونە بدەن، با ئیختیاری بێت، بۆ ئەوەی مامۆستایان بۆیان هەبێت ئەندام بن لە یەکێتیەکە، یان ئەندام نەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دکتۆرە ڕۆژان، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، من تەنها تیبینیم لەسەر ئەو پێشنیارە هەیە بەزیاد کردنی دەستەواژەی خوێندنی باڵاو لە ماددەی یەك، لەبەر ئەوەی کە ئێمە پێناسەی مامۆستامان دارشتەوە بەشێوەیەك هەموو مامۆستایان، هەموو قۆناغەکانی خوێندن بگرێتەوە، وابزانم پێویست ناکات خوێندنی باڵا لە ماددەی یەکەم زیاد بکرێت، جگە لەوەش هەتا وەزارەتی پەروەردە کە پێناسە کراوە، لە ماددەی پێنجەم ناوی وەزارەتەکە هاتووەو، خوێندنی باڵاش ئەو دەستەواژەیە هەتا لەڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە من ئەوەی مولاحەزەم کردووە نەمدیوە کە دووبارە بووبێتەوە تا پێویست بکات ئێمە لە ماددەیەك پێناسەی بکەین و

**موختەسەری موستەڵەحەکەی بۆ دابنێین، لەبەر ئەوە پێناسەی هەموو مامۆستایانی قۆناغەکانی خوێندنی گرتەوە، بە بۆچوونی من زیاد کردنی ئەو دەستەواژەیە شتێکی زیاد دەبێت، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، بەڕێز سەرهەنگ فەرەج، فەرموو.**

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**زۆر سوپاس، وەڵڵا من تەئکید لەو ڕایە دەکەمەوە، کە ئێمە مەسەلەی مامۆستایانی زانکۆ جیا بکەینەوە بەڕاستی، با لێیان بگەڕێین، چونکە هەم لە پێنشیازی پرۆژەکەی یەکێتی مامۆستیانی کوردستانیشدا نییەو، هەم خۆشیان ڕایان وەرنەگیراوە، ناکرێت ئێستا ئێمە ئەمڕۆ لە پەرلەمان حورمەتم هەیە، ئێمە دابنیشین ئەو تێهەڵکێشیە بکەین و یاسایەك دەربکەین کە بە فیعلی ئیجباری شەریحەیەکی تایبەت بکەین، بۆ ئەوەی ببن بە ئەندام، یان بۆیان هەبێت ببن بە ئەندام لە ڕێکخراوی یەکێتی مامۆستایاندا، من پێم باشە ئەم مەوزوعە جیا بکەینەوەو لێی بگەڕێین بۆ موناقەشاتی نێوان یەکێتی مامۆستایانی کوردستان و مامۆستایانی زانکۆ، بۆ ئەوەی خۆیان بگەن بەڕێککەوتنێك و، ئەو کاتەش ئێمە تەعدیلی ئەو بڕگەیە بکەین زۆر ئاسانە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، عەزیمە خان، نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.**

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دیارە ئەو پێناسەی کە لێرەدا هاتووە بۆ مامۆستا لەجێگای خۆیدایە، لەبەر ئەوەی باسی مامۆستایانی هەموو قۆناغەکانی کردووە بەمامۆستایانی زانکۆشەوە، هیچ پێویست ناکات ئێمە سەندیکایەکی جیاواز بۆ مامۆستایانی زانکۆ دابنێین، لەبەر ئەوەی مامۆستا لە بنەڕەتیەوە تا زانکۆ هەر مامۆستایەو خاوەنی یەك پیشەیە، لە هەموو دونیادا دکتۆرای هەیە، ماستەری هەیە، لە دایەنگەکاندا لە باخچەی ساوایاندا لە بنەڕەتیەکاندا ئەمێنێتەوە، لەچەند ساڵی داهاتوودا هیوادارم لە کوردستانیش وای لێبێت، نەك تەنها ئەوانەی کە خاوەن شەهادەی باڵان لە ئاستە باڵاکاندا لە زانکۆکاندا خۆیان بهێڵنەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**عەزیمە خان ئەوە نوقتەی نیزامی نەبوو، جواب دانەوەو شەرح بوو، فەرموو سۆزان خان.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە هەر تێبینیەك بۆ ئەو برادەرانەی کەداوایان کردووە سەندیکاکە جیا بکرێتەوە ئێمە، ڕای یەکێتی مامۆستایان پاش کۆنگرە لەچاککردنی پەیڕەوەکەیان ئەو کارەیان نەکردووە، لەبەر ئەوە پەرلەمانی**

کوردستان ئێستا ناتوانێت ئەو بڕیارە بدات و سەندیکایان بۆ جیا بکاتەوە، پەیڕەویان پەسەند کردووە بە ئامادەبوونی هەموو لیستەکان کە بەشدارییان کردووە لەو کۆنگرەیەدا، بە ئامادەبوونی 590 مامۆستا زیاتر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک برهان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ تکایە با نوقتەی نیزام بێت، مەچنە مەسائیلی ترەوە، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەر یاسایەك دادەنێین لە هەرێمی کوردستاندا نابێت موتەناقز بێت لەگەڵ ئەحکامی دەستووری عێراقیدا، ئەحکامی دەستووری عێراقی بەپێی ماددەی (13) هاتووە، پێویستە دەڵێت: (لایجوز سن اي قانون يتعارض مع احكام هذا الدستور، يعتبر ملزماً في الانحاء كافة بما فيها الاقاليم والمحافظات)، ئەگەر ئێمە سەیری بابی حقوق و حوریاتی دەستوور بکەین لە ماددەکانی (38 – 40)هاتووە، ئەگەر بەهەڵە نەچووبم، ئەڵێت حوریەتی تەجەموع و دروست کردنی سەندیکاو کۆمەڵەو ڕێکخراو هەیە، لەدەستووردا ئیشارەتی پێدراوە، مادام مامۆستای زانکۆ حوریەتی خۆی هەیە، ئێمە بۆمان نییە ئیجباریان بکەین کە هەر دەبێت ئەندام بن لەو یەکێتیەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەمە سەعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە مامۆستایان لەکۆنگرەی خۆیاندا ئەم ڕەشنووسی تەعدیلەیان ئامادە کردووە، ئێستا وەکو وترا ئێمە ناتوانین شتێك بڵێین کە ئەوان لە کۆنگرەکەدا باسیان نەکردبێت، ئەی چەند ماددەمان زیاد کردووە؟ ئێستا ماددەی تر ئەوە نییە موناقەشەی ماددەی یەك دەکەین وشتەکانی تر کە ئەوان لە کۆنگرەشدا باسیان نەکردووە، کەواتە ئەگەر نەتوانین ئەوە باس بکەین، ئەوە ناتوانین ئەوانی تریش باس بکەین، من پێموایە دەتوانین ئەو جیاکردنەوەی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ژیان عومەر فەرموو.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره برادەران قسەی منیان کرد، بەڵام من بۆ ئەوەی ئیزافەیەك بدەم بە قسەکانیان، خۆی پێناسەی مامۆستا ئەوەیە کە مومارەسەی میهنەو پێگەیاندن ئەکات، تەنها ئەوانە بگرێتەوەو، نابێت تەنها وەزارەتی پەروەردەش بێت، چونکە ئێستا من لە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتیم لەم ڕۆژانەدا مامۆستاکانی پەیمانگای کەڕولاڵ و نابینایان هاتن بۆ نووسینگەی سلێمانی، یەعنی ئەوان کەس نییە دیفاعیان لێ بکات، سەندیکایەکیان نییە، تەنانەت تاکو ئێستا دەرماڵەی 150 کەش شمولی ئەوانی نەکردووە، کەئەوان زۆر هیلاك ترن لەمامۆستاکانی تر، کە لەگەڵ فیئەیەکدا کار دەکەن، کە مێشکیان هیلاکەو باری دەروونیان هیلاکە، کە منالێك نابینایەو ئەوان دەرسی پێ دەڵێنەوە، هەروەها مامۆستای قوتابخانە ئایینیەکان و پەیمانگا ئایینیەکانیش ئەوانیش هاتن بۆ نووسینگەی سلێمانی، هەمان کێشەیان هەبوو، کە هیچیان دەرماڵە شمولی نەکردوون، جا پێویستە ئەم پێناسەیە تەنها ئەو مامۆستایانە نەگرێتەوە کە لەوەزارەتی پەروەردەن، بەڵکو هەر کەسێك کە میهنەی تەدریس دەکات لە هەر شوێنێکە بیگرێتەوە، ئەمەش پێناسەیەکی جوانە، تەنها بۆ مامۆستایە کە ئیشی تەدریسە، ئەگەر ئێمە بە مەفهومە فراوانەکە پێناسەی مامۆستا بکەین، ئەوە بۆ بەحس و لێکۆڵینەوەکانە، نەك وەك یاسایەك پێناسەی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر ئەحمد فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا نوقتەی نیزامیم لەسەر قەسەکانی سۆزان خان بوو، کە یەکێتی مامۆستایان لە پەیڕەوی خۆیاندا ئەوەیان وتووە، پێموایە پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیەکان وسەندیکاکان دەبێت لەگەڵ یاساکاندا خۆی ڕێك بخات وخۆی بگونجێنێت، نەك ئێمە لەبەر ئەوەی لە پەیڕەوی یەکێتیەك، یان سەندیکایەك هاتووە لێرە نەتوانین دەستکاری بکەین، ئەگەر پەرلەمانی کوردستان یاسای چۆن داڕشت ئەوان پەیڕەوەکەیان بەپێی ئەوە دەبێت ڕێك بخەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر کەس کاك محمد شارەزووری، فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتەی نیزامیم لەسەر ئەوەیە کە دەبێت ئێمە ڕێگامان بە لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا بدایە، کە ئایا مامۆستایانی زانکۆ و پەیمانگا بەشدار بوون لە ئامادە کردنی ئەم پرۆژەیەدا؟ ئەمە خاڵی یەك.

دوو/ یەکێتی مامۆستایان ئەم پرۆژە یاسایەیان ناردووە بۆ ئێمە، بۆ ئەوەی ئێمە لێرە تەشریعی یاساکەیان بۆ بکەین، ئیتر پێویست بەوە ناکات ئێمە جارێکی تر بچینەوە بۆ یەکێتی مامۆستایان کە بڵێین ئایا مامۆستای زانکۆی تێدا بێت، یان نا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی هاوبەش فەرموون.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم شت کە بە پێویستی دەزانم بیڵێم ئەوەیە کە ئەم پرۆژەیەی یەکێتی مامۆستایان کە ناردوویانە بەشی زۆری بیروبۆچوون وپێشنیارو ئەو بڕیارانەن کە لە کۆنگرە داویانە، واتە لە کۆنگرەش بە ڕەزامەندی هەموو لایەك وتەوافوقی نێوان لیستەکانیشی لەسرە کراوە، ئەمەخاڵێك.

خاڵێکی تر، ئەوان بۆ خۆیان لە ئامادەکاری بۆ کۆنگرەدا لیژنەیەکی تایبەت لە مامۆستایانی زانکۆ ئامادە کراوە، ئەم لیژنەیە ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش بە کۆنگرە کردووە، لەوێدا خۆیان موتەفیقن لەسەر ئەوەی کە هەموو مامۆستایانی کوردستان هەر لە باخچەی ساوایانەوە تا مامۆستایانی زانکۆ لەناو ئەم یەکێتیەدا بمێننەوە، بەلاّم ئێستا یەکێتی مامۆستایان دوای ئەوەی کە ڕاپۆرتێکی تریان ناردووە، ئێمە گفتوگۆمان لەگەڵ کردوون دوێنی پێشنیاری ئەوە دەکەن، کە لە ماددەی دووەمدا کە ئێمە صیاغەمان کردووە، ئەوە ئیزافە بکرێت کەڕەچاوی تایبەتمەندی مامۆستایانی زانکۆ لەناو یەکیەتی مامۆستایاندا بکرێ، واتە ئەگەر یەکیەتی مامۆستایان بڕیاریاندا لقێکیان بۆ بکەنەوە، ئەوا ئەوان دەستیان والأبێ، ئەو خسوسیەتە بپارێزرێت، ئەو پێشنیارەی کە کاك د.سەروەریش کردی ئێمە وەکو لیژنە لەگەڵین، سەبارەت بە مەسەلەی ئەندامێتی، ئەم پێناسەیەی کە لێرەدا کراوە، لەسەر دوو بنەمایە، یەکەمیان لەسەر ئەساسی ئەوەی کێ دەبێ بە ئەندام لە یەکیەتی مامۆستایان، دوو، لەسەر ئەساسی پیشە، پیشەی بە فیعلی مامۆستایە ئێستا، ڕاستە ئەوەی دەرچووی کۆلیژی پەرەوەردەیە دەبێ لە ئایندەدا ببێتە مامۆستا، بەلاّم هەیە دەرچووی کۆلیژی پەروەردەشە بەلاّم نەبۆتە مامۆستا، لە وەزارەتێکی تر ئێستا دەوام دەکات، بۆیە شەرت نیە ئەوەی دەرچووی کۆلیژی پەروەردەبێ، بە پیشە مامۆستابێ، سەبارەت بە مەسەلەی بوونی سەندیکای سەربەخۆ وەکو باسم کرد، ئەوان خۆیان هەموو، مامۆستایانی زانکۆ لێرەدا نوێنەرایەتیان هەیە، ئێستا دوو مامۆستای بەڕێزی زانکۆ لە مەکتەبی سکرتاریەتدا ئەندامن، کە نوێنەرایەتی مامۆستایانی زانکۆ دەکەن، بەلاّم داوای ئەوە دەکەن کە ڕەچاوی تایبەتمەندیەتی لە ناو یەکیەتی مامۆستایاندا بکرێ، قسە لەسەر ئەوە کرا کە باسی تەعدیلی ماددەی یەکەمی تێدا نیە، ڕاستە، بەلاّم ئێمە وەکو لیژنەی مەعنی کە سەیرمان کرد، ئەو پێشنیارانەی کە لە چوارچێوەی پڕۆژەکەی یەکیەتی مامۆستایاندا هاتۆتە ئاراوە، وا دەخوازێ، چونکە هەر خۆشیان بە ڕاپۆرت لە لای ئێمە هەیە کە دەڵێ، ڕەچاوی خسوسیەتی مامۆستایان دەکرێ، کە باسی مامۆستایانی زانکۆ دەکەی پێویستە تەعریفی مامۆستاش گۆڕانی بەسەردابێنی، بۆیە ئێمە بۆ دەوڵەمەند کردنی پڕۆژەکە بۆ ئەوەی لەگەڵ بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی یەکیەتی مامۆستایان گونجانێکی قانونی بکرێ، بۆیە ئێمە بە پێویستمان زانی کە ماددەی یەکەمیش هەموار بکرێ، ئەوەی کە باس کرا، هەندێ مامۆستا هەن لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی بالاّ، لە دەرەوەی وەزارەتی پەروەردە پیشەی مامۆستایەتی

دەکەن، فیعلەن وایە، بەلاّم ئێمە لە ماددەی سێیەمی ڕاپۆرتەکەی خۆمان لە برگەی (و)دا، جێگامان بۆ کردۆتەوە کە دەڵێین ئەندامانی دەستەی فێرکاری وانەبێژەکان کە میلاکن لەسەر وەزارەت و دەستەو دامەزراوە فەرمیەکانی تریش، ئەوانیش دەتوانن ببن بە ئەندام، بۆیە ئەم پرسەمان چارەسەر کردووە، دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە لە ڕاستیدا بۆخۆی بە گوێرەی ئەم پرۆژەیە کە لە داهاتوودا دەیگەیەنێ، ئەندام بوون لە یەکیەتی مامۆستایان ئیختیارییە، ئیجباری نییە، ئەم ڕاستیە بۆ بەرچاوی هەمووتان ڕوون بێ باشترە، زۆر سوپاس، ئەوە بیرو بۆچوونەکانی ئێمەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر بۆ ئەو بەڕێزانەی کە ئیعتیرازیان لەسەر تەعدیل کردنی ماددەی یەکەم هەیە، لە نەسی ئەسڵی قانونەکە کە هاتووە، تەعریفی المعلم(جمیع المعلمین والمدرسین من منتسبی وزارة التربیة والتدریسین في الجامعات والمعاهد) ئەوەی کە ئێمە کردوومانە تەنها گونجاندنە لەگەڵ وەزعی ئێستای هەرێمی کوردستان کە حکومی و خاص هەیە، بەس (الحکومیه والخاصه) مان بۆ ئیزافە کردووە، (مدارس) مەدارسیشمان بۆ ئیزافە کردووە، چونکە ئێستا حکومیش و خاسە، ئەگینا ئێمە لەناوەڕۆك هیچ دەستکاری بابەتەکانمان نەکردووە، تەنها دەبێ وەکو یاسایەکە هەموار دەکرێ، دەبێ لەگەڵ زروف و باری ئێستا چاك بکرێ، یەك خاڵی ترم هەیە سەبارەت بەوانەی کە مامۆستایانی زانکۆ، ئێمە حەمەلەی شەهادەی دکتۆراو ماجستیر ئیتر لەمەودوا بەهۆی پرۆژەی تواناسازیەوە، تەنها لەوەزارەتی خوێندنی باڵا نابەن، حەمەلەی شەهادەی دکتۆراو ماجستیر لە هەموو وەزارەتەکان ئەبەن، وەزارەتی تەربیەش یەکێکە لەو وەزارەتانەی کە حەمەلەی شەهادەی ماجستیر و دکتۆرای دەبێ، لە باخچەی ساوایانەوە کاری تیا دەکەن، هەتاوەکو ئامادەیی، لەبەر ئەوە ئەگەر خۆیان ئەو تەعدیلەی کە داوایان کردووە، بەو شێوەیە بێ بە تەوافوق لە کۆنگرە لەسەری دەرچوون و بڕیاریان داوە، ئێمە ڕێز لە موئتەمەرەکە دەگرین، ڕاسپاردەکانی موئتەمەرەکەو داواکاریەکەی یەکیەتی مامۆستایان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا فەرمان.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەرامبەر بەو پەیڕەوەی کە ئێستا دکتۆر ئەحمەد فەرمووی، سەندیکای تایبەت دابمەزرێت، خۆیان لە پەیڕەوی ناوخۆیە هەموار کراوەکە داوایان نەکردووە، کە سەندیکایەکی تایبەت بە یەکیەتی مامۆستایان لە

زانکۆ دابمەزرێت، کە ئەوان خۆیان داوایان نەکردبێ یەکیەتی بۆ دابمەزرێ، شتێکی ئیزافەیان بۆ بکەین یاخود کارەکەی خۆمان بەڕاستی قورس بکەین، خاڵی یەکەم، ڕەچاوی تایبەتمەندیەکان بکرێ، بەڕاستی ڕەچاوی تایبەتمەندیەکانی مامۆستایانی زانکۆ کراوە، ئێستا مامۆستایانی زانکۆ ئەندامیان هەیە لە مەکتەبی سکرتاریەت، لە لقەکانیش هەیانە، ئەگەر بێت و ئێستا لقەکە دابمەزرێت، بەپێی یەك لە ماددەکان پێویستە ئەوانەی کە دەبنە لق پێویستی بە 3500 مامۆستا هەیە، ئایا ئەو شوێنانەی کە زانکۆنە، هەموو زانکۆیەك مافی ئەوەی هەبێ لقی لێ دابمەزرێ، ڕێژەی ئەو مامۆستایانەی دەگاتە 3500 مامۆستا، ئەوەش ئیشکالێتی یاساییمان بۆ دروست دەکات، پێویستی بەوەیە کە چارەسەر بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیت هەبوو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم ئەوەی من نوقتەی نیزامیە، یان پرسیارە، بەس چونکە ئیشکالیەتێ لە مێشکمدایە، ئەوەیش ئەوەیە، ئەم سەندیکای یەکیەتی مامۆستایانە کۆنگرەی خۆیان بەستووە، موناقەشەی کۆنگرەی خۆیان کردووەو تەعدیلی پەیڕەوی خۆیان ئەکەن، ئایا ئەکرێ ئێمە بێین موناقەشەی کۆنگرەی مامۆستایان بکەین؟ ئایا ئێمە هەقمان هەیە دەستکاری لەو نەتائیجەی ئەوان بکەین؟ من پێموایە موناقەشاتی زۆری ناوێ، تەعدیلکیان ناردووە لەبەر ئەوەی لە 2002 یاسایەکیان هەبووە، ئەبێ بە یاسا تەعدیل بکرێ، نەتیجەی کۆنگرەکەی خۆیان بەیاسایی ئەکەین، لەوە ئەچێ من واهەست دەکەم موناقەشەیەکی زۆر کەمی پێویست بێ، ئەگینا ئەمە دەست خستنەناو بەرنامەی کۆنگرەیە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر هەقمان هەبێ وەڵلا ئێمە تەئیدی قسەکانی ناسك خان دەکەین، با ئەوان قسە بکەن، کاك شێردڵ ویستی قسە بکات، کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کردیان، بەس یەك خاڵ هەیە لێرە، ئەگەر بمانەوێ ڕەچاوی مامۆستایانی زانکۆکان بکەین، ئەویش دەتوانین لقێك بکەینەوە لە ماددەی دوو جێگەی بۆ بکەینەوە، 3500 مامۆستا کەمتر نەبێ، ئەوان 3500ئیحتیماله کەمترە، بۆیە دەتوانین لقێکی جودایان بۆ بکەنەوە، ڕەچاویان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

گفتوگۆ سەبارەت بەوە كرا، ئایا چ مامۆستایەك بەشدار دەبێ؟، یاخود ئەوەی كە مومارەسەی میهنە دەكات؟، من پێم وایە لەوەیا دەبێ بگەڕێینەوە بۆ تەعریفی یەكیەتی مامۆستایان، بۆ تەعریفی كۆمەڵەو سەندیكاو یەكیەتیەكان، خۆی یەكیەتی مامۆستایان لەسەر ئەساسی پیشەیی دامەزراوە، كەواتە ئەوانەی كە مومارەسەی میهنەكە دەكەن، ئەوانەی بە فیعلی لەناو ڕێكخراوەكەدان، ئەو خەڵكانە دەگرێتەوە كە مومارەسەی میهنەكە دەكەن لە خوێندگاو زانكۆ و پەیمانگاكان، پێشموایە قسەكەی كاك د.بەشیر هیچ مانعێك نیە، چونكە هەندێ مەدارسی دینیش هەیە، هەندێ مەدارسی سەحیش هەیە، بۆ ئەوەی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتەكانی تر بگرێتەوە، بۆیە من پێموایە لەوەدەبێ وریاتر بین، ئەم ڕێكخراوە ڕێكخراوێكی پیشەییە، تایبەتە بەوانەی كە فیعلەن پیادەی میهنەی مامۆستایەتی دەكەن لەو وەزارەتەی كە ناویان هات، لەوانەیە وەكو وتم وەزارەتی تریش هەبێ، بۆیە پێویستە لێرە ئەمە حەسر بكرێ، مامۆستایانی دەرەوە نەگرێتەوە، خاڵێكی تر وروژا بۆ جیاكردنەوەی سەندیكایەكی تایبەت بە مامۆستایان، خەریكە لێرە خۆمان دەكەین بە نوێنەرایەتی شەریحەیەك كە هێشتا خۆی بڕیاری نەداوە، وەكو ناسك خان وتی، من پێموایە لە ئەسلا، هاتنی ئەم پرۆژەیە ڕاستە، بۆ پەرلەمانی كوردستان، بەڕاستی ئەمە لە ئەهلی نیەت و لەماهیەتی كۆنگرەی یەكیەتی مامۆستایان كەم دەكاتەوە، ڕاستە كاتی خۆی بە قانون، بەڵام من داوا دەكەم پەرلەمانی كوردستان لە ئێستاوە بە دواوە مەنفەزێك بدۆزێتەوە، چونكە ژمارەیەك ڕێكخراوی تر هەیە، یاساكەیان ئەبێ لە پەرلەمان تەعدیل بكرێ، من پێموایە ئەو دەسەڵاتە بگەڕێتەوە بۆ كۆنگرەی خۆیان، لە هەموو دونیا وابووە كۆنگرە دەسەڵاتێكی باڵا بووە، لە كۆنگرەدا پەیڕەوی ناوخۆ و ڕێساو یاساو ڕاسپاردەی بۆخۆی دامەزراندووە، سەندیكای پارێزەرانیش بەڕێوەیە، لەوانەیە سەندیكای پزیشكانیش بەڕێوەبێ، سەندیكای سەیدەڵیەش بەڕێوەیە، ئەگەر بێتو ئێمە بەس لەسەر ئەم پرۆژە یاسایانە قسە بكەین، بەڕاستی كاتێكی زۆرمان دەوێ، پێشموایە ئەو پێویستیە ناكات، ئەبێ چین و توێژەكان خۆیان، لە كۆنگرەی خۆیان بڕیار بدەن، ئەم هاتنەی پەیڕەوی ناوخۆییەكان بۆ پەرلەمان، دەرهاویشتەی وەزعێكی سیاسی بووە كە پێموایە هەمووومان خەریكە بەجێی دەهێڵین، خەریكە پەرلەمانیش من پێموایە دەبێ خۆی لەم مەنفەزە ڕزگار بكات، قانونێ دەربكات، بۆ ئەوەی ئەم دەسەڵاتە بگەڕێتەوە بۆ خودی ڕێكخراوەكان خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا دوێنێ لەگەڵ یەكێتی مامۆستایان دانیشتنمان كرد، هەم پرۆژەكەی ئێرەیان بینی بوو، هەم بۆچوونی مامۆستایانیان پێ بوو لە هەموو بیرو بۆچوونە جیاوازەكان،

هەستمان نەکرد کە جیاوازیەکی زۆر جدی یان خیلافێکی زۆر هەبێ لە بەینی ئەو پڕۆژەیەی کە هێناویانە، ئەو پڕۆژەی کە ئێمە پێشنیارمان کردووە، ئەو پەڕی خیلاف هەبوو لە مەسەلەی تەمەن بوو، وابزانم تەمەنەکەش حەسم کراوە بەو شێوەیەی کە ئێستا لێرەدا هەیە، لە پڕۆژەکەدا هاتووە جێگەی ڕەزامەندی هەموو لایەکە، مەوزوعی مامۆستایانی زانکۆش، بەڕاستی ئەندامێتی لە سەندیکاکان مادام هەقێکی ئیختیاریە، یەعنی هیچ مانع نیە کە لێرەدا ئەگەر باسی مامۆستایانی زانکۆ بکرێ یان نەکرێ، مادام مامۆستایانی زانکۆ بۆیان هەیە خۆیان سەندیکایەك دروست بکەن، ئەبێ تەلەبیەیەك تەقدیم بکەن و مەجموعەیەك بەیەکەوە بن، وابزانم هیچ مەنعێکی قانونی لەو مەوزوعەدا نیە، بەڵام مانع نیە کەسێك ئەندامی سەندیکای مامۆستایانی کوردستان بێ و ئەندامی سەندیکای مامۆستایانی زانکۆش بێ، چونکە جاری وا هەیە پیشەیەك دوو بوعدی هەیە، بوعدێکی پیشەیی هەیە، بوعدێکی زانستی هەیە، وابزانم ئەوە ئەوەندە نایەنێ کە ئێمە لەسەری بوەستین و خیلافەکان توند بکەینەوە، بوعدێکی وا بدەین، کە پڕۆژە یاساکە گیر بخوات لە مەوزوعێکی وادا، یەعنی ئەوەی کە من ئاگادار بم، خیلافەکە ئەوەندە قورس نیە، کە ئێمە مەسەلەکەی لەسەر پێك بێنین، تەنها یەك مەوزوع هەیە کە لە ئەسڵی یاساکەدا هاتووە، کە ئەڵێ (یعتبر اعضاء في الاتحاد) مەجموعەیەك ڕیز ئەکات، ئەمە لێرەدا وای لێ ئەفامدرێتەوە کە ئەندامێتی تیایدا ئیلزامیە، بەڵام کاتێ کە پەیڕەوی ناوخۆی یەکیەتی مامۆستایان سەیری ئەکەی، ئەو هەقی ئەندامێتیە پەیا ناکات، نابێ بە شتێکی فیعلی، ئیلا ئەگەر کەسەکە هەندێ مەرج و هەندێ تەڵەب ئەمانە تەقدیم نەکات، جا بۆیە مەوزوعەکە بەڕاستی ئەو خیلاف و ئەو موناقەشە وردە نایێنێ، ئەگەر ئێمە ئەوەی هاتووە لە پڕۆژە یاساکەدا، لەسەر تەلەبی ئەوانیش هاتووە، ئەتوانین مەسەلەکە حەسم بکەین و چارەسەری بکەین، بە دەنگدانی پەرلەمانیش مەسەلەکە یەکلا دەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەوەی ویستم کە ئەو بۆچوونەی کە ناسك خان وتی، لە ڕاستیا ئەمە پێویستە بە نەزەری ئیعتبار وەرگرین، چونکە یەکیەتی مامۆستایان کۆنگرەیان کردووە، بڕیاریان داوە، پێویستە ڕێز لە ئیرادەو ویستی مامۆستایان بگرین، بیرو بۆچوونەکانی ئەوانیش کە لە پڕۆژەکەدا هاتووە، وەکو کاك د.صباح ئاماژەی پێدا، تەنها یەك بڕگە جیاوازی تێدایە، ئەویش ئەوەیە، ئەوانەی کە دەبن بە ئەندام لە ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت، ئەوان پێشنیاریان کردووە کە 15 ساڵ خزمەتی هەبێ، ئێمە پێمان وابووە کە پێنج ساڵ خزمەتی هەبێ، تەنها ئەو خیلافە هەیە، دوای ئەوەش دوێنێ ئێمە لەگەڵیان دانیشتین، ئەوان باسی ئەوەیان کرد ئەمە بڕیاری کۆنگرەیە، پەیڕەوی خۆشمان گونجاندووە لەگەڵ بڕیارەکانی کۆنگرە، ڕەنگە ئەگەر قانونەکە بەو شێوەیە دەربچێ ببێتە 5 ساڵ، پێویستمان بەوە هەیە جارێکی تر پەیڕەوی ناوخۆ

بگۆڕین، پەیڕەوی ناوخۆش دیسان دەبێ بە کۆنگرە بگۆڕدرێتەوە، بۆیە ئیشکالیەتمان بۆ دروست دەبێ، بۆیە لەوەشدا دوای ئەوەی کە دانیشتنمان لەسەری کردووە، ئەوان ئەو ڕوون کردنەوەیان پێشکەش بە ئێمە کرد، ئێستا ئێمە تێگەیشتنمان هەیە، کە لە وەشدا دیسان بیرو بۆچوونی ئەوان بە نەزەری ئیعتبار وەربگرین، کە بڕیاری کۆنگرەیەو تەوافقیشیان لەسەری کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەخێر کەس د.ڕۆژان بە ناوی لیژنەی قانونی دەچێتە سەر ماددەیەکی تر دوای، فەرموو دکتۆرە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ئاستەنگە یاساییانەی کە لەبەر دەم یەکێتی مامۆستایان هەیە، داوایان کردووە هەموار بکرێ بۆ نەهێشتنی ئەو ئاستەنگانە، بۆیە ئێمە دەست بە گفتوگۆکان بکەین، خاڵی جیاواز دوایی بە دەنگدان یەکلا دەکرێتەوە، ئێستا پێشنیاری پێناسەکردنی دووبارە داڕشتنەوەی، پێناسەی مامۆستا ئەگەر وەکو دەستەی سەرۆکایەتی بدەنە دەنگدان ئەو ماددەیە حەسم بکرێ، تاکو ماددەکە کۆتایی پێ بێنین و ماددەی دوو موناقەشە بکەین، دەنگی لەسەر بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە ئەمڕۆ تەنیا موناقەشە دەکەین، دوایی با لیژنەکان دانیشن سیاغەی بکەنەوە ، لە جەلساتی داهاتوو ماددەکان هەموو بەیەکەوە دەخەینە دەنگدانەوە، ئێستا بەس موناقەشە دەکەین، نوقتەی نیزامیە، فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە تەئکید نیزامیە، لەبەر ئەوەی مەسەلەیەکی زانستی بە دەنگدان یەکلایی نابێتەوە، دوو پیشە هەیە، پیشەیەك هەیە ئاسنگەر، دارتاش، لەسەر بنەمای مومارەسە کردنی چەند ساڵێکی ئەو کەسە پیشە وەردەگرێت، بەڵام پیشەیەکی تر هەیە، دکتۆرە، ئەندازیارە، مامۆستایە، لەبەر بنەمانی بڕوانامەیەوە ئەو کەسە بڕوای پێ ئەکرێت، کە ئەمە ئەو شەهادەی هەیە یان نا؟ من تەئکید لەوە ئەکەمەوە، ئەبێ جیای بکەینەوە کە کێیە ئەو کەسەی ئەبێتە ئەندامی یەکیەتی مامۆستایان؟، لەگەڵ پێناسەکە، یەعنی ئەمە پێموایە عەیبەکەی ئەکەوێتەوە پەرلەمانی کوردستان، کە پێناسەی مامۆستا بکات، لە کاتێکدا وشەکە، وشەیەکی زانستیە، ئێمە بێین بە دەنگدان لەسەر بنەمای ئەندام بوون لە یەکیەتی بڕیار لەو مانایە بدەین، تەنها قسەکەی من ئەوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بۆ ماددەی دوو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوو، هەروەك ئێمە لە لیژنەی یاسایی پشتگیریمان لە ئەسلی ئەو پڕۆژەیە کردووە کە پێشکەش کراوە، لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، ئەویش بە زیادکردنی بڕگەیەکە کەوا فەزایەکانیش بگرێتەوە، ئەوانیش ژمارەی مامۆستایانیان لە 3500 کەمتر نیە، ئەو بڕگەیە زیاد بکرێت بۆ کۆتایی ماددەی دوو، پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

تعدل المادة الثانية من القانون و تكون كالاتي:

اولآ-يؤسس بموجب هذا القانون اتحاد باسم (اتحاد معلمي كوردستان-العراق) و يكون مقره الرئيسي في العاصمة اربيل و له ان يفتح فروعا له في المحافظات لكل وحدة ادارية شريطة ان لا تقل عدد الاعضاء فيها عن 3500 معلم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناخۆ تێبینیتان هەیە، با کوردیەکەی بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

ماددەی دووەمی یاساکە هەموار دەکرێت:

1-بەپێی ئەم یاسایە یەکێتیەك بەناوی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان-عیراق دادەمەزرێ، بارەگای سەرەکی لە هەولێری پایتەخت دەبێت و بۆی هەیە پارێزگاکان و هەر یەکەیەکی کارگێڕی لق بکاتەوە بە مەرجێك ژمارەی ئەندامانی تیایدا لە 3500 مامۆستا کەمتر نەبێ.

ئەم پێشنیازەی یەکێتی مامۆستایان وەکو خاڵی دووەمی لێدێت،

2-ڕەچاوی مامۆستایانی زانکۆکان دەکرێت لە کردنەوەی لق بۆیان بەپێی بەرژەوەندی گشتی و تایبەتمەندی پیشەیی ئەوان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ تێبینیتان هەیە.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە هەموار کردنی یاسایەکە دەکەین، بەس ڕەچاوی مامۆستای زانکۆکان لقیان بۆ بکرێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێ دەیەوێ لەسەر ئەوە ماددەیە قسە بکات، با ناوی بنووسێ، کوێستان محمد، کاردۆ محمد، عظیمة، سیویل عثمان، شڤان احمد، عبدالرحمن حسین، ئەم خوشك وبرا بەڕێزانە ناوی خۆیان نووسیوە، کەسی تر هەیە، فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئکید لەوە ئەکەمەوە، کە هەر بابەتێك لە پرۆژەی پێشنیار کراو نەبێ، ناکرێ تەعدیل بکرێ، مەسەلەی کردنەوەی لق بۆ مامۆستایانی زانکۆ لە ئەسلی پرۆژەکە نیە، ئەوەی کە تەقدیم کراوە، لەبەر ئەوە ئێستا زیاد کردنی خیلافی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە، یەکەم، دووەم، پێشتر ئەوە 20ساڵە یەکێتی مامۆستایان دامەزراوە، لقی مامۆستایانی زانکۆ جیا نەکراوەتەوە، لەبەرچی ئێستا ئێمە بێین مامۆستایانی زانکۆ جیا بکەنەوە لە مامۆستایانی دیکە، ئێمە لە تەعریفەکە باسی مامۆستا دەکەین، مامۆستا هەمووی ئەگرێتەوە، لێرە بۆچی بەتەنها مامۆستایانی زانکۆ لقیان بۆ بکەینەوە، ئەبێ مامۆستایانی باخچەی ساوایانیش جیا بکەینەوە، یەعنی کۆمەڵێك لق بکەینەوە، کە مامۆستا هەمووی مامۆستایە، پێویست نیە هەریەك لق کاری خۆی بکات، ئەو جیاکاریە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە دابڕانێك هەبێ لە بەینیان، جیاکاریەکی نا تەندروستە لەوەی تۆ مامۆستایانی زانکۆ لە مامۆستایانی تر جیا ئەکەیتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاردۆ محمد فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیردواد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئێمە پێویستە، وەکو برادەرانیش تەئکیدیان لێ کردەوە، ڕێز لە ئیرادەو پەیڕەوی کۆنگرەی مامۆستایان بگرین، پێموایە ئەو یاسایە کە دانراوە لە پێناوی ڕێکخستنی کاری مامۆستا دانراوە، نابێ ببێتە ئاستەنگێك لە پێش ئیرادەی مامۆستایان، وەك بەرزترین دەسەڵات خۆیان بڕیاری لێ ئەدەن، ئەو پێشنیارە، پێشنیاری دوێنێیە خۆیان کردوویانە، لە پێشنیاری پڕۆژەکەدانیە، سەرەڕای ئەو جیاکاریەی ئێمە دەیکەینە قۆناغەکان، یەکیەتیەکە، یەکێتیەکی پیشەییە، پێویستی بە جیاکاری نیە، ئەگەر جیاکاری هەبێ، کە پێموابێ مامۆستایان لە هەوڵێك دابوون، بۆخۆیان سەندیکایەکی سەربەخۆیان هەبێ، ئەو کاتە ئەم مافە حەقی مامۆستایانی زانکۆیە کە سەندیکایەکی سەربەخۆیان هەبێت و جیاکاری بکەن، دەنا ئەم لقە جۆرێك

لە تایبەتمەندی و جیاوازی دەدات کە پێم وایە زەروورەتی یەکێتی مامۆستایان بۆ مامۆستایانی زانکۆ ناهێڵێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، عظيمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظيمة نجم الدين حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە ئەم تایبەتمەندیە لێرەدا ئیزافە کراوە، خۆم لە لیژنەکە بووم، ئەم پێشنیارە دوێنێ یەکێتی مامۆستایان هاتوون لەگەڵ ئێمە کۆبوونەتەوە، بەس من دژی ئەمەم، نوێنەری یەکێتی مامۆستایان لەهەموو لقەکان و سکرتاریەتیش هەیە، پێویست ناکات ئەم تایبەتمەندیەتیەی بدرێتێ، سوپاس..

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەصڵی پرۆژەکەدا هاتووە بۆیان هەیە لق بکەنەوە لە پارێزگاو قەزاکاندا، ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی هاوڕایە لەگەڵ ئەصڵی پرۆژەکە بەڵام لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا نووسراوە(له ان يفتح فروعاً في المحافظات لكل وحدة ادارية) ئەگەر (كل وحدة ادارية) حساب بکەین دەبێت لە ناحیەش بکرێتەوە، چونکە ناحیەش وەحدەی ئیدارییە، مەبەست لە پرۆژە یاساکە ئەوەیە کە تەنها لە قەزا بکرێتەوە، من پێم باشە بنووسرێت (له ان يفتح فروعاً في المحافظات وكل قضاء وادارة الگرميان) سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز شڤان احمد، فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم کە لیژنەی پەروەردە خوێندنییەوە بەحەقیقەت لە پرۆژەکەدا نیە، بەڵام لوغزەکە من پێم باشە بەو شێوەیە حەلی بکەین، بۆ ئەوەی تەعاروز نەکات، چونکە لە ئەصڵی پرۆژەکەدا نەهاتووە، لەپاش (له ان يفتح فروعاً في المحافظات وكل وحدة ادارية شريطة ان لاتقل عدد الاعضاء عن (3500)معلم) ئەمە بەو شێوەیە حەل دەبێت لە وەحدەی ئیداری بۆ نموونە، با بڵێین ئاکرێ، وەحدەیەکی ئیدارییە بۆ ئەوەی فەرعێکی تایبەتی سەندیکای مامۆستایانی زانکۆ و پەیمانگای بە جیا نەبێت، لەزمنی ئەو فەرعەدا بێت واتە مامۆستایانی قوتابخانەو هی زانکۆ هەر لەو فەرعەدا بن، ئەم حەقە خۆیان داوایان نەکردووە ئێمە داوا

دەكەین تا تەعاروز نەكات، ئەوە شەئنێكی داخلیە، دەكرێت بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەمە چارەسەر بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی منیش هەر لەگەڵ ئەوەدام كە جیا كردنەوە نە بێت، واتە لقێك بۆ مامۆستایانی زانكۆ بكەن، چونكە مامۆستا هەر مامۆستایە وئەوە پیشەیە، لەهەركوێ بێت هەر مامۆستایە، دوای ئەوەش ئەو ژمارەیە(3500) زۆرە، ئەگەر بۆ یەكەكانیش بیكەن، ئەوە زۆرە، لە قەزایەك لەوانەیە ئەوەندە نەبێت، یان لەناحیەیەك نەبێت، پێم باشە كە كەم بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من دەمەوێت قسە لەسەر ئەو تایبەتمەندیەی لیژنەی ناوخۆ بكەم بۆ ئەم مەوزوعە، ئەگەر چی زۆر ئێمە دوورین لە مەوزوعی یەكێتی مامۆستایانەوە، بەڵام خرابووە ئەستۆمان پێشم وایە تێبینیەكە لەسەر ئەوە بوو كە ڕەزامەندی ئەو یەكێتیانە لە ناوخۆوە وەردەگیرێت، لە ئەصڵی پرۆژەكەو لەوەشی كە لە پەرلەمانەوە هاتووە، لە لیژنەكانیشەوە موناقەشەی لەسەر كراوە، هیچ باس لەوە نەكراوە كە موافەقەتەكانیان چۆنەو چۆن نیە؟، بۆیە من پێم وایە لیژنەكەی ئێمە بەدەر بوو لە ئیختیصاصی مەوزوعەكە، هەر لەبەر ئەوەش ئێمە بەڕاستی گفتوگۆمان لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە نەكردووە، وەكو لیژنە كە دانیشتین بەڵام لەو كاتەی كە خرایە بەرنامەی كارەوە ئاگاداركراینەوە كە ئەم پرۆژە یاسایە خراوەتە ئەستۆی ئێمەش، لەكاتێكدا ڕاپۆرتی لیژنەكانی تر حازر كرابوو، ئێمە بەتەلەفۆن قسەمان كرد لەگەڵ برادەران، تەنها ئێمە وتمان تەئیدی پرۆژە یاساكە دەكەین كە لیژنەی یاسایی كردوویەتی بەس پشتگیری بكەین، بەس لەڕاستیدا لێرە دووخاڵ زیاد كراوە ئەمە بەدەرە لە خواستی لیژنەكە، موناقەشەی (أ و ب) نەكراوەو ئیزافەش كرا، بەس بەتەلەفۆن وتوومانە ڕازین لەوەی كە لیژنەی یاسایی جێبەجێ بكرێت، ئێستاش كەهاتە سەر ئەوەی كە بەڕێز كاك شێردڵ بەناوی لیژنەی ناوخۆوە باسی لە زانكۆكان كرد كە فەرعێكیان بۆ بكرێتەوە، یان سەربەخۆ بن، لەڕاستیدا ئەمە لە دوێنێوە ئەو فكرە ئیزافە كراوە، پەیوەندی بە لیژنەی ناوخۆوە نیە، كاك شێردڵ پێم خۆشە ڕەئی شەخصی خۆی بێت، من لەگەڵ ئەوەشدام كە جیاكاری نەكرێت لەنێوان چینی مامۆستایاندا چونكە مامۆستا هەر مامۆستایە لەهەر ئاستێكی تەعلیمیدا

بێت، وه پله دروست نەکەین لەنێوان بواره زانستیەکان وئەو بوارانەی کە ئیختیصاصی و میهەنیە، بۆیە پێم وایە ئەوانیش هەر مامۆستایەو خۆیان جیا نە کردۆتەوە لە مامۆستایان، ئێستاش دەتوانن شوێن و پێگەی خۆیان بگرن بەپێی پرۆژەکە، هەروەها ئەوەندەی من ئاگاداری پەیڕەوی ناوخۆی مامۆستایانم کردنەوەی لق بۆ زانکۆکان پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆی ئێستایە کە لە کۆنگرە بڕیاری لەسەر دراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی هاوبەش، فەرموون.

**بەڕێز د.عمر حەمە امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو تایبەتمەندێتیەی کە بۆ زانکۆکان ڕەچاو بکرێت، دیارە دوێنێ چوار ئەندامی مەکتەبی سکرتارییەتی مامۆستایان لەگەڵ ئێمە کۆبوونەوەی هاوبەشمان کرد، ڕاپۆرتێکیان بەڕەسمی ناردووە، پێشنیاریان کردووە، کە خۆیان دەڵێن لەماددەی دووەمدا داواکارین ئەم بڕگەیە زیاد بکرێت، کە ڕەچاوی زانکۆکان بکرێت و بتوانن لق بکەنەوە، بەگوێرەی بەرژەوەندی گشتی و ڕەچاوکردنی ئەو تایبەتمەندێتیەی کە مامۆستایانی زانکۆ هەیانە، واتە دەرگاکە کراوە بێت ئەگەر ویستیان لق بکەنەوە، ئەمە پێشنیاری ئەوانە باسی دەکەین، من بەناوی لیژنەوە قسە ناکەم، بەس وەکو سەرۆکی لیژنە من پێم وایە، ئێمە ئەم داواکارییەی کە بەناوی سکرتارییەتی یەکێتی مامۆستایانەوە هاتووە هەڵوێستەی لەسەر بکەین، لەسەر بنەمای ئەوە نا کە ئێمە بمانەوێت تەمیزی سلبی یان جیاکاری لەنێوان مامۆستایاندا بهێنینە ئاراوە، بەڵام بەو مانایەی کە دەبینین لەڕابردوودا مامۆستایانی زانکۆ لیژنەیان پێکهێنا پرۆژە یاسایان ئامادە کرد، داوایان کرد کە خۆیان جیا بکەنەوە لە یەکێتی مامۆستایان، پرۆژەکەشیان لێرەیە، هاتنە لای سەرۆکایەتی پەرلەمان، هاتنە لای لیژنەی یاسایی و لای ئێمەش، ئێمە پێمان وتن ڕەنگە بتوانن ئەو تایبەتمەندێتیەی کە ئێوە هەتانە، دیسان دووبارەی دەکەمەوە مامۆستایان لای ئێمە جێگای ڕێزو تەقدیرن، بەڵام جۆرە خصوصیەتێکیش هەیە، بۆ نموونە خزمەتی مامۆستایانی زانکۆ بەپێی یاسای خدمەی زانکۆ یاسایەکی خاص تەنزیم کراوە، جیاوازە لەگەڵ ماف و ئیمتیازاتی مامۆستایانی تر، بۆیە ئەمە خوانەخواستە تەمیزی سلبی نیە، لەو نێوەدا لەنێوان جیابوونەوەو سەربەخۆبوونیان لەگەڵ ئەوەی کە دەمج بن و بەیەکەوە بمێننەوە، ئەوان ئێستا ڕێککەوتوون کە ئەگەر ویستیان لقی تایبەت بەخۆیان بکەنەوە، واتە ڕێگەی سێیەم هەڵبژێردراوە، کە لەم شێوەیەدا هەم بەیەکەوە دەبن هەم خصوصیەتیشیان دەپارێزرێت، واتە جیاکارییەکەی تێدا نیە، سەبارەت بەمەسەلەی یەکەی کارگێڕی ئێمە لیژنەی پەروەردەو کۆمەڵی مەدەنی پێمان باش بوو کە قەزا بکرێت بەیەکەی کارگێڕی، چونکە ڕەنگە شمولی تر بێت، ڕەنگە لەئایندەدا

ناحیەیەك هەبێت ژمارەی مامۆستایانی بگاتە (3500) مامۆستا ئەوكاتە ئەگەر بڵێین قەزا، ئەوە ڕێگا لە ناحیەكە دەگرێت، ڕەنگە یەكەی ترمان هەبێت گەورەتر بێت لە قەزا، بەڵام كەتۆ وەكو قەزا ناوی ناهێنی دیسان ئەویش ژمارەی مامۆستایانی بگات بە (3500) و دیسان ئەویش دەگرێتەوە، بۆیە یەكەی كارگێڕی شمولی ترەو هەموو ئەو یەكە ئیدارییانە دەگرێتەوە كەژمارەی مامۆستایانی لە (3500) مامۆستا زیاتر بوو دەكرێت كە لق بكاتەوە، سەبارەت بەوەی كە ئەمە لە دەقە ئەصڵیەكەدا نەهاتووە، لەڕاستیدا وەكو باسم كرد مەسەلەی یەكە كارگێڕیەكە بگۆڕدرێت بە قەزا ئەوە پێشنیاری ئێمە بوو، ئەگینا ئەگەر سەیری پرۆژەكەی یەكێتی مامۆستایان بكەین ئەوە بەنەص هاتووە، بە نەص دەڵێت لەو قەزایانەی كەژمارەی ئەندامانی لە (3500)كەمتر نیە، ئەوە یەكێكە لە بڕیارەكانی كۆنگرە، ئەوەی كە ئێمە كردوومانە قەزامان كردووە بە یەكەی كارگێڕی ئەمەش بۆ بەڕێزتان دەمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كوێستان خان، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نوقتەی نیزامیەكەی من لەسەر قسەكەی كاك عومەرە، یەكەم: ئەوە بەڵێ تەمیزە، تەمیزی ئیجابیش نیە بەڵكو سلبیە، كەواتە دەبێت مامۆستایانی سەرەتایی جیا بكەینەوە كە بڕوانامەكەیان لە بەكالۆریۆس كەمترە، بە كالۆریۆس جیا بكەینەوە، ماستەر جیا بكەینەوە، دكتۆرا جیا بكەینەوە، ئەمە یەك، نوقتەی نیزامی دووەمم ئەوەیە، ناكرێ لەسەر ڕاپۆرتێك كە دوێنێ ئەندامی یەكێتی مامۆستایان هێناویانە، ئێمە بە خیلافی یاساوە كار بكەین، كە بابەتێك لە ئەسلی پرۆژەكە نەبێ، ئەمڕۆ موناقەشەی بكەین، چونكە ئەوە خیلافی یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیەكەی ئێمە قسە لەسەر ڕاپۆرتێك دەكەین، بۆ تەعدیلی یاسای سەندیكای یەكێتی مامۆستایان كە لە كۆنگرە بڕیاری لەسەر دراوە، چوار كەسی سكرتاریەت ناتوانێ نوێنەرایەتی كۆنگرە بكات، بۆیە هەر گۆڕانكاریەك لێرە لە پەرلەمان بكرێ، ئەبێ لە یەكێتی مامۆستایان كۆنگرەی بۆ بكرێتەوە، ئەو ماددانە بگۆڕدرێتەوە، دوو، پرسیاری دووەمم لە گشتیە، ئێمە یاسای جمعیاتمان هەیە لە وەزارەتی ناوخۆ، ئەم یەكێتیانە لەسەر ئەو یاسایە دامەزراون، بۆ داهاتوو چ پێویست دەكات ئێمە ئەو یاسای ڕێكخراوانە بێتەوە ناو پەرلەمان و موناقەشەی لەسەر بكرێت، كە ئەوان بە پێی یاسای جەمعیات دامەزراون، بەپێی ئەو یاسایە ئەڕۆن، نابێ پەرلەمان لەباتی كێشە گشتیەكان ئیتر زۆر خەریك ئەبێ بە موناقەشە كردنی كۆمەڵێك یاساوە، كە بەپێی یاسای جەمعیات لە وەزارەتی ناوخۆ دامەزراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

کاك شوان کریم فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتە نیزامیەکەم لەسەر ئەو تەرحەی بەڕێز کاك عمرە، بەڕاستی یەکەم ئەوتەرحە لەئەسلی پڕۆژە تەعدیلەکەنیە، ئەوە یەکەم،دووەم، ناکرێ شتێك لە پەیڕەوی ناوخۆ..، ئێستا دوو، سێ بەڕێزیش تەئکیدیان لەوە کردەوە، ئێمە ئێستا ئەوە ئیزافە بکەین بۆ ئەو تەعدیلە، ئەوەی کە مامۆستایانی زانکۆ مافی ئەوەیان هەبێ لق بکەنەوە، دەبێ کۆنگرە بگیرێتەوە، ئەوە لە پەیڕەوی ناوخۆ ئیزافە بکرێ، ئەمە بەو قەرارەی ئێمە ناکرێ، ئێمە یەکێتی مامۆستایان ئەخەینەبەر واقعێك کە زۆر زەحمەتە بۆیان جێبەجێ بکرێ، بەو پەلەیە ئێستا کۆنگرە بگرنەوە، نزیکەی 500 و ئەوەندە ئەندام جارێکی تر کۆ بکەنەوە، لەسەر شتێك کە لێرە ئێمە ئەو هەقەمان داوە بەخۆمان، دەستکاری پەیڕەوی یەکێتی مامۆستایان بکەین، بۆیە پێموایە ئەوە یاسایی نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

د.سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د.سەرومر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو بابەتە هەست دەکەم جۆرێك بە لا ڕێدا دادەڕوات، ئێمە ئەو پڕۆژە یاسایەی کە هاتووە، پڕۆژە یاسای یەکێتی مامۆستایانی کوردستانە، ئەوان لە کۆنگرەدا بڕیاریان لێیداوە، سەبارەت بەوەی من لەگەڵ بەشێکی قسەکانی کاك دڵشاد دام، کە ئەڵێ پێویست ناکات هەرکام لە سەندیکاکان هەڵسێتەوە یاسایەکی هەبێ، بە ڕەئی من ئەوەیە ئەسڵەن ئەو یاسایانە هەر ڕەت بکرێنەوە، تەنها کار بە یاسای سەندیکاکان بکرێت، لە کاتێکدا کە یاساکە هەیە، ئێمە ناکرێ بێین موناقەشە لەسەر شتێك بکەین، کاری خودی یەکێتی مامۆستایانە، کۆنگرەیان کردووە، لە کۆنگرە بڕیاریان داوە، کە لە کۆنگرە بڕیاریان داوە لە پەیڕەوی ناوخۆ، ئێمەش بێین دەستکاری یاسایەك بکەین، لەگەڵ خودی پەیڕەوی ناوخۆی ئەوان ناکۆك بێ، بەڕاستی ئەمە هاودژیەك دروست دەبێ، لەجیاتی ئەوەی ئیش و کارەکانیان ڕێك بخەین، ئێمە کێشەیان بۆ دەنێینەوە، هەر بۆیە سەبارەت بە لقی یەکێتی مامۆستایان لە زانکۆ، مەبەستەکە لەوە دایە چۆن دەکرێ مامۆستایەکان کۆ بکرێنەوە نەوەك پەرش و بڵاو بکرێن، ئەوەی کە دوێنێ هاتون، چوار ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت وەکو کاك عمر باسی کرد، خۆتان دەزانن سکرتاریەت پێك هاتووە، سکرتاریەتێکی تەوافوقیە لە هەموو لیستەکانی تێدابووە، ڕای خودی هەموو سکرتاریەتیان پێ بووە، نەوەك ئەو چوارە تەعبیر لە هەمووی بکەن، هەموو بیرو ڕاکانی کۆنگرەیان هێناوە کە لە کۆنگرە بڕیاری لەسەر دراوە، بەو مەرجە هاتوون ئایا ئەوانە دەیانەوێ بمێننەوە لە یەکێتی مامۆستایاندا؟، یاخود دەیانەوێ دەربچن؟، مانەوەیان لە پێناو ئەوەی جۆرێك تایبەتمەندیان هەبێ، بۆیە ئەو بڕیارە دراوە، یەکێتی مامۆستایان خۆیان کاری خۆیان

باشتر دەزانن، ناکرێ منێك کە مامۆستانیم کێشەکانیان نازانم، بێم بڕیار لەسەر ئەوە بدەم، بڕیارەکانی ئەوان پێشێل بکەم، بۆیە لەگەڵ ئەوەدایین کەوا تایبەتمەندیەتەکەیان هەبێ بەو جۆرە، لقەکەیان هەبێ، گوێ لەخۆشیان بگیرێ، ئەمە دوێنێش نەهاتووە بەڕاستی، ئەمە هەفتەیەك دەبێ هاتووە، بۆ پەرلەمانی کوردستانیان ناردووە، بە نووسراوی ڕەسمی هەموو بەشی سکرتاریەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو دانە سەعاتە ئێمە هێشتا دوو ماددەمان تەواو نەکردووە، وەزعەکە وا بڕوات بە مانگێکی تریش تەواو نابێ، ئاخیر کەس فەرموو عظیمة خان.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ئیزافە کردنەی کە لەماددەی دوو هاتووە، تایبەتمەندی زانکۆکان بە گوێرەی بەرژەوەندی لقەکان، من پێموایە ڕاستە ئەوە داواکاری نوێنەرانی ئەندامانی یەکێتی مامۆستایان بووە، دوێنێ لە لیژنە، بەڵکو ئەمە ڕەزامەندی ئەندامانی لیژنەی لەسەر نیە کە کراوە بە بڕگەیەك لێرە، من بەش بەحاڵی خۆم تا ئاخیر دەقە لێرە بوومە، ڕەزامەندی ئەندامانی لیژنە لەسەر ئەو بڕگەیە نەبووە، کە ئێستا لێرە ئیزافە کراوە، داواکارم کە ئەم بڕگەیە بسڕێتەوە لە ڕاپۆرتەکە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خوشکی بەڕێزم عظیمة خان، ئەمەی دوێنێ ......

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوی کەس مەهێنە، وەڵامیش مەدەرەوە، ڕەئیەکانی خۆتان بڵێن، بێ ئەوەی ناوی کەس بهێنی و وەڵامی کەس بدەیەوە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، مەکتەبی سکرتاریەت، بە کتابی ژمارە 96لە ڕێکەوتی 2012/3/7 پاش ئەوەی کە زانیویانە ئێمە ڕاپۆرتمان نووسیوە، هەندێ دەستکاریمان کردووە، کە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆ و بڕیارەکانی کۆنگرەیە، پاش ئەوەی کە هەستیان کرد، ئەو دوو بڕگەیە بەتایبەتی کە پێچەوانەیە، ئەم کتابەیان ناردووە، داوایان کردووە لە لیژنەی پەیوەندیدار کە

ڕەچـاوی ئـەو خاڵانـە بكـەن، چـونكە هـەموومان دەزانـین كۆنگرەكـە، كۆنگرەیـەكی تـەوافوقی بـووە، هەرچیەكیش لە مەكتەبی سكرتاریەت دەربچێ، مادەم تـەوافوقی بـووە یـەعنی هـەموو لیستەكانی تیایـە، ڕەزامەندی هەموو لیستەكانی لەسەرە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

د.عمر، تكایە لە شوێنی خۆت قسە مەكە، تكایـە، تكا دەكـەم كـەس لـە شـوێنی خـۆی قسـە نـەكات، فـەرموو د.عمر، باشە فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە ئێستا بۆیە من نەم خوێندەوە، ئەگەر مولاحەزەتان كرد من نەم خوێندەوە كاتێ نەسـە عەرەبیەكـەم خوێندەوە، بەڵام برای بەڕێزم د.صباح خوێندیەوە، ئیقتیراحەكە كاك د.سەروەر كردی، ئێمـە گوتمـان كـاتێ كە دەكەوێتە گفتوگۆوە پشتگیری لە ئیقتیراحەكەی ئەو دەكەین، ئەگینا وەكو نەس مـن نـەم خوێندۆتـەوە، چـونكە لـەناو ڕاپـۆرتی لیژنەكـەمان نـەهاتووە، بـەڵام بـرای بـەڕێزم د.صـباح خوێندیـەوە، ئـەگینا بـەڵێ، نوقتەكەی خاتوو عظیمة نیزامیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د.عمر.

**بەڕێز د.عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان، سـەبارەت بـەم ئیزافەیـە، لـە ڕاسـتیدا ئەمـە لـە ڕاپـۆرتی لیژنـەی ئێمـە دا نـەهاتووە، بـەڵام دوای ئـەوەی یـەكێتی مامۆسـتایان بـە ڕەسمـی نووسـراویان ئاراسـتەی پەرلـەمان كـردووە، لەگەڵ ئێمە دانیشتن، پێشـنیاریان ئـەوە بـوو كـە بیخەینـە پـێش چـاوی بـەڕێزتان، ئـەوان پێیـان باشـە لـە چوارچێوەی كردنەوەی لق ئەگەر ویستیان مامۆستایانی زانكۆ خسوسیەتی ئەوان بپارێزێ، ئەمە ئێوە بڕیار دەدەن، بۆیە ئەمە بەڕەسمی لـەناو ڕاپـۆرتی لیژنـەی ئێمـەدا نـەهاتووە، بـەڵام ئـەوان داوایـان لـە ئێمـە كـرد بیخەینە پێش چاوی پەرلەمانی بـەڕێز، ئەمـە یـەك، دوو، سـەبارەت بـە مەسـەلەی مامۆسـتایانی زانكـۆ، لـە ڕاستیدا من سورم لەسـەر ڕەئـی خـۆم، كـە ئەگـەر لـە كردنـەوەی لقـی مامۆسـتایانی زانكـۆ، لـە چوارچـێوەی یەكێتی مامۆستایاندا، لقیان بۆ بكرێتەوە، ئەمە تەمیزی سلبی نیە، بەڵكو ڕەچاو كردنی ویسـتێكی ئەوانـە، وەكو ئاماژەمان پێدا لە ڕابردوودا ئەوان پڕۆژەیان هەبووە بۆ ئەوەی سەندیكایەكی سـەربەخۆ دابمـەزرێنن، كە هاتوونە لای ئێمە، ڕەئی ئێمە بۆ ئەوان ئەوە بووە، كـە خۆیـان جیـا نەكەنـەوە لـە یـەكێتی مامۆسـتایان،

ئێستاش ئێمە لەگەڵ جیا کردنەوەی ئەوان نین، لەچوارچێوەی یەکێتی مامۆستایان، بەلاّم ویستی مامۆستایانی زانکۆیە، ئەوان کە ئەگەر لقی تایبەتی بەخۆیان هەبێ، ئەوە بۆ خودی یەکێتی مامۆستایان دەرگاکە بە کراوەیی بهێڵدرێتەوە، خۆیان چۆنیان ویست بەم شێوەیە مومارەسەی ویست و ئیرادەی خۆیان بکەن، بە ڕەزامەندی خۆیان، تکاشم وایە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لە ڕاستیدا ئەگەر بەڕێزێك ئەندامی پەرلەمان، وەکو پەیڕەوی ناوخۆش قسەی لەسەر دەکات، ئەگەر ناوی ئەندامێکی تری پەرلەمان دەهێنێ، جەنابت بیوەستێنی ئەگەر منیش بم، چونکە هەندێ حاڵەت دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە ئیتیهامی دەوڵەتی تێدابێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، من وەها بۆی دەچم هیچ عیلاقەی بە لیژنەی ناوخۆ نەبووە، غەیری لەیەك خاڵ نەبێ، ئەویش مۆڵەتدان، مۆڵەتدان کە جەمعیات دەیدا عایدی ئێمە بێ، ئەویش ئێمە لەسەر ئەوە موناقەشەی خاڵەکانمان بەتەواوی و بە تێرو تەسەلی نەکرد، ئەویش پێش بێمە سەر مەنەسە لەگەڵ کاك اسماعیل بووم، نەدەهاتمە سەر مەنەسە، لەبەر ئەوەی تێبینیم لەسەر یاسایەکە هەیە، ئێستا لە سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایان، نوێنەری تورکمان و مەسیحی هەیە، لەوەی دەرج نەکرایە، من پێم گوت موناقەشەی دەکەم، بە کاك اسماعیلم گوت موناقەشەی دەکەم، کاك اسماعیل گوتی دەبێ تۆ بچیە سەرێ، بۆیە مولاحەزەم لەسەری هەیە، هەقم هەیە موناقەشەی لەسەر بکەم، وەکو نەتەوەی دووەم، نەتەوەی تورکمان، کە نوێنەری لە سکرتاریەت هەیە، بەهیچ شێوەیەك باسی لەسەر نەکراوە، ئەوە بوو کە بەس مۆڵەت عایدی ئێمەیە، عیلاقەی بە ناوەڕۆکی ئەوەکە عایدی ئێمە نەبوو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئێمە وەکو لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی ئاگاداری ئەو پێشنیارە تازەیە نین، بەلاّم من هیوادارم لیژنە تازەکە، وردتر بن لەوەی کە یاسایەك هەیە، کە یاسای ژمارە 18ی یەکێتی و سەندیکاو ڕێکخراوەکانە، کە پێموایە باس لەسەربەخۆیی، لە یەکێ لە بڕگەو ماددەکان باس لە سەربەخۆیی کۆنگرەو بڕیاردان لە ڕێکخراوەکان دەکات، من هیوادارم کارێکی وا بکەین وردتر بین، بۆ ئەوەی ئەو بڕگەیەی کە زیاد دەکرێ پێچەوانە نەبێ لەگەڵ ئەو یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە هەقیقەتێك هەیە بیزانین، ئەویش ئەوەیە ئەو کۆنگرەیە 124000 مامۆستا ئامادەی بووە، لە ڕێگای نوێنەرەکانیان، کە 537 نوێنەرە، ئەو بڕیارانەی کە داویانە پێویستە لێرە جێبەجێ بکرێت، ئەوەی بۆ ئێمە هاتووە بەڕاستی ئەو پڕۆژەیەیە کە ئیشمان لەسەری کردووە، بۆیە من تەئکید دەکەم پێویستە ڕێزو ئیحتیرام لە بیرو بۆچوونەکانی ئەم کۆنگرەیە بگیرێت، ڕاستە پەرلەمان مافی ئەوەی هەیە دەستکاری بڕگەکان بکات، بەو شێوەی کە خۆی دەیەوێ، بەلاّم کردنەوەی لقێك بۆ مامۆستاکانی زانکۆ، من بەڕاستی جێگای نابینمەوە لەناو ئەو پڕۆژەیە، مامۆستای زانکۆ با ئازاد بێ، ئەیەوێ بچێتە ناو ئەو یەکێتیە کە مەجالی پێدراوە، بەلاّم ئەگەر نەیەوێ هەق وەیە ئەو تایبەتمەندیە بدەینە مامۆستایانی زانکۆ، کە بتوانین سەندیکایەکی پیشەیی تایبەت بە مامۆستایانی زانکۆ لقیان بۆ بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا فەرمان فەرموو.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو کۆنگرەیەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان کە بەسترا، بەندەیەکی لەسەر لیستەکانی ئەو کۆنگرەیە، بەڕاستی تەئیدی قسەکانی ناسك خان دەکەین، لەگەڵ ئەوەی کوێستان خان، بەڕاستی ئێمە لێرە هەرچەندە بێین باس لە کۆنگرەو تەفاسیل و وردەکاری ئەو کۆنگرەیەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بکەین، بەڕاستی وەکو جەنابیشت باست کرد، سەرۆکی پەرلەمان، ئەوە کات بەفیڕۆ دانە، لەبەر ئەوەی ئەوە پەسند کراوی کۆنگرەیە، یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، بە هەموو لیستە جیایەکان، ئەنجامی گفتوگیەکی سێ مانگی سیاسی و پیشەیی لەنێوان هەموو ئەو ڕێکخراوانەی کە بەشداریان کرد لە هەڵبـژاردنی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، ئێمە توانیومانە ئەو پڕۆژە یاسایە لەبەردەستی پەرلەمانە، بەهەموار کراوی بخەینە بەردەستتان، بەڕاستی ئەوەی کاك شێروانیش تا ڕادەیەك پشتیوانی لە ڕەئیەکەی دەکەم، لەبەر ئەوەی ئەوە ئیرادەی ئەو ژمارە مامۆستایانەیە کە ئامادەی کۆنگرە بووینە، بە نوێنەرایەتی 120 هەزار مامۆستا هاتوونە کۆنگرە، جا بەڕاستی ئێمە لەگەڵ کردنەوەی لقێکی تایبەتی بە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بۆ مامۆستایانی زانکۆ نین، لەبەر ئەوەی خۆیان داوایان نەکردووە، ئەی خۆیان لە کۆنگرە بۆ داوایان نەکرد؟ ئەو هەموو مامۆستایانەی زانکۆ لەوێ بوون، لە کۆنگرە داوایان بکردایە، بیان گوتبا ئێمە دەمانەوێ لقێکی تایبەت بۆخۆمان دابمەزرێنین، لە کۆنگرە بیان خستبا دەنگدان، ئایا دەنگ بدەین بە دامەزراندن یاخود نا؟، نەیان خستۆتە دەنگدان، ئێستا ئێمە لەگەڵ تایبەتمەندیەکەینە، لەگەڵ قسەکەی

بەشی دووەمی كاك شێروانیشم، ئەگەر بێتو ئەوان تایبەتمەندی خۆیان بكەن، وەكو سەندیكایەك، بەپێی ئەو ڕێنماییەی بە دامەزراندنی سەندیكایەكان دابمەزرێ شتێكی زۆر ئاساییە، بەڵام ئێستا ئێمە لێرە ئەوان خۆیان داوایان نەكردووە، بێیین یاسایەكە دەستكاری بكەین، پڕۆژە یاسایەكەی ئەوان یان هەموارەكە دەستكاری بكەین، جێگایان بۆ بكەینەوە، بۆخۆمان ئێستا تەبریرو بیانوویان بۆ دەبینینەوە، بابێین ماموستایانی زانكۆ بەڕاستی لقێكیان بۆ بكەینەوە، دوێنێش بەڕاستی ئەوان ئەو پڕۆژەیان هێناوە، كە دەیانەوێ لقێكی سەربەخۆ بكەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشترین ئیشكالێكی یاسایی و پرسیارێكم بۆ دروست بوو، بەڕاستی ویستم ئیسارەی بكەم، كاك خلیل جوان ئیسارەی كرد، خۆی لە ڕێكخراوی كۆمەڵگەی مەدەنیشە، باسی لەوە كرد، ئێمە بەپێی ئەو یاسای ژمارە 18 یە هەموو ڕێكخراوێك و هەموو چین و توێژێك، من تەئیدی قسەكەی ئەكەم بەڕاستی، زۆر قسەیەكی علمی و یاسایی بوو بەڕاستی، كە هەموو چین و توێژێك و هەموو شەریحەیەك بۆی هەیە سەندیكاو نەقابە پێك بێنێت، ئایا پەیڕەو پرۆگرامەكەیان دێنن بۆ پەرلەمان بۆ ماسادەقە ؟، نەخێر، ئەمەی یەكێتی ماموستایان لەبەر زروفێكی سیاسی و حاڵەتێكی تایبەتیە، كە هەمووومان ئەزانین، جاری داواكارم ئەم حاڵەتە موعالەجە بكرێ، بۆ ئەوەی ئەوانیش ئازاد بن، جارێكی تر كە كۆنگرەیان كرد، من پێموایە ئەگەر جەنابت ئاگاداری تەفاسیلی كارەكانی ناوكۆنگرەی یەكێتی ماموستایان بكەی، كە زۆربەی زۆری ماموستایان موقاتەعەیان كردووە، ئێستا لە واقعی یەكێتی ماموستایان بپرسە لە لقەكانی یەكێتی ماموستایانی كوردستان، ماموستایانی زانكۆ و مەعاهد تەعامولیان ناكەن، چونكە وەكو وتم سروشتی كارەكانیان جیاوازە، مەشاكیلیان مەعاناتیان جیاوازە، لەبەر ئەوە پێموایە ئەم خاڵە لێرە، دەرج نەكرێ، بۆ دامەزرێنەرانی یەكێتی ماموستایان بگەڕێینەوە بۆخۆیان، خۆیان ئەگەر داوایان كردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخیر كەس كاك شڤان فەرموو، دوایی دێینە لیژنەی قانونی و كۆتایی بەم ماددەیەش دێنین، فەرموو كاك شڤان.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پـێش ئێستاكە كـە قسـەم كـرد،  ئـەو دەقەیـەم لەبەردەست نـەبوو، ئەگەرچـی لـە خـودی ئـەوە نـەهاتبوو، پرۆژەی هەموار كردنی یەكێتی مامۆستایان، بەلاَم ئەگەرچی پەرلەمان هەقی موتلەقی هەیە بۆ دەستكاری كردنی هەر برگەیـەك، مـن رێـز لـە ئـیرادەی $124$هـەزار كـەس دەگـرم، ئەگەرچـی لەئەوەكـەش نـەهاتبێت، هەقی پەرلەمانە بتوانێت ئیزافـەی بكات، ئـەوە بـۆ ئەنـدامانی پەرلـەمان دەمێنێـت، سـەحبی قسـەی خـۆم دەكەم كە دژی ئەوە بووم، سەحبی دەكەمەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەقسەكان دوو شەق هەیە، هەست دەكەم تـەناقوزێكی زۆر زۆر گەورەی تیایـە، یەكـەم پشـتگیری لـە بـوونی سـەندیكایەكی سـەربەخۆ دەكـەن بـۆ مامۆسـتایانی زانكـۆ، بـەلاَم ڕازی نـین لقێـك لـەناو یاسـایەكە بـۆ مامۆستایانی زانكۆ بكرێتەوە، لێرەیا جۆرێك لە تەناقوز هەیە لە قسەكان، من بۆیـە جارێكی تـر دووبـارەی دەكەمەوە، ئەمە داواكاری یەكێتی مامۆستایان خودی خۆیەتی، كە لە $3/7$ وە هاتۆتـە لیژنـەی پـەروەردەو خوێندنی بالاَوە، ئەوان بەپێی موقتەزەیاتی كارەكـانی خۆیـان پێیـان باشـە كـە ئێمـە ئـا ئـەم نەسـە ئیزافـە بكەین، بۆ ڕێكخستنی كاروبارەكانیـان، خـۆ ئەگـەر ئێمـە بڕیارێكمانـدا لەمـەودوا هـیچ كـام لـە سـەندیكاكان یاساكانیان لەناو پەرلەمان مامەڵەی لەگەڵدا نەكرێ، یاخود ئیلغا بكرێتـەوە، خۆیـان ئـازاد بكـەین بۆخۆیـان پەیڕەوی ناوخۆ بۆخۆیان دابنێین، ئەوە قسەیەكی تـرە، ئـەمڕۆ بابـەتی گفتوگـۆ كردنەكـەمان نیـە، بابـەتی گفتوگۆی ئیمڕۆ لەسەر یەك شتە، ئێمە لـەكاتێك ئـەوان نەسـەكەیان كـە نـاردووە، تەعدیلەكـەیان نـاردووە، ئەوبابەتەیان داوا نەكردووە، لیژنەی پەروەردە ڕاپۆرتی كەنووسیوە، ئەو بابەتەی داوا نەكردووە، بەلاَم لەو كیتابـەی كـە ناردوویانـە بـە ڕێـز بـۆ لیژنەكـە هـەمووی، كـە بـۆ یـەك كەسـیان نـەناردووە، نووسـیویانە بـۆ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان، لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالاَو توێژینەوەی زانستی، بابەت تێبینـی، بۆ هەموومانیان ناردووە، بەڕێز د.سەروەر هەسـتاوە ئیقتیراحـی كـردووە، بۆیـە داوا دەكـەم ئێمـە ڕێـز لـەو یەكێتیانە بگرین، بەڕاستی لـە داواكاریـەكانیان، یـەعنی نـاكرێ ئـەوان خۆیـان لـە كارەكـەیان ئێمـە لێـرەوە بڕیاریـان بـۆ بـدەین، چـی باشـە بـۆ ئـەوان و چـی بـاش نیـە بـۆ ئـەوان، بـا هـیچ نـەبێ بـە دەری بكـەین لـە مەسائیلی سیاسی و بەدەر لەوەی كە ئێمە نە لێكۆڵینەوە كراوە لەسەر ئەم مەسەلەیە، نە پرسیارێك كراوە، بەڵكو هانا براوە بۆ لیژنەی موختەس كە ئەم بابەتە تەرح بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخیر کەس د.ڕۆژان لە ڕووی قانونیەوە ئەو ماددەیە دادەخرێت، فەرموو د.ڕۆژان.

**بەڕێز ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت یەکێتی مامۆستایان وەکو چەترێك هەموو مامۆستایان تێدا کۆ دەبنەوە، لەژێر ئەو چەترە بۆ ئامانجێك کە لە یاساکەیان هاتووە، هەوڵ دەدەن ئەو ئامانجانە بەدی بهێنن، ئێمە ئەگەر لە حاڵەتێك کە پێشنیار کراوە، ڕێگە دراوە 3500 مامۆستا بۆیان هەبێ؟ لقێك دابمەزرێنن، ئێمە ڕێگە بدەین بە مامۆستایانی زانکۆ لقێکیان هەبێ، بەشێك بێت لە سەندیکاکە، باشتر نیە لەوەی کە سەندیکایەکی سەربەخۆیان هەبێ، بۆ موراعاتی خسوسیەتی خۆیان، لقێك بن، بەشێك بن لە سەندیکا، نەوەك سەندیکایەکی سەربەخۆ، ئەویش لەبەر خسوسیەتی خۆیانە، ژمارەیەکی زۆری مامۆستایانی زانکۆمان هەیە، کە ئێمە ئەو پێشنیارەی ئێستا دیراسە دەکەین، لەهەر قەزایەك، لەهەر پارێزگایەك، ژمارەیان 3500 مامۆستا زیاتر بوو، بۆیان هەیە لق دابمەزرێنن، بەهەمان پێوەر لەسەر مامۆستایانی زانکۆ تەتبیق بکەین، ڕێگەیان پێ بدەین، جیاوازی بن، ئیلزامی بەزۆر نەبێ، ئەگەر ئارەزوویان کرد لقێکی وەکو بەشێك لە سەندیکاکە ڕێگەیان پێ بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەی سێ.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە پڕۆژە یاسایەکە پێشنیار کراوە، هەموار کردنی دوو بڕگەیە لەماددەی سێیەم، جگە لە زیاد کردنی دوو بڕگە، هەموار کردنەکە بەو شێوەیەیە:

بڕگەی (ج) لە ئەسلی ماددە (5) هەموار بکرێ، ئەسلی ماددەکە بەو شێوەیە بێ:

(معلموا ثورة ايلول التحررية اعضاء فخريين)

باس لە ئەندامی سەندیکا دەکات، یەکێتیەکە دەکات، پێشنیاریان کردووە کە بەو شێوەیە هەموار بکرێت:

معلموا الحركة التحررية الكوردستانية اعضاء فخريين)

جگە لەوەی داوای هەموار کردنی بڕگەی (د) کردووە، بەو شێوەیە هەموار بکرێ،

(المتقاعدون من اعضاء الهيئات التعليمية و التدريسية الراغبون بالانتماء الى الاتحاد بطلب تحريري).

داوای زیاد کردنی دوو بڕگەیان لەماددەکە کردووە، ئەوەی ئێمە لە لیژنەی یاسایی تێبینیمان لەسەری هەیە، پێشەکی ماددەکەیە، کە ئەسلی قانوکە دەڵێ (يعتبر اعضاء في الاتحاد) بەشێك لە ئەندامان پێشنیاری ئەوەیان کرد کە ئەو سیاغەتە سیفەی ئیلزامی تێدایەو ناکرێ پێچەوانەی دەستوورە، ئەندامێتی لەسەر بنەمای ئارەزووی کەسەکە بێ، بۆیە ئێمە پێشنیارمان بەم شێوەیە کردووە، کە پێشەکی ماددەکە

دابڕێژرێتەوە، پێشەکی مادده سێیەکە، ئەوانەی مافی ئەندامێتیان لە یەکێتیەکەدا هەیە بەپێی ئارەزوویان، یەعنی ئەندامێتی ئارەزومەندانەبێ، بەس لە پێشەکی ماددەکەو سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

ماددەی پێنجەمی یاسایەکە بەم شێوەیە هەموار دەکرێت، بە ئەندامی یەکێتی هەژمار دەکرێت:

1-هەموو مامۆستایانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەو وانە بێژانی قوتابخانەو زانکۆ و پەیمانگا حکومیەکان و تایبەتەکان، بە مامۆستا شەهیدەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان-عیراق وەك ئەندامی فەخری.

ج-مامۆستایانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان وئەندامی فەخری.

د-خانەنشینانی ئەندام لە دەستەی فێرکاری وانەبێژیەکان خوازیارن ببنە ئەندامی یەکێتی بە داواکاریەکی نووسراو.

هـ-مامۆستایان و وانەبێژان و سەرپەرشتیارانی سەر بە فەرمانگەی پەروەردەیی و فێرکاریەکان.

و-ئەندامانی دەستەی فێرکاری و وانەبێژیەکان کە میلاکن لەدەستەو دامەزراوە فەرمیەکان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە عەرەبیەکەی.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

تعدل المادة الخامسة من القانون و تقرأ كالاتي:

يعتبر اعضاء في الاتحاد:

ا-جميع المعلمين من منتسبي وزارة التربية و التدريسيين في المدارس و الجامعات و المعاهد الحكومية و الخاصة.

ب-المعلمون من شهداء الحركة التحررية لكوردستان - العراق اعضاء فخريين .

ج-معلموا الحركة التحررية الكوردستانية اعضاء فخريين.

د- المتقاعدون من اعضاء الهيئات التعليمية والتدريسية الراغبون في الانتماء الى الاتحاد بطلب تحريري.

ه-المعلمون و المدرسون و المشرفون المنتسبون في الدوائر التربوية والتعليمية .

و-المعلمون والمدرسون في الهيئات التعليمية والتدريسية على ميلاك الوزارات والهيئات والمؤسسات الرسمية.

لە نەسی ئەسلیەکەش کە هاتووە، یاساکە کە پێشکەش کراوە، هەموو ئەو داواکاریانەی تیایە، بەس ئێمە ڕێکمان خستۆتەوە بە تەسەلسول.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ دەیەوێ قسە بکات، فەرموو با ناوی بنووسین، سیوەیل عثمان، کاوە محمدامین، شوان کابان، شڤان احمد، جمال طاهر، عبدالقادر بازرگان، د.احمد وەرتی، ئەم خوشك و برا بەڕێزانە ناویان نووسراوە، فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە، موقەدیمەکەی، پێشەکیەکەی نووسراوە، من هاوڕام لەگەڵ لیژنەی یاسایی، نووسراوە (لهولاء حق العضوية في الاتحاد بناءأ على رغبتهم) ئەوەم پێ باشترە سیاغەتەکەی، بەنیسبەت پڕۆژە یاسا ئەسلەکەی کە هاتووە، بڕگەی (ج) مامۆستایانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، ئەندامی شانازن، وابزانم بنووسرێ ئەندامی فەخرینە باشترە، نەوەك ئەندامی شانازن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەو ماددەیە کە ماددەی پێنجە لە ئەسلی یاسایەکە، ماددەی سێیەم، فەقەرە (أ) هەموو مامۆستایانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە و وانە بێژانی فوتابخانەو پەیمانگا حکومی و تایبەتیەکان، من ئەڵێم تایبەتەیەکان، تێبینیم هەیە، چونکە پەیمانگاو زانکۆی حکومی هەیە و خۆیان تایبەتن، ئەگەر بکرێت بە ئەهلی یاخود کەرتی تایبەت هێشتا ئەوە وازحتر دەبێ، چونکە مەسەلەن بۆ نموونە، زانکۆی کوردستان سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە حکومیشە تایبەتمەندی هەیەو تایبەتیە، هەندێ خوێندنگەی تر هەیە، نموونەیینە تایبەتمەندێتی هەیە، بەلاّم ئەگەر بڵێی ئەهلیەکان وازحتر دەبێ، هەر لە بڕگەی (و) کە لیژنەی دەستەی دامەزراوە فەرمیەکان، ئەهلیەکان، یەعنی ئەوەی ئەهلی بێ، هەندێ خوێندنگەی حکومی هەیە تایبەتمەندێتی دراوەتێ، بەلاّم ئەگەر بڵێی ئەهلیەکان، زانکۆی جیهان ئەهلیە، تایبەتیش نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەیە لەسەر ماددەکە، بۆ ئەوەی ئەو ئیلتیباسە نەمێنێ بەوەی کە پێشتریش زۆر لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئاماژەیان پێیدا، کە بوون بە ئەندام ئارەزوو مەندانەیە،ئەمە کە ئەڵێن بە ئەندامی یەکێتی ئەژمار دەکرێت،ئەوە لەوە ئەچێ وا هەست دەکەی کە یەکێ بیبینێ پێی وایە هەموو کەسێك ئەبێ ببێ بە ئەندام لەوێ لە یەکێتیەکە کە مامۆستا بێ،ئەو تەعدیلەی لیژنەی قانونی تەعدیلێکی ڕاستە، پێویستە ئەو ئارەزوومەندانەی تیا دیاری بکرێت، سیاغە بکرێتەوە لە ئەخیری (أ-د-هـ-و) هەموو بەیەکەوە دەتوانن ببنە ئەندام، لە کوردیەکەی بخرێتە کۆتایی ڕستەکەوە، تێبینی دووەمم، ئەندامی فیعلی لەگەڵ ئەندامی فەخری، ئەرك و مافەکانیان جیاوازە بەڕاستی، لەبەر ئەوە دەبێ ئەمە جیا بکرێتەوە، دەبێ بکرێت بە 1-مامۆستایانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەو، ئەوەی کە وتم دەتوانن ببنە ئەندام، 2-مامۆستا شەهیدەکانی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان، مامۆستایانی بزووتنەوەی ڕزگاریخواز، وەك ئەندامی فەخری ئەژمار دەکرێن، یەعنی ئەبێ ئەم دووانە جیا بکرێتەوە لەیەکەوە، بۆئەوەی تێکەڵ نەکرێت لەبەینی ئەندامی فعلی و ئەندامی فەخری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شڤان فەرمووو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ لیژنەی یاسایی ئەو سیغەی کە تەعدیل کراوە، بەو شێوەیەی کە (بناء على رغبتهم) شتێکی زۆر بەجێیە، چونکە شتێکی ئیختیاری و تایبەتیە، من دەمەوێ لە بڕگەی (هـ-و) بکرێتە یەك بڕگە، (المشرفون) هەڵبگرین، لەسەر ئەساسی موشریف بوون ئەوە ناکات بۆ سەندیکاکە، وەکو موعەلیمێك، مودەریسێك ئیدمان دەکاتن، لە تەعریفەکەش نەهاتووە، باسی موشریفی نەکردووە، جیا بکرێتەوە مودەریس و موعەلیمین، بۆیە من دەبینم موشریفون زیادە، بۆ ئەوەی ئەو دوو بڕگەیە ببێتە یەك، (المعلمون والمدرسون المنتسبون في الدوائر التربوية والتعليمية وفي الهيئات التعليمية والتدريسية على من) ئەو بڕگەیە باشتر دەردەچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال طاهر فەرمووو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێین سەیری ئەو ماددەیە بکەین، داڕشتنی لەسەر پێشنیاری لیژنەی هاوبەش، دەبینین تۆزێك تێکەڵاوی بووە، بۆیە من پێشنیار دەکەم، بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، ئەوەلەن موقەدیمە(الانتماء يعتبر الاعضاء في الاتحاد) بڵێین (الانتماء للاتحاد حق اختياري ويشمل) ئەمە یەك، خاڵی (هـ-و) ئەگەر بێین و بخوێنینەوە، ئیلتیباسێك هەیە (المعلمون والمدرسون والمشرفون المنتسبون في الدوائر التربوية والتعليمية)

پاشان دەڵێت (المعلمون والمدرسون فى الدوائر التعليميه والتدريسيه) هيئات و دەوائيرى تەعليمى تۆزێك ناكۆكيەك ديارى دەكات، من پێشنيار دەكەم خاڵى(و-هـ) لابدرێت، لەگەڵ خاڵى (أ) دەمج بكرێت، بڵێين (أ- جميع المعلمين من منتسبي وزارة التربية والوزارات الاخرى والتدريسين في المدارس والجامعات والمعاهد الحكومية والخاصة في الاقليم) ئەوەى لە (و) هاتووە هەمووى دەگرێت، پاشان (ب) (المعلمون من شهداء الحركة التحررية لكوردستان - العراق اعضاء فخرين معلموا حركة التحررية الكوردستانية شهداء) پاشان (د- ) يكون من المشمولين بالفقرتين أ و ج، ئەگەر هات و ئەو تەعديلە كرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكى پەرلەمان:**

كاك عبدالقادر بازرگان فەرموو.

**بەڕێز عبدالقادر اكرام بازرگان:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

خۆم ئێستا تێبينيم هەيە لەسەر ئەصڵى ماددەى سێ، كە يەعنى بە صەراحەت عيبارەكەى زەعيفە، ئەو عيبارەيە پێى ناكرێ، يەعنى حيمايەى ئەو شتە بكات، كە يەعنى ئەويش ئەوهايە: (اتحاد منظمة مهنية مستقلة تتمتع بالشخصية المعنوية ولها الحق في تملك الاموال المنقولة والغير منقولة)، خۆم داوا دەكەم، بە نيسبەت ئەصڵى، يەعنى هەندێك تەعديلاتى تێدا بكرێ، هەتا بۆ ئەوەى يەكێتى مامۆستايان بتوانێ حيمايەى خۆى بكات، يەعنى مەسەلەن ئەويش ئەوهايە: (اتحاد معلمي كوردستان: منظمة مستقلة تتمتع بالشخصية الاعتيادية والاستقلال المالي والاداري ولها الحق في تملك الاموال المنقولة وغير المنقولة اللازمة لتحقيق غاياتها واهدافها والتصرف بها).

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكى پەرلەمان:**

كاكە ئەوە ماددەيەكى ترە، ئەوە ئەو نييە.

**بەڕێز عبدالقادر اكرام بازرگان:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئەوڕۆكە هەتا كاك عبدالسلاميش ئەوەى وت، ئێمە هەڵدەستين ماددەيەك تەعديل دەكەين بە ئەوەيەكى تر، يەعنى هەر ئەوەمان پێ هێناوە، كۆتاييمان پێ هێناوە، و تەقريبەن هەموو لێژنەكانمان تەقريبەن فەترەيەكە ئەو ئيشە ئەكرێ، يەعنى تەعديلى شتێك دەكرێ بە ماددەيەكى تر، هەر ئەوەندە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكى پەرلەمان:**

پێشنيارەكەت بياندەيى، تكايە ئەوەى پێشنيارى هەيە بينێرێ بۆ لێژنەكان، كاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم على(وەرتێ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە داڕشتنەوەی پێشەکی ماددەکە، پشتگیری لە ڕایەکەی لیژنەی یاسایی دەکەم، چونکە وەکو لە پێشتریش باسمان کرد، بۆ ئەوەی کە ئەندامییەتی لە یەکێتیەکەدا بێتە ئارەزوومەندانە و بە شێوەیەکی ئیختیاری بێت، پێویستی بەو داڕشتنەوەیە هەیە، وەکو کاك شوان کەریم کابانایش ئاماژەی پێدا تێکەڵیەك هەیە لە نێوانی، ئەگەر بڵێین بە ئارەزوومەندانە دەبن بە ئەندام لەو یەکێتیە، هەتا (ا و ب و ج و د و ه و و) ، لێرەدا شەهیدەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان کە لە فەقەرەی (ب)یە، ئەمە ناتوانێ راستە و خۆ ئارەزوومەندانە ببێت بە ئەندام، لەبەر ئەوە پێم باشە لێرە ببێت بە دوو فەقەرە، یەکەم: هەموو فەقەرەکان لە خۆ بگرێت، یەعنی ببێت بە دوو بڕگە، ئەندام بوون لە یەکێتیەکەدا ئارەزومەندانەیە، یەعنی ئارەزوومەندانە دەبن بە ئەندام، یەکەم، هەموو فەقەرەکان جگە لە ب لە خۆ بگرێت، دووەم با بە جیا لە خۆ بگرێ کە ئەوانە بە شێوەی فەخری دەبن بە ئەندام، یەعنی جیا بکرێنەوە، چونکە ئەوانە شەهیدن خۆی ناتوانێ بێ خۆی ببێت بە ئەندام، لەبەر ئەوە ئەبێ ئۆتۆماتیکی لێرە بکرێ بە ئەندام، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە موقەدیمەی ماددەکە صیاغە بکرێتەوە کە مەسەلەکە، مەسەلەی ئەندامییەتی بە وازیحی پێبدات کە روون بێ کە ئارەزوومەندانەیە، ئەمە پێمان باشە، مەسەلەی ئەهلی، تایبەتی، لە راستیدا مەسەلەی تایبەتی ئێمە پرۆژە یاسایەکی تر هەیە کە لەوێ تەعریفی ئەو زانکۆ یان ئەو قوتابخانانە کراوە کە کێ تایبەتە، ئەگەر بشیین قسە لەسەر مەفهومی تایبەت و ئەهلی بکەین، دیسان ئەمە راماندەکێشی بۆ پرسێکی تر، سەبارەت بە زانکۆکانی، زانکۆی تریش هەیە کە مەسەلەن تەبیعەتی زانکۆی کوردستانی هەیە لە کوردستان، بەڵام زانکۆی کوردستان لەناو یاسادا ئیتر دەقی پێ هاتووە و تەبیعەتە قانونیەکەی گونجێندراوە، بەهەر حاڵ، ئێمە پێمان وابووە کە مەسەلەی تایبەت کە دەڵێن تایبەت، هەموو ئەو قوتابخانە و زانکۆیانە دەگرێتەوە کە لە لایەن کەرتی تایبەتەوە کراونەتەوە و ئیدارەیان دەدرێ، زیاتر مەبەستەکەمان ئەوەیە، ئەگەر بشزانین مەسەلەی ئیزافەکردنی وشەی ئەهلی خزمەت بەوە دەکات کە روونتر بێتەوە، ئاساییە، مەسەلەی دەمجکردنەکە بەڕێزان ئەگەر سەیری بکەن بۆ ئەو دەقەی کە ئێمە هێناومانە، یەکەمیان باس لە هەموو ئەو مامۆستایانە دەکات کە لە لایەن حکومەتەوە تەعین دەکرێن و لە قوتابخانە و زانکۆ حکومیەکاندا وانە دەڵێنەوە، دەتوانن ببن بە مامۆستا، جۆری دووەمی مامۆستای شەهیدە، سێیەمیان مامۆستای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانە، واتە تەصنیفەکە لەسەر ئەو ئەساسە بووە، هی (د) ئەوانەن کە خانەنیشن بوون، دەتوانن ببن بە ئەندام ئەگەر بۆخۆیان بیانەوێ وەکو باس کرا

ئیختیاریـه، فەقـەرە (هـ) مامۆسـتایان و وانەبێـژانی سەرپەرشـتیار سـەر بـە فەرمانگـە پـەروەردەیی و فێرکاریەکان، ئەمە مەبەست لەو مامۆستایانەیە، مەبەست لەو سەرپەرشتیارانەیە کە ئەوان ئێستا لە یەکێك لە فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە یان موئەسەساتی تری پەروەردە، ئەوان فەرمانبەرن، مەسەلەن ئێستا مودیر عامە، پێشتر مامۆستا بوو و سەرپەرشتیار بووە، ئێستا مودیر عامە، ئێستا رەئیس بەشێکی ترە، ئەوانیش بەو شێوەیە جیاکراونەوە، فەقەرە (و)یش تایبەتە بە هەموو ئەو مامۆستایانەی کە جگە لە وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا، موئەسەساتی تر بۆ نموونە مەسەلەن پەیمانگای دادوەریمان دەبێ لێرە بە دواوە، یان مەسەلەن کۆلیژی پۆلیسمان هەیە، مامۆستای هەیە، ئەوە تایبەتە بەوەی کە ئەوانەش دەبێت ببن بە ئەندام، لەگەڵ ئەوەشدا بۆچوونەکانی بەڕێزتان بە هەند وەردەگرین لە صیاغەدا تا ئەو حەدەی مومکین بێ، هەوڵ ئەدەین پوختی بکەینەوە و دەمجی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی ناوەخۆ تێبینیتان هەیە؟.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری دەکەم لە راپۆرتەکە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك خەلیل؟

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ تێبینیمان نییە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی ئاخیر رەئی خۆتان.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لە ڕاو بۆچوونەکانی لێژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەکەین، بەڵام ئەگەر کرا دەمجی هەندێ برگە بکرێ بە شێوەیەك کە ئەوانەی کە دوو جار ناویان هاتووتەوە و لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردەنە، یەکجار باس بکرێن و بە یەك خاڵ، ئەوە شتێکی باشە و تەئکید لەوە بکرێتەوە لە پێشەکی ماددەکە یاخود برگەیەکی سەربەخۆ بیت کەوا مەبەست ئەندامییەتی لەسەر بنەمای ئارەزوومەندییە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بچنە ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم:

ئەوەی لە ئەصڵی پرۆژەکە هاتووە، زیادکردنی بڕگەیەك لەسەر ماددەی شەشەم، ماددەی شەش باس لەوە دەکات کە یەکێتی لە چ پێکدێ، لە دەستەی گشتی و ئەنجومەن و مەکتەبی سکرتاریەت و لە پرۆژەکەدا هاتووە بڕگەیەك زیادبکرێ، ڕێزبەندی بڕگەی (ز) بۆ بڕگەکە، هەر چەندە دەبێ (ز) بکرێت بە (6)، چونکە ئەصڵی ماددەی 6 لە پێنج فەقەرە پێك دێت، ئەوە دەبێتە بڕگەی شەشەم، نوێنەری یەکێتی لە قوتابخانە یاخود دام و دەزگا پەروەردییەکان زیاد بکرێ و بکرێتە ئەندام لە یەکێتیەکە، ئێمەش پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەین، جگە لەوەی پێشنیاری ئەوە دەکەین کە لە خاڵی یەکەمی ماددەی شەشەم، وشەی کۆنگرەش زیاد بکرێ کە دەستەی گشتی و کۆنگرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

یەکەم: بڕگەی یەك لە ماددەی شەشەم بەو شێوەیە هەموار دەکرێ، دەستەی گشتی و کۆنگرە.

دووەم:بڕگەیەك بۆ ماددەی شەشەم زیاد دەکرێ و دەبێتە ژمارە (6) و بەو شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

نوێنەری یەکێتی لە قوتابخانە یان دامەزراوەی پەروەردەیی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیەکەی.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

اولآ: تعدل الفقرة (1) من المادة السادسة و تكون كالاتي:

الهيئة العامة و المؤتمر.

ثانيأ: تضاف فقرة الى المادة السادسةو تكون فقرة (6) و تكون كالآتي:

ممثل الاتحاد في المدرسة او المؤسسة التربوية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە. یەك کەس، سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو ماددەیە هاوڕام لەگەڵ لیژنەی پەروەردە، کە کۆنگرەی بۆ زیاد بکرێ، دەستەی گشتی و کۆنگرە، خاڵی (ز) ببێتە (6)، لەبەر ئەوەی لە ماددەکە شەشەمە، نوێنەری یەکێتیش لە یەکیتی فوتابخانە و دەزگا پەروەردییەکان زیاد بکرێ و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جەمال فەرمووو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە باسی المؤسسة التربوية دەکات، ئایا جامیعە و مەعاهد لێرە باس دەکرێت یان نا؟، بۆیە من پێشنیار دەکەم بڵێین: ممثل الاتحاد في المدرسة او المؤسسة التربوية والجامعات و المعاهد الحكومية و الخاصة، هەتا یەك بگرن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش؟

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە ڕێك ئەوەی کە لە ماددەکەدا هاتووە، بیر و بۆچوونی یەکێتی مامۆستایان خۆیەتی، ئێمە سەبارەت بە مەسەلەی کۆنگرە ئەوە زیادکراوە و پشتیوانی لە بۆچوونەکەی خۆمان دەکەین، سەبارەت بە مەسەلەی نوێنەری یەکێتی لە فوتابخانە یان دەزگای پەروەردەیی، ئەو بۆچوونەی برای بەڕێزم کاك جەمال لە ڕاستیدا، ئەگەر ئێمە گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە ئەوان خصوصیەتیان بپارێزدرێ، ئەوە دەنگیان لەسەر درا و پێویستە ئەوەش ئیزافە بکرێ ئەوەی کە جەنابت باسی دەکەی، ئەگەر پەرلەمانی بەڕێز بڕیاری لەسەر ئەوە دا کە زانکۆکانیش لقیان هەبێ، یان لە چوارچێوەی یەکێتی مامۆستایان بمێننەوە، پێویستە ئەو ئیزافەی کە جەنابت پێشنیارت کردووە، بمینێتەوە، بەڵام ئەگەر نەبێ ئەوە حاڵەتێکی ترە، ببوورە مەبەستم لە دەزگای پەروەردەیی لەگەڵ فوتابخانە، ڕەنگە بپرسێت بۆ دووبارە کراوەتەوە؟، فوتابخانە وازیحە، دەزگای پەروەردەییش مەسەلەن بۆ نموونە باخچەی ساوایان هەیە، ڕەنگە یەکێك لەو دەزگا پەروەردییانە بن کە لە داهاتوودا یەکێتی مامۆستایان پێویستی بە نوێنەر هەبێ لەوێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کۆمەڵی مەدەنی؟، ناوەخۆ؟.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لە هەردوو پێشنیار دەکەین سەبارەت بە هەموارکردنی هەردوو بڕگەی یەکەم و زیادکردنی وشەی موئتەمەر بۆ بڕگەکە و زیادکرنی بڕگەك بە ڕێزبەندی بڕگەی شەشەم بۆ ماددەکە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێزد.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم:

یەکەم: بڕگەی (أ) لە ماددەی حەوتەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەو شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

دەستەی گشتی لە هەموو ئەو ئەندامانەی یەکێتی پێك دێت کە پابەندی خۆیان بە بڕگەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ کردووە، بە بەرزترین دەسەڵات تێدا دادەنرێت و هەموو چوار ساڵ جارێك لە بنکەی یەکێتی بە مەبەستی گرێدانی کۆنگرەی گشتی کۆ دەبێتەوە، لە ڕێگەی نوێنەرانیەوە بە ڕێژەیەك کە ئەنجومەنی تەنفیزی دیاری دەکات بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی یەکێتی و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت کە ژمارەیان دەگاتە 15 ئەندامی سەرەکی و چوار ئەندامی یەدەگ، نیصابیش بە دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامان تەواو دەبێ، ئەگەر نیصاب تەواو نەبوو، هەڵبژاردن دوای تێپەڕینی 15 رۆژ لە کۆبوونەوەی یەکەم لە هەمان کات و شوێن بەڕێوە دەچێ، نیصاب بە تەواو بوون دادەنرێت، ژمارەی نوێنەرانی ئامادە بوو بگاتە هەر چەند.

دووەم: بڕگەی (ب) لە ماددەی حەوتەم هەموار دەکرێ و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

سەرۆکی یەکێتی و ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزی و مەکتەبی سکرتاریەت و سەرۆکی لقەکان، ئەندامانی کۆنگرە دەبن و ئەنجومەنی تەنفیزی بۆی هەیە چەند ژمارەیەك لە مامۆستایانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و کەسایەتیە پەروەردەییەکانی هەرێم وەکو ئەندامی کۆنگرە زیادو ئەو مەرجانەی پێویستن بۆ ئەو کارە پەسند بکات، بە مەرجێك کە لە 15 نوێنەر پتر نەبن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

عەرەبیش بخوێننەوە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة:

اولآ: تعدل الفقرة (أ) من المادة السابعة من القانون و تكون كالاتي:

**تتألف الهيئة العامة من جميع اعضاء الاتحاد الذين اوفوا بالتزاماتهم بموجب احكام هذا القانون و تعتبر اعلى سلطة فيه و تجتمع في مركز الاتحاد كل اربع سنوات مرة واحدة لعقد المؤتمر العام عن طريق المندوبين بنسبة يحددها المجلس التنفيذي لانتخاب رئيس الاتحاد و اعضاء مكتب السكرتارية البالغ عددها 15 عضواً اصليا، و اربعة اعضاء احتياط، و يتم النصاب بحضور ثلثي عدد المندوبين، و عند عدم اكمال النصاب، تجري الانتخابات بعد مرور 15 يوما من الاجتماع الاول، و في نفس الزمان والمكان، و يعتبر النصاب كاملا مهما بلغ عدد المندوبين الحاضرين.**

**ثانيا: تعدل الفقرة (ب) من المادة السابعة من القانون و تكون كالاتي:**

**يكون رئيس الاتحاد و اعضاء المجلس التنفيذي و مكتب السكرتارية و رؤساء الفروع اعضاء في المؤتمر و للمجلس التنفيذي اضافة اعداد من معلمي الحركة التحررية الكوردستانية و الشخصيات التربوية في الاقليم اعضاء المؤتمر و اقرار ما يستوجب من الشروط لذلك، على ان لا تزيد عن 15 مندوباً.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو د.ڕۆژان.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی حەوتەم لە ئەصڵی قانونەکە لە سێ بڕگە پێك دێ: أ و ب و ج، ئەوەی لە پڕۆژە یاسایەکە داوا کراوە پێشنیار بکرێ، تەنها بڕگەی ب، با بەو شێوەیەی لێ بێ کە ڕستەیەك زیاد بکرێ بۆ کۆتایی بڕگەی (ب)، بەو شێوەیە:**

**سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی جێبەجێ کردن و مەکتەبی سکرتاریەت و سەرۆکی لقەکان دەبنە ئەندامی کۆنگرە، ئەنجومەنی جێبەجێکردنیش بۆی هەیە ژمارەیەك مامۆستای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و کەسایەتی پەروەردەیی لە هەرێمدا بە ئەندامانی کۆنگرە زیاد بکات، بڕیاردانی ئەو مەرجانەی بۆ ئەو کارە پێویستن بە مەرجێك لە 15 نوێنەر زیاتر نەبن، واتا تەنها پێشنیاری ئەوە کرایە لە پڕۆژە یاساکە ئەو ڕستەیە بۆ کۆتایی بڕگەی (ب) ڕستەکە کە لە سێ بڕگە پێکدێ، أ و ب و ج، هەموار بکرێ و ئەو بڕگەیە زیاد بکرێ، ئێمەش لە لێژنەی یاسایی پشتگیری زیادکردنی ئەو بڕگەیە دەکەین، ئەو ڕستەیە بۆ کۆتایی بڕگەی (ب) لە ماددەی حەوتەمی ئەصڵی یاساکە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**بە عەربیەکەی د.ڕۆژان.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة السابعة:**

تضاف عبارة (و للمجلس التنفيذي اضافة اعداد من معلمي الحركة التحررية الكوردستانية و الشخصيات التربوية في الاقليم، اعضاء في المؤتمر، و اقرار ما يستوجب من الشروط لذلك، على ان لا تزيد عن 15 مندوباً)، ئەو رستەیە بۆ برگەی (ب) لە ماددەی حەوتەم زیاد دەکرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو د.رۆژان؟

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو رستەی کە خوێندمەوە پێشنیار کراوە ئەوە زیاد بکرێ بۆ کۆتایی برگەی (ب)، ئێستا برگەی (ب) و بەو رستەی کە زیاد دەکرێ دەیخوێنمەوە، برگەی (ب) لە ماددەی حەوتەم: یکون رئیس و اعضاء المجلس التنفیذي و مکتب السکرتاریة و رؤساء الفروع، اعضاء في المؤتمر و للمجلس التنفیذي اضافة اعداد من معلمي الحرکة التحرریة الکوردستانیة والشخصیات التربویة في الاقلیم، اعضاء في المؤتمر، و اقرار ما یستوجب من الشروط لذلك، على ان لا تزید عن 15 مندوباً .

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟، تەنها یەك کەس، فەرموو کاك ئارام.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پێشنیارێکم هەیە، ئەویش ئەوەیە کە باس لەوە دەکرێ کە کۆنگرە بەرزترین دەسەڵاتە، بەڵام لە فەقەرەیەك کە داوای هەمواریان کردووە بە پێچەوانەیە، چونکە بە پێی ئەم فەقەرەیە کۆمەڵێك ئەندام یەکسەر راستەوخۆ دەبنە ئەندامی کۆنگرە، صەلاحیاتیشی داوە کە 15 ئەندامی تریش یەکسەر بە تەزکیە ببنە ئەندامی کۆنگرە، کەواتە ئەوە یەعنی کۆنگرە نابێتە بەرزترین دەسەڵات و هەر لە ئێستاش ئێمە کێشەیەك بۆ مامۆستایان دروست دەکەین، کۆمەڵێك خەڵك راستەوخۆ دەبنە ئەندامی کۆنگرە، لە کاتێکدا کە لە فەقەرەی پێشتر باس لەوە دەکرێ کە سیستەمی نوێنەرایەتی ئەبێ کۆنگرە پێك پێت و بە شێوەیەکی هەڵبژاردن، لەبەر ئەوە من پێم باشە ئەو هەموار کردنە نەبێت لەبەر ئەوەی سیستەمێکی راستەوخۆی هەڵبژاردن هەیە بۆ نوێنەرایەتی مامۆستایان و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش؟

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە یەکێکە لە ئەو بریارانەی کە لە کۆنگرە داویانە، تا ئەو پرۆژەیەی کە یەکێتی مامۆستایان بۆ ئێمەیان ناردووە، لە کۆنگرەدا دەنگیان لەسەر داوە و شەرعیەتیان پێ داوە لە کۆنگرەی خۆیان، بۆیە ئەمە ویست و

داخوازی کۆنگرەیە، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە وەکو چۆن پێشنیار کراوە و ئەوان داوایان کردووە بەم شێوەیە هەموار بکرێ، لەگەڵ ئەوەین کە وەکو خۆی بمینێتەوە و ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماموٚستا فەرمان.

**بەڕێز فەرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی پێنجی بڕگەی سێیەم، ئەوانەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلن، ئەوانە ئەندامی فەخری دەبن، ئەندامی فەخریش لە کۆنگرە رەنگە هەموومان بزانین، فەخری دەبێت لەبەر ئەوەی لە ماددەی پێنجەم ئیشارەتی پێدراوە، ئەوانەی رزگاریخوازی بزووتنەوەی کوردی ئەوان ئەندامی فەخری کۆنگرە دەبن و لەگەڵ شەهیدەکان، بەڵام تەنها ئەوانەی کە دەمینێنەوە، سەپەرشتیارەکان و چەندی دی ئەوانە ئەندامی ئەصڵی کۆنگرە دەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا من پێموایە لەم دوو بڕگەیە ئەوەندەی من درکم پێ کردبێ هەندێ شت تێپەڕێوە بەسەرماندا، یەکەم، دەستەی گشتی دیارە دەستەی گشتی هەموو ئەندامەکان دەگرێتەوە، ئێستا لە حاڵەتێکدا ئەگەر رێکخراوەکە ژمارەی ئەندامانی کەم بێت، دەتوانێ ئەندامانی دەستەی گشتی بەشداری کۆنگرەی پێ بکات، بەڵام ئێستا هەموو رێکخراوەکان ژمارەی ئەندامەکانیان قەبە و گەورەن، ناتوانن هەموو دەستەی گشتی بەشداری کۆنگرەی پێ بکەن، ئەمە پێویستە لەگەڵ ئەوەدا لێکی جیا بکەینەوە کە پابەندی خۆیان بە بڕگەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ کردووە و پێشم وایە لە حاڵەتێکدا دەستەی گشتی بەرزترین دەسەڵاتە، ئەگەر هەموو ئەندامانی دەستەی گشتی لەو کۆنگرە بەشدار بن، دەنا من پێموایە کۆنگرە بەرزترین دەسەڵاتە، بەڵام ئێستا ئێمە شێوازێك پیادە دەکەین، هەموو دەستەی گشتی و لەبەر زۆری ژمارەی ئەندامانی رێکخراوەکەیان، هەموو دەستەی گشتی نایەتە موئتەمەرەوە، بەڵکو نوێنەرەکانیان، نوێنەری هەڵبژێردراوی کۆنفرانسە ناوچەییەکانی یان کۆنفرانسە ناوخۆییەکانی یان ئەوەی کە پەیڕەو و بڕیاری لەسەر داوە و بڵێ ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزی و سەرۆکی لقەکان و ئەندامانی سکرتاریەت کە لەسەر ئەوەش مولاحەزەم هەیە، هەروەها ئەو 15 کەسەی کە دیاری کراون بە پێی پەیڕەو، بۆیە من پێموایە دەبێ ئێمە لێرە دەستەی گشتی و کۆنگرە بەراستی لێك جیا بکەینەوە، چونکە ئەوەی کە راستە وەکو وتم لە حاڵەتێکدا کە کۆنگرە یەکسانە بە دەستەی گشتی، ئەگەر هەموو ئەندامانی دەستەی گشتی بەشداری موئتەمەر بکەن، لەو حاڵەتانەشدا دەستەی گشتی بەرزترین دەسەڵاتە کە هەموو ئەندامانی دەستەی گشتی بەشداری کۆنگرە

بکەن، بەڵام ئەگەر کۆنگرە لە ڕێگەی بەشداری پێکردنی هەڵبژێردراوانی کۆنفرانسە ناوچەییەکان و هەروەها ئەندامانی دەستەی سکرتاریەت و ئەنجومەنی تەنفیزی بێت، ئەوە ئەو کاتە کۆنگرە بەرزترین دەسەڵاتە، خاڵێکی دیکە لە بڕگەی دووەمدا نووسراوە، سەرۆکی یەکێتی و ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزی و مەکتەبی سکرتاریەت و سەرۆکی لقەکان، ئەندامانی کۆنگرە دەبن، من پێموایە ئەم عیبارەتە هەموو یەکسانە بە یەك عیبارەت، ئەویش ئەوەیە: سەرۆکی یەکیتی و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت و سەرۆك لقەکان هەموو عیبارەتە لە ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزی، لە ڕووە قانونیەکەوە، هەمووی یەکسانە بە ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێرزاد نوقتەی نیزامیت هەبوو؟

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی ئەوە کە من ئەمڕۆ لە لێژنە بەڕێزەکە ئەیبیستم، کە ئێمە باسی هەر شتێك ئەکەین، برادەران باسی ئەوە دەکەن کە ئەمە لە پەیڕەوی خۆیاندا هەیە، ئێمە ناتوانین دەستکاری پەیڕەوی ئەوان بکەین، چونکە ئەوان بڕیاری خۆیان داوە، ئەم پرۆژە یاسایەش کە هاتووتە بەر دەستمان و هەندێ تەعدیلاتی تێدا کراوە، ئەگەر بەو حیسابە بێ کە دەستکاری هیچی ئەوان نەکەین، دەتوانین ئەم پرۆژە یاسایە و ئەو تەعدیلەی ئەوان ئێمەش تەعدیلی بکەین بۆیان و دەنگ لەسەری بدەین، لەبەر ئەوە من پێموایە، ئەگەر ئەمە وا بێ ئەوە پێی ناوی ئێمە هیچ موناقەشەی ئەو پرۆژە یاسایە بکەین و بینێرینەوە و پەیڕەوی خۆیانە ئەوان باشتر ئیشی لەسەر ئەکەن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد فەرمووو.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ئەو پرۆژە یاسایەی کە هاتووە، پەیڕەو یان کۆنگرەی یەکێتی مامۆستایان بڕیارەکە هی ئەوانە، ئەو تەعدیلانەی ئێمە ئەیکەین، ئەگەر تەعدیلاتی موصتەلەحاتی قانونی و زمانەوانی نەبێ ناتوانین تەعدیلی جەوهەری بکەین، بە بڕوای من لە بڕگەی (ب) ماددەی حەوتەم کە هەموار ئەکرێ، مادام لە ماددەیەکی تر هاتووە لە ماددەی سێیەم، کە مامۆستایانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی وەك ئەندامی فەخری دەبێ لێرە وا بنووسرێ، چەند ژمارەیەك لە مامۆستایانی بزووتنەوەی رزگاریخوازانی کوردستان وەك ئەندامی فەخری و کەسایەتیە پەروەردییەکان هەرێم وەك ئەندامی کۆنگرە بە پێی ئەو مەرجانەی کە لە 15 ئەندام زیاتر نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی قانونی.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت یاسا پڕۆژە یاسایەك پێشکەش کرایە، بڕیاری کۆتایی پەرلەمانە دوای گفتوگۆ کردن کاتی دەنگدان دێ لەسەر ماددەکان، ئەوە بە دەنگدان یەکلا دەکرێتەوە کێشەکان، سەبارەت بەوەی کە ژمارەکە دیاری بکرێ یان نا، ئێمە بە باشی دەزانین کە لەناو یاسایەکە دیاری بکرێ هەتا دەستکاری نەکرێ و ژمارەیەکی زۆر بەو شێوەیە نەیەتن بەشداری بکات لە کۆنگرە، دیاری بکرێت بە یاسا تا نەتوانن دەستکاری بکرێ بە کەم کردنەوەی یاخود زیادکردنی، بۆیە ئێمە پشتگیری لەوە دەکەین وەکو لە پڕۆژە یاسایەکە هاتیە و ژمارەکە لە 15 زیاتر نەبێ، ئەگەر بەو ڕێژە زۆرەی مامۆستایان بڕوات وا بزانم 15 ژمارەیەکی گونجاوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی بڕۆنە سەر ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم:

ئەصڵی یاساکە خۆی یەك ماددەیە و یەك بڕگەیە، بڕگەی تری تێدا نیە، بەڵام ئەوەی لە پڕۆژە یاسایەکە هاتووە، ئەصڵی ماددەکە بکرێتە (أ) و بڕگەیەکی تری بۆ زیاد بکرێ بە ڕێزبەندی (ب) کە بەو شێوەیە: مەرجە ئەوەی بە ئەندامی سکرتاریەت هەڵدەبژێردرێت هاووڵاتی هەرێم بێت و لە پەروەردە و فێرکردندا ڕاژەیەکی هەبێت کە لە 10 ساڵ کەمتر نەبێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش؟

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان وابوو کە لە لێژنەی پەروەردە بەم شێوەیە بوو ڕێکخستنەکەی، بەم شێوەیە هەموار بکرێتەوە: ماددەی شەشەم، ماددەی هەشتەمی یاساکە بەم شێوەیە هەموار بکرێ: أ: بۆ ئەوەی کەسەی هەڵدەبژێردرێت بە سەرۆکی یەکێتی، مەرجە لە هاووڵاتیانی هەرێم بێت و خزمەتی لە پەروەردە و فێرکردندا لە 5 ساڵ کەمتر نەبێت.

ب- ئەو کەسەی بە ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت هەڵدەبژێردرێت مەرجە لە هاووڵاتیانی هەرێم بێت و خزمەتی لە پەروەردە و فێرکردندا لە 5 ساڵ کەمتر نەبێت.

ج-مەرجە ئەو کەسەی بە ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و سەرۆکی لقەکانی یەکێتی و ئەندامانی دەستەی لق هەڵدەبژێردرێن ماوەی خزمەتیان لە پەروەردە و فێرکردندا لە 5 ساڵ کەمتر نەبێت.

جا دەقە عەرەبیەکەتان بۆ دەخوێنمەوە:

المادة السادسة:

تعدل المادة الثامنة من القانون و تقرأ كالاتي:

أ_يشترط فيمن ينتخب رئيساً للاتحاد ان يكون من مواطني الاقليم و له خدمة لا تقل عن خمس سنوات في مجال التربية و التعليم.

ب_ يشترط فيمن ينتخب عضوا في مكتب السكرتارية ان يكون من مواطني الاقليم و له خدمة لا تقل عن خمس سنوات في مجال التربية و التعليم.

ج-_يشترط فيمن ينتخب عضوا في المجلس التنفيذي و رؤساء فروع الاتحاد و اعضاء هيئة الفرع ان يكون له خدمة لا تقل عن خمس سنوات في مجال التربية و التعليم.

ئەمە ڕای لێژنەی هاوبەشە کە عەرزم کردن بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کێ تێبینی هەیە؟، ئەم بەڕێزانەی کە ناوی خۆیان نووسیوە، تەبعەن ڕێزم هەیە بۆ هەمووتان، قادر حسن، دلێر محمود، نەسرین جمال، عبدالسلام بەرواری، شڤان احمد، سیوەیل عثمان، پەیام خان، امیر گۆگا وکاردۆ محمد، کوێستان، د. ئاراس، ئاسۆ کەریم، جلال علی. کاك قادر حسن فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی شەشەم، کە ئاماژە بە ماددەی هەشتەمی یاسایەکە دەکات، لە بڕگەی أ و ب و ج، هەر سێکی ماوەی پێنج ساڵ داندراوە، کەچی ئاستی بەرپرسیاریەتی و دەسەڵاتیان جیاوازە لە یەکتری، بۆیە پێشنیار دەکەم کە ماوەی ئەزموونیان زیاتر بێ بە پێی مەسئولیەت و دەسەڵاتەکانیان و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم چاکە بۆ ئەم ماددە بڕگەیەکی تریش ئیزافە بکرێ، بڕگەکە چی بێت؟، ئەو کەسەی کە خۆی هەڵدەبژێرێت بە سەرۆکی یەکێتی و هەروەها ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت و هەروەها ئەو کەسەی کە دەبێتە ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و سەرۆکی لقەکان و ئەندامانی دەستەی لق، بەڕێوەبەری گشتی نەبن و بەڕێوەبەری مەڵبەندەکان نەبن، بەڕێوەبەری بەشەکانی ناو دیوانی وەزارەت و ناو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان و مەڵبەندەکان نەبن، لە هەمان کاتدا ڕەئیسی موشرفین نەبێ و موشرفی ئەوەلیش نەبێ، چونکە

وەکو ئاشکرایە، زۆربەی زۆری ئەو پۆستانەی کە ناومان بردن پێشتر مامۆستا بوون و ئەندامیشن لە یەکێتی مامۆستایان و ئەمە پێشتر کێشەی زۆری دروست کردووە، نابێ لە یەك کاتدا ئەو پۆستانە، هەم داواکاریش بن و هەم داوا لێکراو بن، چونکە لە واقیعدا ئێمە وەکو دەزانین هەموو ڕێکخراوێکی پیشەیی، نوێنەرایەتی و بەرژەوەندی چینێك یاخود توێژێك یان بەشێکی کۆمەڵایەتی دەکات لەناو کۆمەڵدا، بەرامبەر بە وەزارەتێك یان بەرامبەر بە دام و دەزگایەکی دیاریکراو، لە هەمان کاتدا ئەم بێت و خۆی لەناو ڕێکخراوەکەدا بێت و خۆی دەستەی جێبەجێ کردنی بێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا تەقریبەن جۆرە نا ئینسیجامیەك دروست دەکات، ئەمە ئەبێتە هۆی وەکو ئەوەی لە پێشووشدا روویداوە، چەند کێشەی بچووك هەبووە لەناو یەکێتی مامۆستایاندا کە رووبەرووی وەزارەتی پەروەردە کراوە یاخود مەڵبەندێکی یاخود بەڕێوەبەرایەتێکی گشتی، کێشەکە چارەسەر نەکراوە، بەڵکو گەورەتر ڕۆیشتووە، ئەمە خاڵێك بوو، لەبەر ئەوە بۆیە ئەیلێم بە بڕگەیەکی تر وام پێ باشترە کە بڵێین پێویستە ئەو پۆستانەی نەبێت کە ئیشارەتمان پێ داوە، خاڵێکی تر، ئەکرێت وەکو لە ماددەی پێنجەمدا لە ئەصڵی پرۆژەکە لە بڕگەی (هـ) ئیشارەتی بەوە داوە کە خانەنشینەکانیش وەکو بڕگەیەکی تر زیاد بکرێ، خانەنشینەکانیش، خانەنشینیش ئەتوانێ ببێتە ئەندامی یەکێتی مامۆستایان، ئەکرێ خانەنیشنەکان لە هەمان کاتدا ئەو پۆستانە وەربگرن، چونکە لەبەر ئەوەی لەو کاتانە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردندا نەماون، ئەو پۆستانە وەربگرن وەکو سەرۆکی یەکێتی وببێتە ئەندامی سکرتاریەت یاخود ببنە ئەندامی ئەنجومەنی تەنفیزی یاخود سەرۆکی لق و ئەندامی لقەکانیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ماددەی شەشەم کە خۆی لە ماددەی هەشتەم ئەگرێتەوە، مەرجدانان بۆ ئەم حاڵەتە بەڕاستی پیشێل کردنی مافی تاکەکانە، تۆ لێرە ڕێگا لە ئازادی ئەو تاکانە ئەگرێ کە بیەوێت خۆی هەڵبژێرێت، بۆیە دەکرێت مەرج دانەنێین، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم، دەکرێت هەر سێ بڕگەکە لە یەك بڕگە کۆی بکەینەوە، دەمج بکرێ، یەعنی ئەگەر وەکو خۆی مایەوە هەر سێ بڕگەکە دەمج بکرێ، خاڵی سێیەم، ئەگەر هات و مەرجەکە هەر مایەوە، من پێم باشە لە (5) پێنج ساڵەکە کەمتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پێموایە لە هەر سێ پێشنیارەکان ( أ و ب و ج)ئەو رستەیەی کە خزمەتی لە ئەوەندە ساڵ کەمتر نەبیت، بگۆڕدری بۆ خزمەتی هەبێت، ئەو مەسائیلانە بۆ نیزامی داخیلی پێ ئەڵێن، لە گفتوگۆکانی سەندیکا لەگەڵ برادەران و خوشکانی لێژنە زۆر خاڵ هەبووە ئەوان وتیان ئێمە لە کۆنگرە بڕیارمان لەسەر داوە بۆیە با تۆزێك مەجال بدەین بۆ کۆنگرە و بۆ پەیڕەوی ناوەخۆ، ئەم مەسائیلانە تەحدید بکات، چونکە هەر وەختێك بە مەصلەحەت زانرا بگۆڕدرێ، زۆر ئاسانە لەوێ لە کۆنگرە بیکەن، پێویست نابێت بە هەموار کردنی یاسا، من تەصەور دەکەم ئەمە بە شێوەیەکی گشتی لەبەر چاومان بێت نەهێڵین لە یاسا ئەو تەقییدانە بکرێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم لە هەر جێگایەك نووسرا بێت لە ئەوەندە ساڵ کەمتر نەبیت، لە باتی ئەوە بنووسرێت هەبێت، یەعنی خزمەتی هەبێت، ئەوە یەك، دووەم: تەئیدی ئەو پێشنیارەی کاك ئەوە دەکەم کە ئێمە لەوێ فیعلەن رێگا بگرین لەوەی کە ئەو مامۆستایانەی لە مەناصیبی ئیدارییین و دەسەڵاتێکی بڵێین لەو بەری ترن لەوێ یان لە کاتی کاندیدکردنیان دەست لەو پلە و پایانە بدەن تا بەدرێژایی ئەو کاتەی کە ئەوان ئەندامن لە سکرتاریەت، هەر وەختێك دەرچوون لە سکرتاریەت بگەڕێنەوە بەشی خۆیان، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك شڤان فەرموو.**

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من هاوڕام لەگەڵ برای بەڕێزم کاك عبدالسلام بەرواری، من دەبینم بە عەکسی ئەوەی کە لایەکی من تەئیدی دەکەم، دووەم، ئەگەر ئەمە ئیرادەی خودی موئتەمەر بیت، من دیسان رێز لە ئیرادەی ئەو چەند هەزار مامۆستایە دەگرم، بۆ خۆیان بە جێ بێڵین وەکو خۆیان بەو شێوەیە بێت کە هات و بە یاساش و لە پرۆژەکەشدا هاتووە، ئێمە تەئیدیان بکەین، بەڵام نەك بەوەی کە دەستکاری بکەین لە 10 ساڵەوە بکرێتە 5 ساڵ، بە تایبەتی لە بڕگەی یەکەم، حەز دەکەم وەکو خۆی بمینێت.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**سیوەیل خان فەرموو.**

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە نیسبەت ئەو ماددەیە سێ بڕگەیە، منیش پێموایە هەر سێ بڕگە ئەگەر بکرێتە یەك بڕگە، ئەگەر بیخوێنینەوە نووسرایە: يشترط فيمن ينتخب رئيساً للاتحاد، يشترط فيمن ينتخب عضواً في مكتب السكرتارية، يشترط فيمن ينتخب عضواً في المجلس التنفيذي، ئەگەر ئەوانە هەرسێکی بکەینە یەك بڕگە دیاری بکرێ پێم باشە، ئەگەر لە بڕگەی ج ئەوانەی ئەعزائی مەجلیسی تەنفیزی و رؤساء فروع الاتحاد و الاعضاء، ئەگەر ساڵانی خزمەتی بۆ دانەنێن پێم باشترە لەوانەیە مامۆستایەك بێت دوو ساڵە یان سێ ساڵە**

خزمەت و زۆر زۆر چالاك بیت زۆر باشترە لەوانەی لە مامۆستایەکی کە خزمەتیشی زۆرترە، بەڵام ئەگەر هەر سێ برگە بکرێتەوە یەك ئەوە پێم باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پەیام خان فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من پشتگیری هاوڕێیەکانم دەکەم نەسرین خان و سیوەیل خان، ئێمە یەکەم جار ئەگەر بە ئێمە بێت ئەو مەرجەی بۆ دانەنرێت، کە خزمەتی ئەوەندە ساڵ بێت، ئەو کەسەی کە توانای هەیەو دەتوانێت ئەو ئیشە بکات سەربەستە دەتوانێت ئەو ئیشە بکات و هیچ پێویست بەو خزمەتە ناکات، بەڵام ئەگەر لە حاڵەتێکدا هەر هەبوو ئەو سێ برگەیە بکرێت بە یەك برگەو پێنج ساڵ خزمەتی هەبێت، لەگەڵ قسەکانی کاك دلێر دام، کە دەبێت ئەو کەسە موتەفەریغ بێت، بەس وابزانم ئەوە لە ماددەی پازدە عیلاج کراوە، کە دەبێت ئەو کەسانە ئەو سێ پۆستە دەگرن بە دەستەوە موتەفەریغ بن بۆ ئەو ئیشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ئاسۆ فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من بە نووسراویش ئەو پێشنیازەی خۆم بۆ دکتۆر عومەر ناردووە، بەم شێوەیەی لێ بێت، (ئەو کەسەی بە سەرۆکی یەکێتی و ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت و ئەندامی ئەنجومەنی تەنفیزی و سەرۆکی لق و ئەندامی دەستەی لق هەڵدەبژێردرێت دەبێت بە لایەنی کەمەوە پێنج ساڵ خزمەتی لە بواری فێرکردن و پەروەردە هەبێت و هاووڵاتی هەرێم بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ئەمیر فەرموو.

**بەڕێز امیر گۆگا یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی پشتگیری رەئی بۆچوونی کاك دلێر دەکەم، هەروەسا کاك عبدالسلام هەر دیسان خوشکە سیوەیل، کو هەرسێ خاڵ ببن بە یەك، هەرسێ خاڵ بێن دەمج کرن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

به رەئی من دانانی پێوەر، یان مەرجی تەمەن بۆ ڕێکخراوی پیشەیی شتێکی ناڕاستە، ڕەنگە ئێمە باسی ئەوە بکەین بڵێین یەعنی هەمووماان لەگەڵ ئەوە دابین کە خیبرە پێویستە، ئەزموونداری پێویستە بۆ هەر ئینسانێك کە دەیەوێت پۆستێك، یان بەرپرسیاریەتیەك وەربگرێت، بەڵام ئەمە کاری تەکنیکی نییە، کاری زانستی نییە، کاری موختەبەراتی نییە، ئەمە ئیرادەی ئینسانە لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکەی خۆی، ئەگەر بێین حیساب بکەین لە تەمەنی (24) ساڵیدا بۆ (29) ساڵی، یان (37) ساڵی چ ڕێژەیەکی مامۆستایان هەیە ڕێی لێ دەگرێت کە نوێنەری هەبێت، کاتێك دەڵێت دەبێت تەمەنی ئەوەندە بێت، کاتێك کە پیشەکەی وەرگرت و ئەندامیەتی ڕێکخراوەکەی قەبوڵ کرد، ئیتر مافی خۆیەتی بۆ هەر پۆستێك خۆی هەڵدەبژێرێت، ڕەنگە تۆ لە مەجالێکی تەکنیکی، یان زانستی، یان پسپۆڕی پێویست بێتن تەمەن دیاری بکرێت، بەس لە کاری سیاسی، یان پیشەیی، یان دیموکراتی بە هیچ شێوەیەك تەمەن ڕێگرە لە جیلێك کە پێشێلکاری دەکەیت لە بەرامبەری، کە ئێمە قسە لەسەر یاسا دەکەین، بۆ ئەم یاسایە هاتووە؟ ڕاستە، من ئەو یاسایەم پێ ڕێگرییە لەبەردەم کاری ڕێکخراوەکان، چونکە ڕێکخراو پەیڕەوی خۆی هەیە، پەرلەمان پەیڕەوی خۆی هەیە، پێویستیەتی، بەڵام کە قسە لەسەر ئەو یاسایە دەکەیت، ئەم یاسایە لە سەرووی پەیڕەوەکەیە، بۆیە قسە لەسەر هەموار کردنی دەکرێت، لەبەر ئەوە من پێموایە یاساکە ئەمە سەرەڕای ئەوەی کێشەیە، بەڵام ئێمە ناچینە ئەم پرۆسەیە، ئێستا پرۆسەیەك هەیە پەیوەندی بە هەموار کردنە، پەیوەندی بە حاڵەتێکە پێویستی بە پرۆژەی ترە، بۆ ئەوەی ئەو یاسایە نەمێنێت، بۆ نموونە یەکێك لەو توێژانەی کە ئەهمیەتێکی گەورەیان هەیە لە کوردستان سەندیکای پارێزەرانە، لەگەڵ یەکێتی پارێزەران، ئەم یاسایە کۆسپە لەبەردەمی یەکگرتنەوەیان، بەڵام با ئێمە نەچینە ناو ئەو عەمەلیەیە، ئێستا ئەوە هەیە، پێموایە تەمەنەکە حەق نییە پێوەر بێت بە هیچ شێوەیەك، بۆ ئەوەی مامۆستایان نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن، ئەگەر ناچاریش بن بە زۆرینە قەبوڵ کرا، پێنج ساڵەکە باشترە لەوەی دە ساڵ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك جەلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی هەمووماان گوێمان لێ بوو، زۆربەی خوشك و برایان گوتیان ئەمە ئیرادەی کۆنگرەی گشتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانە، حەق نییە تەداخولی تیا بکەین، من تەئیدی قسەکانی کاك عبدالسلام دەکەم، شەرت نییە ئێمە ژمارە دابنێین، یان ژمارە دانەنێین، بەڵام لە ئەسڵی پرۆژە بڕیارەکە، پرۆژە یاساکەی لە کۆنگرەوە هاتووە بۆ ئێمە، خۆیان تەحدیدیان کردووە، یەعنی ئەوە پێچەوانەی قسەکانی خۆمانە، کە دەڵێین حەق نییە بێتە ئێرە، حەق نییە ئێمە موناقەشەی بکەین، چونکە کە ئەمە هاتە ئێرە، لەوانەیە ڕێکخراوەکانی تر ئەندازیاران و جیۆلۆجی و موهندسی زراعی هەمووی بێتە ئێرەو وەخت و کاتمان لێ

بگرن و مەجالیشی تیا نەبێت، من ئەو قسەیە بە پێچەوانە دەزانم، بەلاَم وەکو رەئی شەخصی خۆم مەسەلەی بەرپرسیاریەتی چەندین هەزار، دەیان هەزار کەس پێویستی بە ئەزموون هەیە، مەرج نییە ئەو مەرجە دابندرێت کە بزانین چەند ساڵی بە دیهیە، کە کەسێك بەرپرسیاریەتی چەندین هەزار کەسی هەبێت، ئەزموونی هەبێت، لەو ئیشەو، لەو تەخەصوصە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر مەبەستمانە سوود لە توانای گەنج وەربگرین، ئەگەر مەبەستمانە گەنج بێتە پێشەوەو ئەو پۆستانە وەربگرێت، بەڕاستیمانە کە دەڵێین گەنج بێتە پێشەوەو، گەنج تواناکانی بە گەڕ بخرێت، ئەگەر مەبەستمانە مافی هاووڵاَتیان بپارێزین لەوەی کە خۆیان بۆ پۆستەکان هەڵبژێرن، ئەگەر وەك کاك کاردۆی هاوڕێم باسی کرد بمانەوێت هەموو تەمەنەکان نوێنەریان هەبێت لەناو ئەم لقانەو کۆمەڵێك تەمەن تەهمیش نەکەین، پێویستە هەر تەمەن دیاری نەکرێت، بەلاَم ئەگەر بە زۆرینەی دەنگ تەمەن مایەوە، من پشتگیری لە رەئیەکەی لیژنەی پەروەردە دەکەم کە تەمەنەکە بکرێت بە پێنج ساڵ، بەلاَم هەرسێ بڕگەکەیان بکرێت بە یەك بڕگەو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەم رێکخراوە سەرپەرشتی ژمارەیەکی زۆر دەکات لەو پیشەیەدا، بەپێی بۆچوونی من ئەزموونی ئەو کەسانەی دێنە ناو ئەو رێکخراوە گرنگە، ئەگەر هاتو دەسەلاَتی ئێمە بێت بتوانین گۆڕانکاری لە ساڵەکاندا بکەین، ساڵەکانی خیبرە، من پشتگیری لە یاداشتەکەی لیژنەی پەروەردەو کۆمەڵەی مەدەنی دەکەم، بەو مەبدەئەی کە خۆم ئیمانم پێیەتی، ئەزموون زۆر گرنگە لە رێکخراویشدا، هەتا ئەگەر رێکخراوەکە پیشەییش بێت، پێم باشە وەکو پێشنیارێك ئەو بەڕێزەی کە دەبێت بە سەرۆکی یەکێتی، واتا یەکێتیەکە سەرۆکی هەبێت لە پازدە ساڵ تەمەنی کەمتر نەبێت، ئەوەی دەچێتە مەکتەبی سکرتاریەتەوە لە دە ساڵ کەمتر نەبێت، ئەوانەی کە لە مەجلیسی تەنفیزی و سەرۆك لقەکانن لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پاڵپشتی راو بۆچوونی بەڕێز کاك عبدالسلام دەکەم، لەگەڵ برای بەڕێزم کاك دلێر، هەرچەندە خۆی ئەوەی کاك دلێر لە دواییدا لە ماددەی پازدەدا گوتراوە دەبێت موتەفەریغ بن، یەعنی دەبێت واز بێنن لە هەموو پلەو پایەیەك، بەڵام بە تەواوەتی پشتگیری ئەو رەئیەی برای بەڕێزم کاك عبدالسلام دەکەم، کە دەڵێت (ئەگەر ئێمە مەرجی تەمەنەکە لاببەین ئازادییەکە زیاتر دەدەین بە ئەوان)، خۆم ئەندامی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵام، لەگەڵ ئەوە بووم کە بوار بدرێت بە گەنجەکان، بۆیە ئێمە لە گفتوگۆیەکانماندا یەکێتی مامۆستایان کە ناردوویانە، ئەوان بەس باسی سەرۆکیان کردووە، ئەوان گوتوویانە (يشترط في من ينتخب عضواً في مكتب السكرتارية أن يكون من مواطني الأقليم وله خدمة لاتقل عن عشر سنوات في التربية والتعليم)، لە نەصی ئەسڵە یاساکە کە بۆ ئێمەیان ناردووە وای تیایە، بەڵام دوای ئەوەی کە تێبینیان کرد کە ئێمە هاتووین جیامان کردۆتەوە، لقەکان و سەرۆکایەتی و هەیئەی تەنفیزی، کە پێنج، پێنجمان داناوە، دیارە ئەوانە لەو کتابەی کە ناردوویانە جارێکی تر رەئی خۆیان ناردووە، بەڵام بە شێوازێك کە سەرۆکەکە دەبێت لە پازدە ساڵ کەمتر خزمەتی نەبێت، نەك تەمەن، خزمەت، لەبەر ئەوەی کە دەبێتە ئەندام لە مەکتەبی سکرتاریەت دە ساڵ بێت، بۆ لقەکان پێنج ساڵ بێت، بەڵام من خۆم وەکو سۆزان لەگەڵ رەئیەکەی کاك عبدالسلامم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بۆچوونی جیاواز هەیە، هەبوو کە هەر تەمەن دیاری نەکرێت، یەعنی ساڵی خزمەت، هەبوو تەئیدی پێنج ساڵەکەی دەکات، هەیە دەڵێت لەسەر بنەمای مەسئوولیەتی جیاوازی تیایە، دیسان ساڵانی خزمەت جیاواز بێت، ئەمە بۆچوونی خودی یەکێتی مامۆستایانە لە پرۆژەکەی ئەوانیش وا هاتووە، کە بۆ سکرتێر پازدە ساڵ خزمەتی هەبێت، بۆ ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت دە ساڵ، بۆچوونێکیش هەبوو کە مەرجەکانی خۆکاندید کردن بۆ سکرتێرو ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت و بۆ پۆستەکان لە پەیڕەودا دیاری بکرێت، لەڕاستیدا ئەمە بۆچوونی شەخصی خۆمە، نەك بۆچوونی لیژنەی هاوبەش، من لەگەڵ ئەوە بووم پێشتریش نەك هەر ئەوە کۆمەڵێك خاڵی ترو دەقی تر هەیە، کە دەکرا ئێمە بڵێین ئەمە لە پەیڕەوی ناوخۆدا دیاری دەکرێت، هەتا مەسەلەی ئابوونە، مەسەلەی ژمارەی مامۆستاکان کە لەیەکەیەکی کارگێڕی هەبێت، ئەوانە هەمووی بۆ پەیڕەوی ناوخۆ، بۆ دەسەڵاتی خۆیان بەجێ بمێنێت، بەڵام دیارە ئەوان پێیان وا بوو کە دیسان لەم پرۆژەیەدا بە نەص بێت، یەعنی یەکێتی مامۆستایان خۆیان وایان پێ باش بوو، بە هەر حاڵ ئەوە دەمێنێتەوە بۆ ئایندە، بۆ کاتی دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسين محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو تەعدیلەی كە لەسەر ئەساسی پرۆژە ئەساسیەكە هاتووە، كە ئەویش بەس باسی سەرۆكی یەكێتی كردووە، ئەویش پازدە ساڵی بۆ داناوە، پاشان پرۆژەی تەعدیلیان ڕەوانە كردووە، كە باسی سكرتاریەت دەكات دە ساڵیان بۆ داناوە، لە كۆنگرەی خۆیان هی یەكێتی مامۆستایان بۆ خۆیان تەحدیدیان كردووە، دەڵێت ڕاست بكرێتەوە بەپێی بڕگەی كۆنگرە (لاتقل عن خمسە عشرە سنە) بۆ سەرۆك، بۆ بڕگەی دووەم (لاتقل عن خمسە سنوات) كە بكرێتە (عشرە سنوات)، (لاتقل عن خمس سنوات في التربیە والتعلیم) ڕاست بكرێتەوە بۆ (لاتقل عن عشرە سنوات) لە لقەكان، كۆنگرە بۆ خۆی ئەو بڕیارەی لەسەر ئەوە داوە كە مامۆستایەكان هەموو خۆیان لەوێ بوون نوێنەرییان تێدا بووە، ئێمە بۆ دەستكاری ئەو دەقە بكەین و بكەینە پێنج ساڵ، پێنج ساڵ جاریَ مامۆستا ناگەڕێتەوە ناو شار، بە پێنج ساڵ ناگەڕێتەوە ناو شار، چونكە لە ئەتراف دەبێت، یان دەبێت تەفەروغ بكرێت، یانیش ناتوانێت كارەكان بكات، من پێم باشە دەقەكە وەكو دەقی یەكێتی مامۆستایان بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا فەرمان فەرموو.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە لە ئەنجامی كۆبوونەوەی هەردوو لیژنە، لیژنەی پەروەردەو كۆمەڵگەی مەدەنی، ئێمە بڕیارماندا بەڕاستی ئەو كاتی برادەران ڕەئییان وا بوو هەر ساڵی تەمەن دیاری نەكرێت، پاشان بە پێنج ساڵی تەمەن بڕیار لەسەر ئەوە درا، بەڕاستی ئەگەر لە ڕووی یاساییەوە ئەوەی ئیمكانیەتی هەیە، لەبەر ئەوەی ئەشكال دروست دەكاتن لەو یاسایە، من پێم چاكە ئەگەر لە ڕووی یاساییەوە ئەشكال دروست ناكات، ئەو فەقەرەی بخەینە دەنگدان، ئایا ساڵ دابندرێت بۆ بە ئەندام بوونی ئەو سێ پۆستە، یان دانەنرێت؟ بەڕاستی ئەگەر هاتو هەر ئەندامێكی گەنجی یەكێتی مامۆستایانی كوردستان توانای ئەوەی هەبوو سەرنجی مامۆستایان ڕابكێشێت و ئەوەندە ساڵە ببێتە ئەندامی سكرتاریەت، یان سەرۆكی مامۆستایانی كوردستان سەد هەزار جار پیرۆزی بێت، بۆ ئێمە ڕێگر بین؟ بەڵام ئەگەر توانای نەبوو مامۆستایەكی (28) ساڵی بتوانێت ببێت بە سەرۆكی یەكێتی مامۆستایانی كوردستان چی تێدا هەیە، زۆر ئاساییە، بۆ نەبێت، یەعنی ڕێگری قانونی نییە، ڕێگری هیچ نییە، كەواتە بەڕاستی من تەمەن بە ڕێگرێك دادەنێم لە هاتنە پێشەوەی گەنج، ئەوە خاڵی یەكەم.

خاڵی دووەم/ ئەگەر بكرێت ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە، سەرەتا ئێمە ساغی بكەینەوە، ئایا تەمەن هەر باس بكرێت، یاخود باس نەكرێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی ڕەئیتان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وا دیارە لە پرۆژە یاساكەی پێشكەش كراوە شارەزایی و ئەزموون وەكو پێوەر دانراوە لەسەر ئەو بنەمایە، ساڵەكانی خزمەت دیاری كراوە، ئەوەی لە ئەسڵی قانونەكە تەنها بۆ سەرۆكی یەكێتیەكە پازدە ساڵ خزمەت كردن وەكو مەرج دانراوە، جگە لە مەرجەكانی تر كە لەناو یاساكەدا هاتووە، ئەوەی پێشنیار كراوە لەو پرۆژە یاسایە بۆ ئەنجومەنی سكرتاریەت دە ساڵ دادەنرێت، ئایا دە ساڵ بێت، یان پێنج ساڵ بێت؟ ئەوە بە دەنگدان یەكلا دەكرێتەوە، هەرچەند ئێمە پشتگیریمان لە دە ساڵەكە كردووە، پێویستە خاوەن ئەزموون و شارەزا بێت، واتا ئەگەر تەمەنی (22) ساڵ بوو، ئەو دە ساڵەی دادەنێینە سەر خزمەت كردن دەكاتە (32) ساڵ، (30) ساڵیش گەنجە دەتوانێت كاروبارەكان بەڕێوە ببات، ئاستەنگ نییە لەبەردەم ئەوەی كە تەرشیح بكرێت و ئەو پۆستە وەربگرێت، بەلاَم بۆ پۆستەكانی تری ناو یەكێتیەكە، ئەوە ئەگەر بۆ پەیڕەوی ناوخۆ بەجێ بهێڵین، كێشە نییە، لە یاساكە بۆ سەرۆك مەرج دانراوە، سەرۆكی یەكێتی، پرۆژەكەی پێشنیار كراوە بۆ مەكتەری سكرتاریەت دانراوە، هیچ مەرجی تر نییە، ئەویتر تەنها لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە هاتووە دەتوانین ئەوی لێ بگەڕێین بۆ پەیڕەوی ناوخۆ خۆیان، ئەگەر بە پێویستیان زانی ساڵی خزمەت كردنەكە دیاری بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی بۆ بڕگەیەكی تر، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یازدەم:

ماددەی یازدەم لە ئەسڵی قانونەكە لە چوار فەقەرە پێك دێت، ئەوەی لە پرۆژە یاساكە پێشنیار كراوە، بڕگەی (أ) هەموار بكرێت بەو شێوەیە (دراسة ومناقشة تعدیل القانون للاتحاد واقراره)، هەروەها سەبارەت بە ماددەی یازدە پێشنیاری زیاد كردنی دوو بڕگە كراوە، بڕگەیەك بەو شێوەیە: (دراسة وتقییم اداء الاتحاد في الفترة مابین مؤتمرین)، زیاد كردنی بڕگەیەكی تر (انتخاب رئیس الاتحاد واعضاء مكتب السكرتاریة وكذلك الاحتیاط)، واتا هەموار كردنی بڕگەی یەكەم و زیاد كردنی دوو بڕگە بۆ ماددەی یازدە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە ئەسنای دانانی قانونەکەدا، لەبەر ئەوەی لەقانونە ئەسڵەکەدا مەکتەبی سکرتاریەت بەهیچ جۆرێك زیکری نەهاتووە لەناو یاساکەدا، لەماددەی نۆیەمدا ئەم خۆی مەکتەبی سکرتاریەت ئێستا بەشێکە لە هەیکلەیەتی هەموو یەکێتی مامۆستایان، بۆیە بە باشمان زانی ماددەی نۆ هەموار بکەینەوە، بۆ ئەوەی هیچ کەموکورتیەك نەبێت لەو یاسایە، ئەویش بەم شێوەیە، تەنها وشەی سکرتاریەتمان ئیزافە کردووە ئەویش:

المادة السابعة: تعدل المادة التاسعة من القانون وتقرأ كالآتي:

يتولى رئيس الأتحاد الصلاحيات الآتية:

1- تمثيل الاتحاد لدى الجهات القضائية والأدارية والمؤتمرات والمصادقة على المعاملات والوثائق الخاصة بالأتحاد وله تخويل هذه الصلاحيات أو بعضها الى من يرتأيه من أعضاء مكتب السكرتارية.

2- رئاسة أجتماعات الهيئة العامة والمجلس التنفيذى ومكتب السكرتارية.

بەس ئەوەمان وا لێکردووە، یەعنی ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی نییە، لەبەر ئەوەی ئێمە یاساکەمان زۆر بە تەواوەتی دیراسە کردووە، دەبوایە ئەوخەلەلە هەبوایە، دەبوایە بمانکردیانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بە کوردیەکەی.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم:

ماددەی نۆیەمی یاساکە بەم شێوەیە هەموار دەکرێت:

سەرۆکی یەکێتی ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی دەبێت:

1- نوێنەرایەتی کردنی یەکێتی لای لایەنە دادوەری و کارگێڕییەکان و لە کۆنگرەکان و پەسند کردنی مامەڵەو دۆکۆمێنتە تایبەتەکان بە یەکێتی و بۆی هەیە ئەم دەسەڵاتانە، یان هەندێکیان بداتە هەر کامی پێ باش بوو لە ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت.

2- سەۆکایەتی کردنی کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی و ئەنجومەنی تەنفیزی و مەکتەبی سکرتاریەت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کێ تێبینی هەیە؟ ئەم پەرلەمانتارە بەڕێزانە ناوی خۆیان نووسیوە، بەڕێزان (کاك عمر عبدالعزیز، د.احمد وەرتی، د.ئاراس حسین، کاك کاوە محمد امین، کاك شوان کەریم، کاك شڤان احمد)، فەرموو مامۆستا عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم ئەوەیە دووبارە دەچمەوە سەر خاڵە ئەساسیەکە، کە بەڕێزان لە یەکێتی مامۆستایان لە رەشنووسی خۆیان کە ناردوویانە بۆ ئێمە، هیچ ئاماژەیەکیان بە ماددەی هەشت و ماددەی نۆ نەکردووە،

**ببووره، ماددەی نۆ و ماددەی دە، ئەو ڕەشنووسەی کە ئەوان ناردوویانە ئاماژەیان بە هیچ تەعدیلێکی لەوە نەکردووە، من تەئکید دەکەمەوە کە ئەسڵ ئەوەیە ڕەچاو کردنی ئەوەی کە ئەوان ناردوویانە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر ئەحمەد فەرموو.**

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من تێبینیەکەم تەنها لەسەر ئەوەیە ئەو ماددەو ماددەکانی تر پێموایە راستە کاتی خۆی یاساکە بەو شێوەیە داڕێژراوە، یەعنی زۆربەی ئەو شتانەی کە پێویستە لە نیزام داخلی یەکێتیەکەدا هەبێت لە یاساکە جێی بۆ کراوەتەوە، بە ڕەئی من ئەو وردەکارییانە زۆری پێویست نییە لەناو یاساکەدا هەبێت، تەنها لەناو پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیەکەدا هەبێت، بۆ ئەوەی ئەوان دەستیان والآ بێت هەر کاتێك ویستیان پەیڕەوەکەی خۆیان هەموار بکەنەوەو بە ڕێژەیەکی دیاری کراو لەناو سکرتاریەت و ئەو دەستەیەی کە هەڵدەبژێردرێت لە کۆنگرەدا، یەعنی ئەگەر هەموو شتێك لەناو یاساکەدا کۆ بکەینەوە، هەموو جار یاساکە هەموارکردنەوەی زەحمەت دەبێت، ئەوان بۆ ئەوەی دەستیان کراوە بێت، یەعنی مەرج نییە ئیلا کۆنگرە ئەوان بتوانن پەیڕەو هەموار بکەنەوە، پەیڕەو دەتوانن بە ڕێژەیەکی دیاری کراو کە خۆیان کۆنگرە بڕیاری لەسەر دەدات لەناو کۆبوونەوە گشتیەکانی خۆیاندا هەمواری بکەن، بەلاَم ئێستا بە ئاسانی هەموار ناکرێت، بۆیە بە ڕەئی من ئەو وردەکارییانە هەمووی پێویست نییە، ئێمە تەمەن و ڕێژەو تەمەنی چەند بێت، خزمەتەکەی چەند بێت؟ ئەوانە لێ بگەڕێین بۆ ناو پەیڕەوی ناوخۆی خۆیان، لەوێ جێی بکەینەوە بەڕاستی، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر ئاراس فەرموو.**

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەڕاستیدا ئەمجارەش پشتگیری دەکەم لە هەردوو خاڵی هاتووە لە راپۆرتی لیژنەی پەروەردەو هەروەها لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی، ئەگەر هاتو ئەو دوو خاڵە پشتگیری لێ دەکەم و تەئکید لەوە دەکاتەوە کە ئەو بەڕێزەی دەبێت بە سەرۆکی ئەوەی نوێنەرایەتی ئەو یەکێتیە دەکات لەو لایەنە جیایانە، کە جارێکی تر پێویستی بە ئەزموون دەبێت و سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا کاوە فەرموو.**

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من لە دەسەلاَتی سەرۆكی یەكێتی پێم باشە لە خاڵی یەكەم كە دەڵێت نوێنەرایەتی كردنی یەكێتی لای لایەنە كارگێری و كۆنگرەكان و پەسند كردنی مامەڵەو دۆكیمێنتەكان بێت، یەكێتی بۆی هەیە ئەم دەسەلاَتە هەندێكیان بداتە هەر كامێك پێی باش بوو لە ئەندامانی مەكتەبی سكرتاریەت، ئەو هەر كامێكی پێ باش بوو پێم باشە لە ئاخیری ئەوەی بۆ زیاد بكرێت بە رەزامەندی مەكتەبی سكرتاریەت، چونكە لەوانەیە تۆزێك ئەوەی تێدا بێت، ئەو مەكتەبی سكرتاریەت پێك هاتووە لە چەند گروپ و لایەنێك، بۆ ئەوەی رەزامەندی هەبێت و ئیحتیكار نەبێت لەنێوان هەردووكیان، رەزامەندی مەكتەبی سكرتاریەتی تێدا بێت تەوافوقێك دەبێت، من پێم باشترە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەڕێز كاك شوان كابان فەرموو.**

**بەڕێز شوان عبدالكریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من تێبینیەكم لەسەر ماددەی حەوتەم هەیە لە رووی زمانەوانیەوە لەسەر دەقە عەرەبیەكەی راپۆرتی هاوبەشی لیژنەی پەروەردەو كۆمەڵی مەدەنی كەدەڵێت (یتولى رئیس الاتحاد الصلاحیات الاتیة)، یان دەبێت بگوترێت (یتولى رئیس الاتحاد المهام التالیة)، یان دەبێت بگوترێت (لرئیس الاتحاد الصلاحیات الاتیة)، ئەوە راستەكەیەتی، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەڕێز كاك شڤان فەرموو.**

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**زۆر سوپاس، قسەكانی من كران، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، لیژنەی هاوبەش فەرموو.**

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**راستە لە پرۆژەكەی یەكێتی مامۆستایان هەموار كردنی ماددەی نۆیەم ئەوان پێشنیاریان نەكردووە، بەلاَم ئێمە كاتێك سەرنجماندا پێویستە ئەویش هەموار بكرێت، بۆ ئەوەی هیچ چەشنە گشت بەری و ناكۆكیەك لەناو یاساكەدا نەمێنێت، بۆیە دوای ئەوە كە خۆشیان زانیان و راپۆرتەكەی ئێمەیان بینی پێیان باش بوو ئەو هەموار كردنەش بكرێت.**

سەبارەت بە وردەکاری، ئێمە باسمان کرد، ئێمە مەبدەئیەن لەگەڵ ئەوەین، بەلأم وا هاتۆتە پێشەوە دەبێت ئەم یاسایە بۆ دەربکەین، چونکە ئێستا بەشێك لە کاروبارەکانی یەکێتی مامۆستایان پێکهێنانی لقەکانیان وەستاوەتە سەر ئەوەی کە ئێمە ئەم یاسایەیان بۆ دەربکەین، لە داهاتوودا هەر کاتێك یاسای دامودەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی، یان ئەوەی کە ناوی نراوە یاسای سەندیکاو یەکێتیەکان هەموار کرایەوە، دەکرێت لەوێ ئاماژە بەوە بدرێت کە یاساکانی تر ئیلغا دەکرێنەوە، هەموو سەندیکاکان و یەکێتیەکان خۆیان لەگەڵ ئەم یاسایە دەگونجێنن و پەیڕەوی ناوخۆیان بەگوێرەی ئەم یاسایە دەکەن، بۆیە ئەم کاتە ئەم مەوزوعە دەکرێت لەوێ عیلاج بکرێت.

سەبارەت بەلایەنی زمانەوانیەکەی لەکاتی صیاغە کردندا بێگومان بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگرین، ئەوەی ئەگەر بە رەزامەندی مەکتەبی سکرتاریەت بێت، بەڕێزان، سکرتێری یەکێتی مامۆستایان بە هەڵبژاردن دەبێت، ئیتر ئیرادەی کۆنگرەی لە پشتە، رەنگە ئەم پێدانی دەسەڵاتەش وەقتی بێت، بۆ ماوەیەکی کەم بێت، رەنگە رەزامەندی مەکتەبی سکرتاریەتی پێویست بێت داخیلی رۆتینێکی تر بین، کە ببێتە بەربەست، بۆیە ئێمە هەر لەگەڵ ئەوەین کە وەکو چۆن بە نەص لە پرۆژەکەدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆم هەیە من رەئی خۆم بدەم، چونکە ئەوەی دەڵێم رەئی لیژنە نییە بەڕاستی، چونکە کاتی خۆشی تۆزێك ناکۆك بووم لەسەر ئەم فەقەرە لەگەڵ ئەم برادەرانە، ئەگەر روخسەتم بدەیت، دیارە سەبارەت بە خاڵی یەکەم نوێنەرایەتی کردنی یەکێتی ئەمە تۆزێك صیغەکەی لە رووی زمانەوانیەوە زۆر بە هێن داڕێژراوە، بەلأم من لە لیژنەی یاسایی دەپرسم ئایا لە کاتێکدا کە نەصێکی قانونی هەیە لە یاسای جەمعیات و لە کۆمەڵەکان لە ژمارە 18 ئایا ئەمە پێویست دەکات لێرە دووبارە بێتەوە؟ مەسەلەن لە یاسای ژمارە 18 لە ماددەی سێ (يمثل الجمعية امام المحاكم والجهات الرسمية وغير الرسمية رئيسها او من يخوله)، ئایا پێویست بە دووبارە بوونەوە دەکات لێرە یان نا؟ خاڵی دووەم بەڕاستی سەرۆکایەتی کردنی کۆبوونەوەکان دەستەی گشتی و ئەنجومەنی تەنفیزی و مەکتەبی سکرتاریەت دەبوو ئەوە بخرێتەوە شوێنێکەوە کاتێك کە پێناسەی سەرۆك دەکرێت لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا ئەم دەسەڵاتە بخرایەتە پاڵ پێناسەی سەرۆکەوە بەڕاستی، من پێموایە لێرە ئیجابی نابێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی دوای ئەوەی بە وردی دیراسەتی ئەو پرۆژە یاسایەمان کرد کە پێشکەش کراوە، هەروەها ئەسڵی قانونەکە و ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەن لیژنەی پەروەردە پێشکەش ئێمە کراوە ، لە ماددەی 9 دەستکاری نەکراوە و هیچ پرۆژەیەك پێشکەش نەکراوە بۆ هەموار کردنی، بەڵام بە بۆچوونی ئێمە پێویست ناکات وشەی سکرتاریەت بۆ ماددەی 9 زیاد بکرێت، لەبەرئەوەی لە هەردوو برگەی أ و ب ماددەی 9 وشەی مەجلس و مەجلسی تەنفیزی هاتووە، لە ماددەی یەکەم وشەی مەجلس پێناسە کراوە کە مەجلس تەنفیزیە، لە ماددەی 12 ئەسڵی یاسایەکەی ساڵی 2002 دەڵێ مەجلسی تەنفیزی پێك دێت لەمانەی خوارەوە، یەك: لەوانە مەکتەبی سکرتاریەت، واتە کە ناوی مەجلسی تەنفیزیت هێنا مەکتەبی سکرتاریەت بەشێکە لە مەجلسی تەنفیزی، بۆ ئێمە کە لەماددەی 9 ناوی مەجلسی تەنفیزی دەینین لەپاڵ مەجس تەنفیزیەکە وشەی سکرتاریەتیش زیاد بکەین خۆی لە ئەسڵی قانونەکە لە ماددەی 12 دەڵێ مەکتەبی سکرتاریەت بەشێکە لە مەجلسی تەنفیزی، سەبارەت بەو پێشنیارەی کاك خلیل هی ڕێکخراوەکان، ڕاستە ئێمە یاسای ڕێکخراوەکانمان هەیە، بەڵام ئەو یاسایە یاسایەکی تایبەتە بە سەندیکای مامۆستایان جگە لەوەی لە یاسای ڕێکخراوەکان یاساکەم لەبەردەست نیە ژمارەی ماددەکەم لەلا نیە، بەڵام ماددەیەکی تێدایە دەڵێ ئەو یاسایە لەسەر سەندیکا و نەقابات جێ بەجێ ناکرێ، لەبەرئەوەش لە پەرلەمانی کوردستان کاتی خۆی لە ساڵی 2002 یاسایەکی تایەبەتیان بە سەندیکای مامۆستایان دەرکردووە، کە یاسای تایبەت هەبوو ئیشارەت بەو یاسایانە نادەین یاسای ڕێکخراوەکان لەبەرئەوەی لەسەری جێ بەجێ بکەین، یاسایەکی تایبەت هەیە و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بۆ قسەکانی برای بەڕێزم کاك خلیل حەز دەکەم ئاگاداری بکەمەوە ماددەی 6 باس لە پێکهاتەی ئیتحاد دەکات، ماددەی 7 چۆتە تەفاسیڵی زیاترەوە، ماددەی 8 باس لە سەرۆکی ئیتحاد دەکات، کە ئەمە هەمووی لە فەسڵێکی تایبەت دایە بەناوی فەسڵی 3 ماددەی 9 باس لە سەلاحیات و ئەو کارانە دەکات کە ڕەئیسی ئیتحاد هەیەتی، یەعنی ئێمە بە زیادە نەمانهێناوە لێرە داینێین، بەڵکو بە پێی یاسا ئەسڵیەکە خۆی بە پێی تەسەلسولەکان کە باس لە ئیتحادەکە کراوە ماددەکانی جیاکراوەتەوە بە ماددەکانی ژمارە 6 و 7 و 8 و 9 ئەوەی ئێمە دەسکاریمان کردووە ماددەی 9یە و لە ماددەی دوایی ئەویش تەواوبوونی ئەو فەسڵە ماددەی 10 یش هەیە کە باس لە حاڵەتێك دەکات ئەگەر هاتو ئەو کەسەی کە سەرۆکی ئیتحادە نەما، سەرۆکی سەندیکاکە نەما لە ژیان یاخود دەستی لەکارکێشایەوە چۆن جارێکی تر یەکێکی تر لە جێگەی ئەو هەڵدەبژێرێتەوە بە تەسەلسولی خۆی و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامين خدر(نورەدينى):**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەى كە ئێمە وەكو ليژنەى هاوبەش پێمان باش بووە كە دەسەلاَتەكانى سەرۆك كە ئاماژە بەوە بدرێت كە سەرۆكايەتى كردنى كۆبوونەوەكانى دەستەى گشتى و ئەنجومەنى تەنفيزى و مەكتەبى سكرتاريەتيش بەڕوونى بێت لەبەرئەوەيە ڕاستە لە ماددەى 12 دا مەكتەبى سكرتاريەت بەشێكە لە مەكتەبى تەنفيزى، بەلاَم دەكرێ كۆبوونەوەى مەكتەبى سكرتاريەت بكرێت بە بێ كۆبوونەوەى مەكتەبى تەنفيزى، ئەگەر لەوێ بە وازحى نەيەت، ئيتر ئەوە لەوانەيە ئەشكاليەت بۆ دەسەلاَتەكانى سەرۆك بێت، بۆيە ئێمە پێداگرى لەسەر ئەوە دەكەين كە بە وازحى لەوێدا ناوى مەكتەبى سكرتاريەت بێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكى پەرلەمان:**

ليژنەى ياسايى ماددەيەكى تر؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەيى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ماددەى 11

پێشنيار كراوە كە بڕگەى ( أ ) هەموار بكرێ بەم شێوەيە ( لێكۆڵينەوە و گفتوگۆ كردن لەبارەى هەموار كردنى ياساى يەكێتيەكە و بڕياردانى، هەموار كردنى بڕگەى (1) هەروەها پێشنيارى زياد كردنى دوو بڕگە كراوە، يەكێكيان بەو شێوەيە ( لێكۆڵينەوە و هەڵسەنگاندنى كارى يەكێتى لەماوەى نێوان هەردوو كۆنگرە، بڕگەيەكى تريش (هەڵبژاردنى سەرۆكى يەكێتى و ئەندامانى مەكتەبى سكرتاريەت و ئەندامانى يەدەگ).

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكى پەرلەمان:**

ليژنەى هاوبەش ڕەئيتان؟ د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ماددەى هەشتەم وماددەى 11 ياسايەكە بەم شێوەيە هەموار دەكرێت و دەخوێندرێتەوە (أ/ تويژينەوە و گفتوگۆ و پێشكەش كردنى پێشنيارى هەموارى ياساى دابينكارى (الضمان) بە هەموو حاڵەتەكانيەوە بە تويژينەوەو گفتوگۆى ياساى يەكێتى و پێشكەش كردنى پێشنياز بۆ هەموار كردنى، ج/ تويژينەوە و گفتوگۆ و پەسەند كردنى پەيڕەوى ناوخۆى يەكێتى، د/ تويژينەوە و ڕێكخستنى ئەرك وفەرمانەكانى ليژنەكانى كۆنگرەى گشتى و پەسەند كردنى ڕاپۆرتى كارگێڕى و دارايى، هـ/ تويژينەوەو هەڵسەنگاندنى كاركردى لەماوەى نێوان هەردوو كۆنگرەدا، و/ هەڵبژاردنى سەرۆكى يەكێتى و ئەندامانى مەكتەبى سكرتاريەت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة تعدل المادة 11 من القانون وتقرأ كالاتي، تەبعەن من نازانم ئەم (أ) لە کوێوە هاتووە و لە ئەسڵەکە خۆی 1 و 2 و 3 و 4، أ و ب نیە، (1/ دراسة مناقشة وتقديم مقترح تعديل قانون الضمان بجميع حالاته، 2/ دراسة ومناقشة قانون الاتحاد و تقديم مقترحات تعديله، 3/ دراسة ومناقشة النظام الداخلى للاتحاد واقراره، 4/ دراسة وتنظيم واجبات ومهام لجان المؤتمر العام و اقرار التقريرين الاداری والمالي،2 5/ دراسة وتقييم اداء الاتحاد فى الفترة بين المؤتمرين، 6/ انتخاب رئيس الاتحاد واعضاء مجلس السكرتارية، تەبعەن ئەمە لەژێر فەسڵی مەهام و سەلاحیەتی موئتمەر دا هاتووە لە ئەسڵی یاسایەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرۆژەیەی کە لەبەردەستە حەقیقەتەن ئاڵۆزیەك و تێکەڵی و پێکەڵیەکی زۆری پێوە دیارە، ماندووبوونێکی زۆری ئەندامانی پێوە دیارە کە چەند خوشك و برایانی بەڕێزی پەرلەمانتار ئەوان دەڵێن نازانن چۆن کە ماددەکە ببیننەوەو مەبەستی کامەیە؟، ئەسڵی پرۆژەی هەموار کردنی یەکێتی مامۆستایان دەبینم بە ناقسی هاتووە، تەعدیلی کردووە و نەیگوتووە ئەسڵیەکەی ئەمەیە، ڕاست هاتووە کە ماددەی فلان پێمان باشە ئەوها تەعدیل بکرێت، ئەسڵیەکەی نازانین چیە، دەبێ یەك یەك بۆ خۆمان بچینە سەر پرۆتۆکۆڵی قەدیم و کە ئەو ماندوو بوونە حەقیقەتەن زۆرە بۆیەش ئەو ئاڵۆزیەی کە ئێستا دیارە نەتیجەی ئەمەیە، من پێشنیار دەکەم هەر پرۆژەیەکی تەعدیل بێت چ لەلایەن ئەندامان بێ و چ لە ئەنجومەنی وەزیران بێت لەسەر ئەساسی ئەسڵی پرۆژە و تەعدیلەکەش لەگەڵ دابێت بۆ ئەوەی بە ئاسانی بچینە سەری و بتوانین ڕەبتی بکەین، ڕەبتێکی دروست و عەمەلی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش؟ کاک د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم سەرنجەی کاک شڤان لەڕاستی دایە و بۆیە ئێمەش پێمان باش بوو کە لەڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە جارێکی دیکە سیاغەی بکەینەوە بەو شێوەیە پێشکەشی بکەین، دەنا ئەگەر ئەم ئەشکالیەتە نەبوایە ئێمەش لە شێوەی ئەوەی کە ڕاپۆرتی باوە، بەم شێوەیە پێشکەشمان دەکرد، بەس بۆ ئەوەی خۆمان لەو

ئەشكاليەتە دەرباز بكەين ئێمە هاتين جارێكى تر لە سياغەى شێوە و ناوەڕوكەكەى، بەهەرحاڵ ئەمە ڕەئى ليژنەى ئێمەيە كە سياغەى هەشتەم بەم شێوەيە كە دەبێتە ماددەى 11 ماددەى 8 لە ڕاپۆرتى ئێمە و ماددەى 11 بەم شێوەيە كە خوێندرايەوە، بەم شێوەيە پێشنيار بكرێت، ئێمە تەنها گۆڕانێكى جوزئيمان تێدا كردووە لەوەى كە يەكێتى مامۆستايان پێشنيارىان كردووە، ئەوان سەبارەت بە پرۆژە ياساى يەكێتى مامۆستايان دەڵێ دەسەلاتيان هەبێ ياساكە هەموار بكەن، و پێشنيارىان هەبێ و بڕيار بدەن، ئێمە دەڵێين كە پرۆژەكە ئامادە بكەن و دەسەلاتى پێشنيار كردنيان هەبێ لە بڕياردان ئێمە تەنها ئەوەمان لە بۆچوونەكەى ئەوان گۆڕيوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكى پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نورى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئيزافەتەن بۆ ئەو قسەيە، بڕياردان لەسەر هەر چ ياسايەك كە پەيوەست بێ بەهەر چى دامودەزگاى حكومەتى هەرێمى كوردستان لە دەسەلاتى هەرێمى كوردستانە، كاتى خۆى كە ئەوان وتوويانە (دراسە ومناقشە قانون صندوق الضمان للاتحاد واقرارها) لە ئەخيرى نووسراوە (واقرارها) كە ئەوان ياسايەكە ئيقرار بكەن، ئيتر بۆ دێتە پەرلەمانەوە، خاسەتەن تۆ باس لە شتێك دەكەى كە سندوقى زەمانە و سندوقى زەمانيش وەكو جۆرە موئەسەسەيەكە عيلاقەى هەيە بە سەر وەزارەتى كاروكاروبارى كۆمەلايەتيەوە، چونكە بەسى زەمان هەيە لەوێ، بەلام ئێمە بۆ ئاسان كردنى ئەم بابەتانە و بۆ ڕێكخستنى وامان بە باش زانيوە كە ئەوان تەواوى مافيان هەبێ بۆ ئەوەى ديراسەى بكەن و موناقەشەى بكەن و لێكۆڵينەوەى بكەن، تەواو موقتەرەحات و تەعديلەكانى خۆيان بنێرن بۆ پەرلەمان، بۆ ئەوەى لە پەرلەمان ئيقرار بكرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكى پەرلەمان:**

ليژنەى ياسايى ڕەئيتان؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەيى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئەوەى مەبەستە لە (دراسە ومناقسە القانون واقرارە) مەبەستى ئەوەيە پرۆژە ياسايەكە هەموار كردنى پرۆژەى هەموار كردنى ياسايەكە لەلايەن كۆنگرەوە پەسەند بكرێ، نەك ياسايەكە دەربچوێنن و پەسەندى بكەن و جێگاى دەسەلاتى ياسادانان بگرنەوە و ياسا ئيسدار بكەن، مەبەستى ئيقرارە، واتە لێرە پەسەند كردنيەتى، پەسەند كردن و هەموار كردنى ياسايەكە لەلايەن كۆنگرەوە، بەلام بە چ شێوەيەك دادەڕێژرێ،

موهیم ئەوە مەبەستەکەیە، ئێمەش پشتگیری لە زیاد کردنەکە دەکەین بۆ ماددەکە هەروەکو لە پرۆژەکە دا هاتووە و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ماددەیەکی تر؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 12 لە ئەسڵی قانونەکەی ساڵی 2002 لە سێ برگە پێك دێت، ئەوەی کە داوا کراوە برگەی یەکەم هەموار بکرێت، خاڵی سێیەم کە بەو شێوەیە لە ئەسڵی قانونەکە (رووساء فروع المحافظات) بەو شێوەیە هاتووە لە ئەسڵی قانونەکە برگەی 3 خاڵی یەکەم ماددەی 12 (رؤساء فروع المحافظات) پێشنیار کراوە وشەی (والاقضية)ی بۆ زیاد بکرێت، (رؤساء فروع المحافظات والاقضية) بەو شێوەیەی لێ بێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان؟ د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 12 یاسایەکە بەم شێوەیە هەموار دەکرێت، یەکەم ئەنجومەنی تەنفیزی پێك دێت لە هەر یەك لە (أ/ سەرۆکی یەکێتی، ب/ ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت، ج/ سەرۆکی لقەکان).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیەکەی، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة/ 9 تعدل الفقرة أولا من المادة المادة 12 من القانون و تقرأ كالاتي (1/يتكون المجلس التنفيذي من (1/ رئيس الاتحاد، 2/ اعضاء مكتب السكرتارية، 3/ رؤساء الفروع) بۆیەش ئەمەمان چاك کردەوە، لەبەرئەوەی لە کاتی خۆی دا (3/ رؤساء فروع المحافظات) ئێمە لەسەرەتادا گۆڕانکاریەکمان کردووە گوتمان (الوحدات الاداريه) بۆ ئەوەی هەموو لاکانی وەحداتی ئیداریەکانی خۆمان بگرێتەوە موحافەزاتەکەمان لابرد بۆ ئەوەی هەمووی پێکەوە ببێ بە سەرۆکی لقەکان، ئیتر لە هەر کوێیەك بن لەویا ئامادە دەبن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ لیژنەی پەروەدە و كۆمەڵی مەدەنی، فەرعی ج محافەزات و ئەفزیەی تێدا ڕەش بكرێتەوە، تەنها (رؤوساء الفروع) زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە بۆچوونی من ئەم ماددەیە هەر زیادەیە، چونكە ئەم ڕێكخراوە كۆنگرەیان كردووە و پەیڕەوی خۆیان داناوە، یان دەچمە سەر قسەی برادەران دەبووایە ئەو ڕێكخراوە پەیڕەوەكەی بدات و ئێمە تەسدیقی بكەین یان ئەمە خۆی تەحسیلٌ حاسڵە لەناو پەیڕەوەكەیاندا هاتووە و سەرۆك هەڵدەبژێرن ودەستەو ئەمانە، بۆیە من پێشنیار دەكەم ئەم ماددەیە ماددەیەكی زیادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەتی ئەو ماددەیە ناكرێ لابدرێت لەبەرئەوەی لە ئەسڵی یاسایەكە هاتووە، ئایا تەنها سەرۆكی لقەكانی ناو پارێزگاكان ئەندامن لە ئەنجومەنی جێ بەجێ كردن، مەجلسی تەنفیزی، ئەگەر هەموار نەكرێت تەنها ئەوان مافی ئەندامیەتیان هەیە، بەڵام ئێمە ڕێگەمان دا لەهەر یەكەیەكی كارگێڕی ژمارەی مامۆستایان لە 3500 زیاتر بوو لقێك دابمەزرێنین، ئایا ئەوانیش ناكرێ بەشدار بن لێرە؟ بۆیە ماددەك هەموار نەكرێت ئەوە كێشە دروست دەكات، چونكە لە ماددەكانی پێشوو تر ئێمە گفتوگۆمان لەسەر ئەوە كرد كە لقەكان دابمەزرێن بە پێویستی دەزانین ئەو ماددەیە هەموار بكرێت بەو شێوەیەی كە لیژنەی پەروەردە پێشنیاری كردووە (رؤساء فروع المحافظات) بكرێتە (رؤساء الفروع)، هەموو سەرۆك لقەكان دەگرێتەوە ببنە ئەندام لەو ئەنجومەنە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەیەكی تر؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 13 لە سێ بڕگە پێك دێت لە ئەسڵی قانونەكە، ئەوەی كە پێشنیار كراوە لە یاسایەكە لە بڕگەی 1 وشەی سكرتێر و نائیبی ڕەئیس لابدرێ لە ماددەكە و بە شێوەیەكی تر دابڕێژرێتەوە، لە شوێنی ئەوان دوو نائیب دیاری بكرێت، یەكێكیان لە بۆ شئونی ئیداری كە كاروباری كارگێڕی و یەكێكیان لە بۆ فەنی، بەو

شێوەیە ئەو عیبارەیە لە بۆ بڕگەی یەکەمی ماددەی 13 زیاد بکرێت، (یعتبر مکتب السکرتاریة الهیئة العاملة للمجلس التنفیذی للاتحاد وینتخب من بین اعضاءه نائبین الاول/ اداری، والثانی/ فنی، ویقوم بتوزیع الاعمال بین اعضاءه ویحضر رئیس الاتحاد اجتماعات المکتب وعند حضوره ینعقد براسته)، هەروەها داوای زیاد کردنی ئەو بڕگەیە کرا، بەو شێوەیە (یجتمع مکتب السکرتاریة مرة واحدة فی الشهر وعقد اجتماعات استثنائیة کل مادعت الحاجة الی ذالك) واتە زیاد کردنی بڕگەیەك و هەموار کردنی بڕگەی یەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش؟ د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 13 یەمی یاسایەکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی لێ دێت، یەکەم/ مەکتەبی سکرتاریەت بە دەستەی گشتی ئەنجومەنی تەنفیزی یەکێتی دادەندرێ و لەناو ئەندامانی دا دوو جێگر هەڵدەبژێرێت، یەکەمیان بۆ کارگێڕی و دووەمیان بۆ هونەری و کارەکان لەناو ئەندامانی دا دابەش دەکات، سەرۆکی یەکێتی ئامادەی کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سکرتاریەت دەبێت و بە ئامادەبوونیشی کۆبوونەوە بەسەرۆکایەتی ئەو گرێ دەدرێت، دووەم/ مەرجە ئەو کەسەی بۆ ئەندامیەتی مەکتەبی سکرتاریەت هەڵدەبژێردرێت کە لە هاووڵاتیانی هەرێم بێ و ماوەی ڕاژەی لە 5 ساڵ کەمتر نەبێت، سێیەم/ مەکتەبی سکرتاریەت ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت، أ/ جێ بەجێ کردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی گشتی، ب/ جێ بەجێ کردنی بڕیارو ئاراستە و ڕێنماییەکانی ئەنجومەنی تەنفیزی، ج/ سەرپەرشتی کردنی چالاکی لقەکان و دەرکردنی ئاراستە و ڕێنمایی پێویست بەو شێوەیەی کە بەرژەوەندی گشتی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بەدی بهێنێت و هەروەها پتەو کردنی پەیوەندی لەگەڵ دەستەی کارگێڕی لقەکان، أ/ پەسەند کردنی خەرجی پارەی پێویست بۆ جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی مەکتەبی سکرتاریەت لە سنووری دەسەڵاتە بڕیار لەسەر دراوەکان و ئەو بڕە پارە دیاری کراوەی بودجەی گشتی یەکێتی، هەروەها ئاڵوگۆڕی بڕە پارەی دیاری کراو لە کاتی پێویست دا، ب/ کارکردن بۆ بەهێز کردنی پەیوەندی لەگەڵ سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەریەکانی هەرێم و دەرەوەی هەرێم بەشێوەیەك کە خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی مامۆستایان و پرۆسەی پەروەردە لە کوردستانی عیراق بکات، ج/ ئامادە کردنی بوجەی ساڵانەی یەکێتی ژمێری و کۆتایی وە پێشکەش کردنیان بە ئەنجومەن، بۆ پەسەند کردن، د/ مەکتەبی سکرتاریەت مانگی یەك جار کۆدەبێتەوەو بۆی هەیە هەر کاتێك پێویست بوو کۆبوونەوەی نائاسایی ببەستێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیەکەی، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمەش دەقە عەرەبیەکەیەتی کە لە ئەسڵی یاساییەکە:

المادە 13

مکتب السکرتاریە

بەو شێوەیە هاتووە، ئێمە کە ڕێکمان خستووەتەوە:

المادة 10

تعدل المادة 13 من القانون وتقرأ کالاتی:

أولا/ مكتب السكرتارية يعتبر مكتب السكرتارية الهيئة العامة للمجلس التنفيذى للاتحاد، وينتخب من بين اعضاءه نائبين الاول اداری والثانی فنی، ئەوەی کە لە دوای ئەمەوە دێت وەکو خۆی دەمێنێتەوە وەك چۆن لە یاسایەکە هاتووە، ويقوم بتوزيع الاعمال بين اعضاءه ويحضر رئيس الاتحاد اجتماعات مكتب السكرتارية وعند حضوره ينعقد الاجتماع برئاسته، یەعنی دەسکاری ئەوەمان نەکردووە، ثانيا/ يشترط فيمن ينتخب لعضوية مكتب السكرتارية ان يكون من مواطنى الاقليم، ولاتقل خدمته عن خمس سنوات، ثالثا/ يمارس مكتب السكرتارية المهام التالية: أ/ تنفذ مقررات وتوصيات المؤتمر العام، ب/ تنفيذ مقررات و توجيهات و تعليمات المجلس التنفيذى، ج/ الاشراف على نشاطات الفروع واصدار التوجيهات والتعليمات اللازمة بما يحقق المصلحة العامة والعملية التربوية والتعليمية وتمتين العلاقة مع الهيئات الادارية للفروع، د/ اقرار صرف الاموال اللازمة لتنفيذ مهام مكتب السكرتارية فى حدود الصلاحيات المقررة و ضمن المبالغ المرصدة فى الميزانية العامة للاتحاد وكذالك مناقلة مبالغ معينة عند الضرورة، ه/ العمل على تعزيز العلاقة مع النقابات والمنظمات المهنية والجماهيرية فى الاقليم وخارجه بما يخدم المصلحة العامة للمعلمين والعملية التربوية فى كوردستان العراق، و/ اعداد الميزانية السنوية للاتحاد والحسابات الختامية وتقديمها الى المجلس للمصادقة عليها، ز/ يجتمع مكتب السكرتارية مرة واحدة فى الشهر وله عقد اجتماعات استثنائية كلما دعت الحاجة الى ذلك.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ ئەم خوشك و برا بەڕێزانە دەیانەوێ قسە بکەن، کاك حمە سعید، کاك امیر گوگە، کاك سالم، د.بشیر، د. ڕێباز، سیوەیل خان، کاوە محمد، کاك دلێر محمود، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە خۆمان بۆیە ئیعادەی دەسکاری نەسەکەمان نەکردووە بەس هێناومانە کردوومانە بە أ و ب و ج لە ئەسڵدا خۆی لە نەسی یاسایەکە 1 و 2 و 3 یە بۆ ئەوەی برادەران ئاگادار بن لێیان تێك نەچێت، تەنها بڕگەی زمان ئیزافە کردووە لە ئەخیری دا، بەڵام بۆ ئەوەی برادەران بەرچاویان ڕوون بێت، ئەم بڕگە

زیادەیە لە كویٚ هاتووە، بۆیە جارێكی تر هاتووینەتەوە و هەر هەموویمان جارێكی تر دارِشتووەتەوە، یەعنی هیچ ئیزافەیەكمان نەكردووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی ئەو عیبارەتەی كە دەڵێ مەكتەبی سكرتاریەت بە دەستەی گشتی ئەنجومەنی تەنفیزی یەكێتی دادەنـدرێت، مـن پێموایـە زیادەیـە و ماناكەشـی ناگونجێـت، چـونكە لـە مـاددەی 5 برگـەی 1 دا پێناسـەی دەستەی گشتی كردووە خۆی، دەڵێ دەستەی گشتی لە هەموو ئەو ئەندامانـەی یـەكێتی پێـك دێـت كـە پابەنـدی خۆیـان، كەواتـە دەسـتەی گشـتی لێـرە پێناسـەیەكی هەیـە لـە مـاددەی 5 دا و لـەم ماددەیەشـدا مانایـەكی تـری پێـداوە ، كەواتـە پێموایـە ئـەو عیبارەتـەی مەكتـەبی سـكرتاریەت، ئـەوە لابـبریٚ و هـەر یەكەمەكە یەكسەر لەناو ئەندامانی سكرتاریەت دا دوو جێگە هەڵدەبژێریٚ و لەوێوە دەست پیٚ بكات، ئـەوە یەك، دووەم، ئەوەی كە دەڵێ مەرجە ئەو كەسەی بۆ ئەندامیـەتی مەكتـەبی سـكرتاریەت هەڵدەبژێـدرێت هاووڵاتی هەرێم بن و ماوەی ڕاژەیان لـە 5 سـاڵ كـەمتر نـەبیٚ و ئـەوە دووبارەیـە، چـونكە لـە مـاددەی 6 دا وتـراوە لـە برگـەی ب وتـراوە كـە ئەمـە دووبارەیـە و پێویسـت ناكـات، ملاحـەزەی سـێیەمم ئەوەیـە ئـەو تەسەلسـولانە چـاك بكـرێن، چـونكە لـە كوردیەكـە ئەگـەر كوردیەكـە ئەسـاس بێـت یـان عەرەبیەكـە تەسەلسولەكان هەڵەی تیایە و چاك بكرێت و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك امیر فەرموو.

**بەڕێز امیر گوگە یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی ڤێ خالێ پێشنیار دكەم كو زێدە كرنا خالا دی ئەو ژی (یراع فی تشكیل مكتب السكرتاریة تمثیل مكون التركمان و الكلدان والسریان والاشوری الیها) چونكە ئێستا هەیە، لە مەكتەبی سكرتاریەت ئێستا هەیە و موكەون، پێشنیار دەكەم ئەو خاڵە زێدە بكەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك خلیل نوقتەی نیزامیت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببورن وەڵڵا بەس بۆ ڕوون كردنەوە لەسەر قسەكانی كاك حمە سعید بۆ هەموو لایەك و بۆ ئەوەی موناقەشـەی بـە هەڵـە لەسـەری نـەكرێت، یەكـەم نووسـراوە مەكتـەبی سـكرتاریەت بـە دەسـتەی گشـتی

دادەندرێت ئەوە بە هەڵە تەرجومە کراوە، چونکە مەکتەبی سکرتاریەت بە دەستەی کارگێڕی دادەنـدرێ و وەکو لـە نەسـە عەرەبیەکـە هـاتووە و دەڵـێ (تعتـبر مکتـب السـکرتارية الهيئـة العاملـة) ئـەوە بـە غەڵـەت نووسراوە هەیئەی عامە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مولاحەزەی یەکـەمم دەسـتی خـۆش بێـت کـاك خلیـل ڕاسـتی کـردەوە، مولاحـەزەی دووەمـم ئێمـە دەزانـین پێکهاتەی دەستەی سکرتاریەتی مامۆستایان بە تەوافوق بووە، ئێستا ئێمە وەکو کلـدان، سـریان، ئاشـووری و تورکمان نوێنەرمان لەوێ هەیە، ڕاستە لە مەشروعەکەی خۆیـان نـەهاتووە جـا نـازانم نـەهاتووە، کـەوتووە، سەهوە، مەقسودە؟!، موهیم نازانم پێشنیاری من لـە لیژنـەی هاوبـەش کـە ئـەوە ئیزافـە بکرێتـەوە، دووەم/ هیـچ ئیشارەت نەدراوە لەسەر مەوزوعی پلان لە ئەرکەکانی دەستەی مەکتەبی سکرتاریەت، ئایا ئەوان هیـچ پلانێکیان هەیە؟ ئـەرکی ئەوانـە پـلان داڕێـژن یـان نـا؟ وابـزانم ئـەرکی ئەوانـە ئیشارەتی پـێ بـدرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی ئەو ماددەیە دووەم لە (ثالثـا/ یشـترط فـیمن ینتخب لعضویة مکتـب السـکرتارية ان یکـون مـن مواطني الاقليم ولاتقل خدمته عن خمس سنوات)، سەرەڕای ئەوەی کە من مولاحەزەم لەسەر (خمسة)ـەکە هەیە، پێموایە 10 بێت کە پێشـتریش بـاس کـرا، لـە دە سـاڵ کـەمتر نـەبێت، بـەڵام ئـەو فەقەرەیـەی کـاملا ئیعادەیە، ئەوەتا لـە مـاددەی 6 لـە (ب) نەفسـی شـت هاتووەتـەوە، (یشـترط في مـن ینتخـب عضـوا في مکتـب السکرتارية ان یکون من مواطني الاقليم ولا تقل خدمته عـن خمـس سـنوات، نەفسـی شـت موکـەرەرە، بۆیـە پێویستە لێرە لابردرێت، مولاحەزەیکی تر لە هەموو یاسایەکان بە شێوەیەکی گشـتی مولاحـەزەی لوغـەوی کەلیمەی (یعتبر) لە زمانی عەرەبیەوە تەواو نیە دەبێ بکرێتە (یعد) لە جیاتی (یعتبر) (یعد)ەکە ڕاسـترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا لە چەند ماددەیەكی تریش هەر باسی ئەوە كرا كە زۆر لەو بابەتانە باس دەكرێت، كراونەتە ماددە و لەڕاستی دا ئیشی پەیڕەوی ناوخۆی یەكێتیەكەیە ویەعنی خەریكە هەموو ئەو بڕیارانەی كە لە كۆنگرە دراون دەبنە یاسا، ئەی باشە ئەگەر چوار ساڵی دیكە ئەو كاتە كۆنگرە كرایەوە و كۆنگرە ئەو بڕیارانەی گۆڕی دیسانەوە دەبێ ئەم یاسایە هەموار بكرێتەوە، ئەوە یەكێكە لە قسەكان كە من پێشنیار دەكەم بۆ ماددەكانی تریش یەعنی ئەوە لەبەرچاو بگیردرێت كە كۆنگرە كاتێك كە ئەمە هەموار دەكاتەوە ئەم یاسایە ڕێگر نابێ لە گۆڕانكاری لە پەیڕەوی ناوخۆی یەكێتیەكە، مەسەلەیەكی تر مەوزوعی پێنج ساڵەكەیە نازانم هەر دوو، سێ ساڵە كە باس لە سیاسەتی هێنانە پێشەوەی گەنج و گرنگی دان بە گەنج دەكرێت، بۆ بوون بە ئەندامی پەرلەمان 25 ساڵە، من 26 ساڵ بووم و بووم بە ئەندامی پەرلەمان، بوون بە ئەندام لە سكرتاریەتی یەكێتی مامۆستایان گرنگترە لەوەی ببی بە ئەندامی پەرلەمان، كە لێرە دەبێ 5 ساڵت هەبێ و10 ساڵت هەبێ و یەعنی پێم سەیرە، تەسەور دەكەم ئەوە تەناقوزە و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس قسەكانم كرا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاوە فەرموو.

**بەڕێز كاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی یەكەم كە باسی كۆبوونەوەكانی مەكتەبی سكرتاریەت دەكات و دەڵێت دەبێ سەرۆكی یەكێتی ئامادەی كۆبوونەوەكانی مەكتەبی سكرتاریەت بێت و بە ئامادەبوونیشی كۆبوونەوە بە سەرۆكایەتی ئەو گرێ دەدرێت، ئەوە شتێكی بەدیهیە بەڕاستی ئەگەر لە مەكتەبی سكرتاریەت سەرۆك ئامادە بێت، سەرۆكایەتی ئەو كۆبوونەوە دەكات، خۆ بە جێگرەكانی سەرۆكایەتی ناكرێت، بۆیە زیاتر پێویستی بەڕوون كردنەوەیە ئەگەر ئیشارەت بدرێت ئەگەر ئەو ئامادە نەبوو كێ كۆبوونەوەكە بەڕێوە دەبات؟، نەخۆشە یان غائیبە و یەعنی ئیشارەت بەوە بدرێت و لێرە ڕوون بكرێتەوە كە دوای ئەو كێ كۆبوونەوە بە مەكتەبی سكرتاریەت دەكات لە كاتی پێویست، هەروەها هەروەكو من پشتگیری لە قسەكانی د.ڕێباز دەكەم بەڕاستی هەندێ شت هەیە پەیڕەوە، لێرە بە قانون حەق نیە دابڕێژرێت، یەعنی پارە گۆڕینەوە ئیشێكی كارگێڕیە

و له حسابات و ئەوانە دەیدەن بۆ بکرێت بە برگەیەك و بە یاسا لە یەكێتی و لە رێكخراوەكە دا، پارە گۆرینەوە شتێكی زۆر سادەیە و بەراستی بە قانون حەق نیە لێرەدا دیاری بکرێت و زۆر سوپاس.

**بەرێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دلێر فەرمو.

**بەرێز محمد دلێر محمود:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ قسەكانی كاك كاوەم لەویا ئەو برگەی یەكەمە تەقریبەن تەواو نیە تۆ دووجێگرت داناوە یەكیان كارگێری و یەكیان فەنی، باشە ئەم دوو جێگرە هیچ دەسەلاتێكت بۆ دیاری نەكردوون، لە پەرلەمان دا سەیر دەكەی لە كاتێك دا كە دەزگایەكی زۆر گەورە ترە لە حاڵەتێك دا ئەگەر بێتو سەرۆك لەوێ نەبێ جێگرەكەی دەتوانێ سەرۆكایەتی كۆبوونەوەكان بكات، ئەمیش وا سەرۆكی یەكێتی مامۆستایانی كوردستان ئامادە نەبوو، پێویستە لێرە ئیشارەتی پێ بدرێت یەكێك لە دوو جێگرەكە یان جێگرە كارگێریەكە یان جێگرە فەنیەكە بە تایبەت جێگرە كارگێریەكە دەوری سەرپەرشتی كۆبوونەوەكان بكات، لێرە دەست نیشان بکرێت، نەوەكو لە مەكتەبی سكرتاریەت، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاردۆ فەرموو.

**بەرێز كاردۆ محمد پیردواد:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەرچەندە برادەران تێبینیەكانیان باس كرد، بەڵام بەراستی ئەم ماددەیە دارشتنی بەو شێوەیە لە پەیرەو وردەكاری زیاتر كردووە لە كاتێك دا هەموومان دەزانین دەبێ دەستەواژەكان سادە بن و روون بن و گشتیش بن و من پێموایە ئەگەر بڵێی مەكتەبی سكرتاریەت بە دەستەی كارگێری ئەنجومەنی تەنفیزی یەكێتی دادەندرێت و بەرپرسیارە لە جێ بەجێ كردنی راسپاردەكانی ئەو كۆنگرەیە و تا كۆنگرەی تر كە دەبەسترێ، ئیتر ئەوە پەیرەوە ئەوەی تر جێ بەجێ دەكرێت، چونكە هاتووەتە سەر ئەوەی بۆ نموونە پەسەند كردنی خەرجی پارەی پێویست بۆ ئاڵوگۆر كردن بەپارەی مامۆستایان و ئەوانە، یەعنی ئەم وردەكاریە وئەم حەقدانە پێموایە پێویست نیە، لەبەرئەوەی دەتوانین لە یەك دەستەواژەدا دەستەی گشتی كە مەكتەبی سكرتاریەتیشی تێدایە بەرپرسیاری جێ بەجێ كردنی بریار وراسپاردەكانی ئەم كۆنگرەیە، تا كۆنگرەی داهاتو، جگە لەوە نازانم دوو جێگریشیان داناوە بۆ جێگری یەكەم ودووەم نەبێ، جێگری میهەنی ئیشی چیە؟ یەعنی جێگری یەكەم بەرپرسی بڵێین مەكتەبی سكرتاریەتە، یان سەرۆكی سكرتاریەت رۆیشت جێگری یەكەم بچێتە جێگای ئەو و كارەكانی بكات، نەك هەردووكیان هاوسەنگ بن، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من جارێکی تر دەمەوێ بگەڕێمەوە سەر مەسەلەی تەمەن، ئەمە بۆ قیرائەی سێیەممان کە دەنگ بدەین، ڕاستە لە چەند یاسا تەمەن زەروری بوو، من ڕێزم هەیە بۆ ئەوانەی باسیان کرد، بەڵام ئەوە لە وەزیفە، لە کاری نەقابی تو ئەساس ئەمە نە چەند ساڵ مامۆستا بوو، لە کاری نەقابی چەند خیبرەی هەیە، بۆیە بەتەسەوری من ئەوەی جەخت دەکەین لە مونەزەماتی وەکو ڕێکخراوەکان و سەندیکاکان دەبێ هەڵگری ئەم شەهادەیە بێ و دەبێ عومری ئەمەندە بێت و دەبێ ئەوەندە خیبرەی هەبێ، خیبرەی لە کوێ هەبوو، خیبرەی لە تەدریس هەبێ هیچ سوودی نییە بۆ کاری نەقابی، ئێمە لە کاری نەقابی تێ نەگەیشتووین، کاری نەقابی بەرسنگی حکومەت و لایەنەکانی تر گرتنە، نەك کاری نەقابی هی زەمەنی بەعس و شیوعیەتە کە چەپڵە بۆ نیزام لێ بدەم، بۆیە ئەو کادیرانە ئەوانەی ڕوحیەت و گەنجایەتی و، فعلەن روحیەتی سەندیکایەتیان هەیە ئەساسن، بۆیە رجاتان لێ دەکەم لە هەموو ئەم بوارانەو هەموو ئەم ماددانەی باسی تەمەن کراوە لای بدەین، هەر لەبەر مەسەلەی عمریش و تاقەت هەر لەبەرئەوەی عیلاقەی تەدریس بەکاری نەقابی نایەت، ئەوە یەکەم، دووەمیان/ من بەڕاستی هەردوو مادده خۆزگە پێکەوە موناقەشەمان کردبا، جارێکی تر ئەم برادەرانەی کە شارەزانە لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی مەدەنی، مەجلسی ئومەنا هەیە و مەجلسی تەنفیزی هەیە، خەڵتەکی عەجیب لێرە لە بەینی ئەرکەکانی سکرتاریەت و ئەنجومەن هەیە، سەیرە ئەندامانی سکرتاریەت هەموویان ئەندامن لە ئەنجومەنی تەنفیزی، ئەنجومەنی تەنفیزی حەریسە لەسەر مانەوەی ئەو ڕێکخراوە وەکو کاك کاردۆ باسی کرد ، حەریسە لەسەر ئەوەی بڕیارەکانی کۆنگرە جێ بەجێ بکرێن، سکرتێر موهیم ترین کەسە لەناو ئەو ئەنجومەنە، سکرتێر ئیشە تەنفیزیەکان دەکات، سەرۆکی سەندیکا ئیشی چیە بچێتە ناو مەکتەبی سکرتاریەت دانیشێت وسەرکرداریەتی بکات؟، بەڕاستی من رجاتان لێ دەکەم جارێکی تر هەردوو مادده بەیەکەوە بیخوێنینەوە و ئیشی دانانی سیاسەت و حەریس بوون لەسەر ئەوەی ئەو ڕێکخراوە بە پێی یاسا و نیزام داخلی لەسەری دەڕوات جودا بکەین لە ئیشی تەنفیزی کە ئەمە ئیشی سکرتاریەتە، سکرتێر ئەندام بێت لە مەجلسی تەنفیزی بزانێ کێی تری تێدایە، جێگر و دوو جێگر و سێ جێگر ئەوە تەوافوقی سیاسی ناچارمان دەکات وابکەین، ئایا ئەو سەندیکایە پێویستی بە دوو جێگر هەیە؟ ئەسڵەن جێگر ئیشی دەبێ تەحدید بکرێت و دەبێ سکرتێر کە لەناو ئەنجومەنی تەنفیزیە ئەوانی تر تەمسیلی دەکەن، سکرتێر ئیشەکان هەمووی بکات و بچێتە مەکتەبەکەی خۆی تەنفیز بکات، بۆیە پێشنیار دەکەم باشە ئێمە ئەم شێوازەمان هەیە تاوەکو بگەینە دەنگدان لەسەری رجاتان لێ دەکەم جارێکی تر بیری لەسەر بکەنەوە، ئەو تێکەڵ و پێکەڵیەی لادەین ومەسەلەی عمر ڕەچاو نەکەین ڕەچاوی خیبرەی نەقابی بکەین نەك خیبرەی مامۆستایەتی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش؟ کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باسکرا کە هەندێ هینی زمانەوانی هەیە، ئەمە هەیئەی عامیلەیە کە دەبێتە دەستەی کارا نەك گشتی، تەسەلسولەکەش هەڵەی تیایە کە هەڵەی تەبعە و چاك دەکرێتەوە، سەبارەت بە مەسەلەی تەمەن لە ڕاستی دا ئەوەی کە باسکراوە نەك مەسەلەی تەمەن، مەسەلەی ساڵانی خزمەت، ئێمە بۆ خۆمان تێڕوانینێکی وامان هەبوو لە لیژنە کە ئەم ژمارە زۆرە کەم بکرێتەوە، بۆیە هەمان ڕوانگەمان هەبوو و هەمان تێڕوانینمان هەبوو کە بۆ کاری نەقابی و سەندیکایی ڕەنگە مەسەلەی ساڵانی خزمەت ئەو دووروودرێژیە پێویست نەکات، بۆیە دوای ئەم گفتوگۆیە، نازانم بەش بەحاڵی خۆم وەکو سەرۆکی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لەگەڵ ئەوەم کە ئەوە پەیڕەوی ناوخۆ بە جێ بهێڵدرێ لە قانونەکە هەر باس نەکرێت، هەروەها زۆر خاڵی تر و وردەکاری تریش هەیە کە پێویست ناکات لە قانونەکە باس بکرێت، پێویستە بە پەیڕەوی ناوخۆ، ڕەنگە تێڕوانینی واهەبێ و زۆریش مەنتقی و مەوزوعیە کە ئەسڵەن ئەم سەندیکا و یەکێتیانە پێویستیان بە یاسا نەبێ، یاسای سەندیکاکان لەژێر ڕۆشنایی ئەوە دا خۆیان پەیڕەوی خۆیان هەبێ خۆیان لە کۆنگرە دا ئیقراری بکەن و مەسەلە ببڕێتەوە، بەڵام ئێستا وا هاتووەتە پێشەوە وەکو عەرزمان کردن کە کاری یەکێتی مامۆستایان ئێستا لە سەر ئەم قانونە وەستاوە و دەبێ یاسایەکەیان بۆ دەربکەین بۆ داهاتووش پێویستە ئەم ئەشکالیەتە چارەسەر بکرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن حەز دەکەم ڕوون کردنەوەیەك بدەم لەم مەسەلەیە، زۆر جار ئەوە دووبارە دەکرێتەوە کە فلان مەوزوع بۆ پەیڕەوی ناوخۆ بەجێ بهێڵدرێ، فلان مەوزوع بهێندرێتە ناو یاساوە، لەڕاستی دا دوو ئیتجاه هەیە لە تەشریعی قەوانین، ئیتجاهێك هەیە کە دەڵێ با ئێمە هەموو شتەکان و وردەکاریەکان بە یاسا یاسامەند بکەین، یەعنی وەکو وڵاتانی پێشکەوتوو تەنانەت پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی لە قانونی ئەساسی وڵاتەکە داناوە بۆ ئەوەی هیچ مەجالی ئیجتهاد نەبێ کاتێ کە بیانەوێ پراکتیزەی بکەن، ئیتجاهێکی تر هەیە و دەڵێ نا با قانونەکان مەتاتی بن، یەعنی بە کولیات و قەواعیدی گشتی بێت دوایی پەیڕەوی ناوخۆ و یاسای تر بێن مەوزوعەکان چارەسەر بکەن، یەعنی ئێستا هەتا دەستووری عیراقی ئەگەر سەیری بکەین لە زۆر مادده کە باسی مافێك دەکات دەڵێ (وینظم ذلك بقانون) دوایی ئەو قانونە دەچێتە ناو لوعبەی سیاسیەوە و لە پەرلەماندا هەر کەسێ زۆرینە بێ بەلای خۆیدا ڕای دەکێشێ، بەڵام ئیتجاهی ئێستا یەعنی ئەگەر بمانەوێ کۆمەڵگا بەرەو قانونمەند بوون ببەین، بەرەو ئەوەوە ببەین کە یاسا سەروەر بێ و هەموو تاکێك پابەند بێت بە یاساکانەوە، بەڕاستی ئەو ئیتجاهە گونجاوترە لە کوردستانی خۆماندا

کە ئێمە هەموو وردەکاریەکان لە یاسا تەسبیت بکەین، نەك بیهێڵینەوە بۆ پەیڕەوی ناوخۆ لەوێ لەسەر ئەساسی تەوازونات مەسەلەکە حەل بکرێت، یەعنی ئەو دوو ئیتجاهە هەیە بەڕاستی یەعنی شەرت نیە کاتێك کە دەڵێی با ئەوە بخرێتە پەیڕەوی ناوخۆ ئەوە قسەیەکی ئەساسی و لە 100٪ بێت یان ئەوەی کە دەڵێین با هەموو شتەکان لە یاساکاندا جێ بەجێ بکرێ و هەموو وردەکاریەکان تەتەروقی بۆ بکەین، بۆیە ئەو مەوزوعە بەڕاستی دەبێ بە نەزەری ئیعتبار وەربگیردرێت کە ئایا فعلەن قۆناغی ئێمە و قۆناغی کوردستان داوای ئەوە دەکات شتەکان بە یاسا چارەسەر بکرێت و یاسا تەتەروق بکات بۆ هەموو وردەکاریەکان بۆ ئەوەی دوایی کە دێیتە سەر مەسەلەی جێ بەجێ کردن، خەڵك و هەر کەس بە کەیفی خۆی تەفسیری نەکات، کە نەس هەبوو ئیتر (لا اجتهاد فی مقابل النص) زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمان دیارە ئەم یاسایە کاتی خۆی کە دەرچووە لە کات و زەمەن و زروفی خۆیدا لە ساڵی 2002 دا کە دەرچووە، ئەم وردەکاریانەی تیا بووە، یان ئەوەتا ئێمە لێرەدا دەبێ ئیتفاق بکەین لەسەر ئەوەی کە ئەو مەساحەتی حوریە وەکو برای بەڕێزم د.صباح وتی یان ئەوەتا مەساحەی حوریەت بدەین بەو سەندیکایانە خۆیان پەیڕەوی ناوخۆی خۆیان و کە مەجالی مەتاتیەت و یاری پێ کردنێکی زۆری تیا بێت ئەم کارانە بکەن، یان ئەوەتا ئێمە دەبێ ئێستا حاڵی حازر پابەند بین بەو یاسایەی دەقە ئەسڵیەکەی کە لەبەردەستمانە، لەبەرئەوە یەعنی ئەمانەی کە هەیە لێرە هیچی نەهێناوەتەوە، خۆی لە دەقی یاسا ئەسڵیەکە هەیە، بۆیە تکایە ڕەچاوی ئەوە بکەن کە قسەکان وا تەوجیە نەکرێ کە ئێمە دامانناوە، بەڵکو ئەمە لە خودی یاسایەکەی ساڵی 2002 دا هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە خاڵی یەکەم پشتگیری لە کاك سالم و کاك امیر دەکەم، پێشتریش باسم کرد کە دوو نەتەوە ناوی نەهێنراوە لە یاسایەکە، ئەوە یەك، دووەم لە یاسایەکە هاتووە دوو جێگر دەبێ، جێگری کارگێڕی و هونەری، باشە ئیشی کارگێڕی چیە و ئیشی هونەری چیە؟ من زانیومە لەو جێگایەی کە هونەری هەبێت

دەبێ ئیشی عەمەلی هەبێت، جێگری یەکەم وەکو هەر ئیشی کارگێڕی وەزارەتی ڕۆشنبیری دەیکات، ئیشی ئۆلۆمپی دەیکات، بۆیە لێرە ئیشی هونەری چیە؟ دووەمین شتم ئەوەیە لە خاڵی دووەم مەرجە ئەو کەسەی کە بۆ ئەندامیەتی مەکتەبی سکرتاریەت هەڵدەبژێردرێت لە هاووڵاتی هەرێمی کوردستان بێت، ئەوە لە ماددەی 6 هاتووە، لە ماددەی 6 لە ماددەی 8ی یاسایەکە هاتووە، تەحدید کراوە ئەوە لەوێ، باشە ئەوە وابزانم ئەو بڕگەیە زیادەیە لێرە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز د.خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت بڕگەی دووەمەوە من نازانم بەلامەوە سەیرە کە دەڵێ ڕاژەی لە 5 ساڵ کەمتر نەبێت، یەعنی دوو حاڵەت هەیە، کاتێ کە یەکێك دەبێت بە ئەندام لە ڕێکخراوێك یاخود ئەوەیە لە مافەکانی ئەندام ئەوەیە کە مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی هەیە بۆ سەرجەم ئۆرگانەکانی ئەو ڕێکخراوە، یاخود مافی ئەندام بوونی لە ئۆرگانە باڵاکانی ئەو ڕێکخراوە بە بەسەر بردنی تەمەن لەناو ڕێکخراوەکەدا دەبەسترێتەوە، نەك بەڕاژەیەکی ئیداری، یەعنی من لێرە پێموایە یەکێتی مامۆستایان لەوە کەوتوونەتە هەڵەوە یەعنی مەسەلەن دەبوو لە باتی ئەوەی ماوەی ڕاژەی دەبوو بنووسرێ ماوەی بە ئەندام بوونی لە 5 ساڵ کەمتر نەبێ لە ڕێکخراوەکە دا، چونکە ڕاژەی ئیداری من پێم وانیە و ناکرێ لە پەیڕەوێك دا بێت کە پەیڕەوی ڕێکخراوێکی پیشەیی دیموکراسی یان ئەوەتا مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی هەیە بۆ سەرجەم ئۆرگانەکان، یاخود ئەوەیە دەبێ بڵێ ماوەی ئەندام بوونی لە 5 ساڵ کەمتر نەبێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا فەرمان فەرموو.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە سەرەتا هاتنی ئەو پرۆژە یاسایە و چۆنیەتی دروست بوونی لە کۆنگرە لە ئەنجامی دوو ئیدارەیی بوو، دوو یەکێتی مامۆستایانی کوردستانمان هەبوو، دەڤەری سلێمانی بە پەیڕەوی ناوخۆ کاری دەکرد، دەڤەری ئێرە یاسایەك دەرچووە ساڵی 2002 ی ژمارە 4 ی پەرلەمانی کوردستان پەسەند کرا، زیاتر ئەوەی لێرە کێشەی خستە بەردەم پەیڕەوی ناوخۆی کە لە دەڤەری سلێمانی کاریان پێی دەکرد، بۆیە ئەوەی کە ئێستا لەبەردەستمان دایە پەیڕەوی ناوخۆی ئیدارەی سلێمانی نیە، ئەو پرۆژە یاسایەیە کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لە ساڵی 2002 ەوە پەسەند کراوە بە ژمارە 4ی ساڵی 2002 ،بەڕاستی ئەگەر ئێمە بمانەوێ دەسکاری بڕگەکان بکەین دەبێت دەسکاری ئەو بڕگانە بکەین کە لێرە لە یاسایەکە دایە مەسەلەی تەمەنە، کۆمەڵێك ئەشەکالی تریشە، ئەگەر هاتو ئێمە دەسکاری نەکەین دەبێت یاسایەك کە

وەکو هاتووە ئەوها بەڕاستی پەسەند بکرێت، ناکرێ ئێمە دوو لایەنە دەسکاری هەندێك بکەین و دەسکاری هەندێك نەکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە هەندێ بابەت هەیە کە پەیوەندی بە پەیڕەوی ناوخۆوە هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی یاسای ساڵی 2002 ئەو بابەتانەی ڕێك خستووە ناکرێت پەیڕەوێك بکەن و پێچەوانەی ئەو یاسایە بێت ئێمە ناچارین لێرە دەسکاری بکەین، واتە هەموار کردنی یاسایەکە زەرورەتە، باس لە حاڵەتێك کرا کە کێشەی یاسایی هەیە، ئەگەر سەرۆکی یەکێتی ئامادە نەبوو، لە یاسای ژارە 4 ی ساڵی 2002 لە دوو ماددە ئەو کێشەیە چارەسەر کراوە، یەکیان لە ماددەی 9 بڕگەی 1 کەوا سەرۆکی یەکێتی بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی تەخویل بکات، هەروەها لە ماددە 10 هەمان شت چارەسەری ئەو کێشەیە کراوە ئەگەر سەرۆکی یەکێتی ئامادە نەبوو واتە ئیش و کارەکان ڕاناوەستن کەسانی دیکە دەتوانن بەو ئیشە هەستن، باس لە بەشداری کردنی پێکهاتەکان کرا لە سکرتاریەت ئێمەش پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەین و پێشنیارێکی باشە، لە ماددە 14 یش وابزانم ئەو ماددەی کە دواتر دێین گفتوگۆی لەسەر دەکەین ئەوە چارەسەری ئەو کێشەیەش کراوە، سەبارەت بە هەموار کردنی بڕگەی یەکەم ئێمە پشتگیری لە پڕۆژە یاسایەکە دەکەین، بەڵام زیاد کردنی بڕگەیەك بۆ ئەوەی چۆنیەتی و لە چەند ماوەیەك مەکتەبی سکرتاریەت و ئەنجومەنی تەنفیزی کۆبوونەوە بکەن، ئێمە لەگەڵ زیاد کردنی ئەو بڕگەیە نین لەبەرئەوەی ئەوە مادام لە ئەسڵی یاسایەکە نەهاتووە و لەپەیڕەوی ناوخۆ ئەو کێشە چارەسەر دەکرێت پێویست ناکات ئێمە لێرە باسی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی بۆ ماددەیەکی تر؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 14، ماددەی 14 یش لە بڕگەی یەکەم و دووەم پێك دێت و هەر بڕگەیەك لەچەند خاڵێك پێك دێت، ئەوەی پێشنیار کراوە بۆ هەموار کردنی خاڵی 1 لە بڕگەی یەکەم، پێشنیاری ئەوە کراوە کە قەزاکان زیاد بکرێت، ئەوانەی کە لە ماددەی 2 گفتوگۆمان لەسەری کرد، ژمارەی مامۆستایان لە 3500 مامۆستا کەمتر نەبێ یان زیاتر بێت بە چ شێوەیەك دواتر بزانین پەسەند دەکرێت، وشەی قەزاکان زیاد بکرێت، هەروەها پێکهاتەکانیش زیاد بکرێت، بەو شێوەیە خاڵی یەکەمی بڕگەی یەکەمی ماددەی 14 هەموار بکرێت، (یجتمع مندوبوا المحافظات والاقضية التی لاتقل عدد معلميها عن ما جاء فی المادة 2 من هذا

القانون المنتخبون لعضوية المؤتمر العام، بعد اتمام اعمال المؤتمر لانتخاب هيئة الفروع من بينهم والتى تتكون من تسعة اعضاء اصلين وعضويين احتياط بالنسبة للمحافظات وسبعة اعضاء اصليين وعضوين احتياط بالنسبة للاقضية ويراعى مكون كلد و اشورى فى فرع اربيل ودهوك و التركمان فى اربيل فقط وباشراف مكتب السكرتارية) سەبارەت بە خاڵی دووەمی ماددەی 14 پێشنیاری ئەوە کراوە بڕگەیەك زیاد بکرێت بە ڕێز بەندی بڕگەی 3 (تجتمع هيئة الفرع مرة واحدة فى الشهر ولو لعقد اجتماعات استثنائية كل ما دعت الحاجة الى ذلك) پێشنیاری ئەو بڕگەیەیە بۆ خاڵی دووەمی ماددەکە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش؟ کاك د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 11، ماددەی 14 هەمی یاسایەکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی لێ دێت:

یەکەم/أ/ نوێنەرانی پارێزگا و یەکە کارگێڕیەکان کە ژمارەیان کەمتر نەبێ لەوەی لە ماددەی 2 ی ئەم یاسایەدا هاتووە و هەڵبژێردراون بۆ ئەندامیەتی کۆنگرەی گشتی پاش تەواو بوونی کارەکانی کۆنگرە کۆدەبنەوە بۆ هەڵبژاردنی دەستەی لق لەناوخۆیان کە ئەویش بۆ پارێزگاکان لە 9 ئەندامی سەرەکی و دوو ئەندامی یەدەگ و بۆ یەکە کارگێڕیەکانی دیکە لە 7 ئەندامی سەرەکی و دوو یەدەگ پێك دێت، ب/ دەستەی لق لە یەکەمین کۆبوونەوەی خۆیدا سەرۆکێك بۆ لق و بەرپرسی لیژنەکانی دەستە هەڵدەبژێرێت، ج/ لەو لقانەدا کە نەتەوەکانی دیکەی وەکو تورکمان و کلدان و سریان و ئاشور بوونیان هەیە، ڕەچاوی ئەوە دەکرێت کە کورسی تایبەتیان بۆ تەرخان دەکرێت، دووەم دەستەی لق ئەم ئەرك و دەسەڵاتانەی خوارەوە بەکاردەهێنێت، أ/ جێ بەجێ کردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی مەکتەبی سکرتاریەت، ب/ گفتوگۆ لەسەر بودجەی ساڵانەی تایەبت بە لقەکان لە چوارچێوەی بودجەی ساڵانەی یەکێتی و جێ بەجێ کردنی ڕێنماییە داراییەکان و سندوقی دابین کاری بە پێی حاڵەتەکان، ج/ دەستەی لق مانگانە یەك جار کۆدەبێتەوەو بۆی هەیە هەر کات پێویست بوو کۆبوونەوەی نائاسایی ببەستێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیەکەی، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الماده 11

تعدل الماده 14 من القانون وتقرأ كالاتي:

**المادة الحادية عشرة:** تعدل المادة الرابعة عشرة من القانون و تقرأ كالآتي:

**أولا:** هيأت الفرع

**1- يجتمع مندوبوا المحافظات و الوحدات الأدارية التى لاتقل عدد معلميها عن ماجاء في المادة الثانية من هذا القانون، المنتخبون لعضوية المؤتمر العام بعد اتمام أعمال المؤتمر لأنتخاب هيئة الفرع من بينهم و التى تتكون من تسعة أعضاء أصليين و عضوي احتياط بالنسبة للمحافظات و كذلك سبعة أعضاء أصليين و عضوي أحتياط بالنسبة للوحدات الادارية الأخرى.**

**1- تنتخب هيئة الفرع في أول أجتماع لها رئيسا للفرع و مسؤولى اللجنة في الهيئة.**

**3- يراعى في الفروع التى تتواجد فيها قوميات أخرى كالتركمان و الكلدان السريان الأشور بأن تخصص مقاعد لهم.**

**ثانيا: تمارس هيئة الفرع المهام و الصلاحيات التالية:**

**1- تنفيذ مقررات و توصيات مكتب السكرتارية.**

**2- مناقشة الميزانية السنوية الخاصة بالفروع ضمن الميزانية السنوية للأتحاد و تنفيذ التعليمات المالية و صندوق الضمان و بحالاته.**

**3- تجتمع هيئة الفرع مرة واحدة في الشهر وله عقد أجتماعات أستثنائية كلما دعت الحاجة الى ذلك.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**کی تێبینی هەیە؟ئەڤین خان، کاك جمال، ئەڤین خان فەرموو.**

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەرچەندە من بەشێوەیەکی گشتی مولاحەزەیەکم هەبوو لەسەر هەموو یاسایەکە و تەعدیلەکە هەرچەندە ئەمە یاسایەکە لە ساڵی 2002 بە ژمارە 4 هاتووە دەبووایە کە کاتێ کە تەعدیل کرا من ڕێزم بۆ هەموو ئەندامانی لیژنە و سەرۆکایەتی لیژنە و هەروەها لەگەڵ یەکێتی مامۆستایانیش هەیە دەبووایە تەعدیلەکان خۆی بەم شێوە وردەکاری تیا نەبووایە چەند ختوتێکی عامیان داناوە بۆ ئەوەی دەستیان فراوان تر بووایە، بەلآم لەگەڵ ئەوەش دا ئێستا کە دێین موناقەشەی ئەو ماددەیە دەکەین دەبینین لەم ماددەیە ڕۆیشتووەتە زۆر تەفاسیلی وردەوە، یەعنی بەڕاستی پێویست ناکات ئەم تەفاسیلە وردە لەناو یاسایەك دا دیاری بکرێت کە دیاری بکات لقێك و یاخود لە یەکەیەکی ئیداری چۆن کۆبوونەوە دەکەن کارەکانیان چۆنە؟، ئەمە زۆر ورد دەکات.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەڤین خان زەحمەت نەبێ بۆ ئەم ماددەیە ڕەئیت چیە؟ فەرموو.**

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەفوم بكە لەسەر ئەم ماددەیە دەڵێم ئەم تەفاسیلە وردەی كە ئێستا لەم ماددەیە هاتووە هیچ پێویست نیە بۆیە ئەمە لەگەڵ ئەوەم ئەسڵەن ئیلغا بكرێتەوە، هەر لە یاسا ئەساسیەكەشەوە ئیلغا بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جمال فەرمووو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(اولا : یجتمع مندوبوا المحافظة)، ئێستاش ئێمە گوتمان فەرع، داعی نیە دووبارە تیكرار بێتەوە، یەكسەر بڵێین (یجتمع مندوبوا الفرع المنتخبون.....) داعی نیە دووبارە (الوحدات الاداریە........)، ب/ تنتخب هیئە الفرع فی اول اجتماع لها رئیسها) رەئیسی فەرع داعی نیە، بیكەین بە رئیسها، ج/ خاڵی دووەم/ تجتمع هیئة الفرع مرة واحدة فی شهر (ولە) نابێ لوغەویەن (لها) ، چونكە لێرە بۆ هەیئەیە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من جارێكی تر بۆ ئەندامانی بەڕێزی باس دەكەمەوە ئێمە لە ماددەی پێشوو دا هەمان مولاحەزە دراوە، (تجتمع هیئة الفرع مرة واحدة فی الشهر ولها عقد اجتماعات استثنائیة كلما دعت الحاجة) هەر خۆشی لە ماددەی پێشووش دا بە هەمان شێوە هاتووە، كاتێ باسی مەجلسی تەنفیزی دەكات ئەوان وتوویانە ئیجتماعاتی دەوری سێ مانگ جارێك، ئێمە وتوومانە نەخێر بۆچی سێ مانگ جارێك ئێوە دەبێ كۆببنەوە و یەكتری ببینن لە مانگی جارێك دا، كە خۆشیان داوایان كردووە مانگی جارێك بێت، كە تۆ مەكتەبی سكرتاریەت و هەیئەی تەنفیزی مانگی جارێك بێتەوە، مەفروزە فەرعەكانیش مانگی جارێك كۆببنەوە، بۆیە ئەمە ئیزافە كراوە، بۆ ئەوەی ئاگاداری یەكتری بن و دوای ئەوە من بەڕاستی یەعنی كە باس لەوە دەكەن، برای بەڕێزم كاك جمال باسی كرد كە دەڵێ (یجتمع مندوبوا المحافظات والوحدات الاداریة التی لایقل معلمیها عنما جاء فی المادة الثانیة من هذا القانون) كە دێت و دەڵێت (المنتخبون لعضویة المؤتمر العام) یەعنی ئەوانەی كە ئەندامی كۆنگرە بوون، ئەوانە دێن جارێكی تر پاش ئەوەی كە كۆنگرە تەواو دەبێ و هەیئەی فەرع ئینتخاب دەكەن، لەگەڵیان دەبن بۆ ئەوەی ئینتخاب كردن، بۆیە بۆ ئاگاداریتان ئەم یاسایە وەك خۆی چۆن هاتووە لە ساڵی 2002 بەو تەعدیلاتانەی ئەوان داوایان كردووە ئێمە ئیزافاتمان نەخستووەتە سەری خۆی بەو وردەكاریە هاتووە، ناشكرێ ئێمە كە ئەوان نەیان وتوو ئیلغای بكەن، هیچ

لایەنێك و موئتەمەر خۆشی نەیوتووە ئیلغای بکەن، ئێمە ئێستا ناتوانین جارێکی تر ئیلغا بکەین با بڕیارێك دەربچێت هەرچی ئەم وردەکاریانە هەیە لە هەموو یاساکاندا ئیلغا بکرێت، ئەوسا ئێمەش وا دەکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لە هەموار کردنی خاڵی یەك لە بڕگەی 1ی ماددەی 14 دەکەین، بەڵام ئەو پێشنیارەی کە کراوە بە زیاد کردنی بڕگەیەك چۆنیەتی کۆبوونەوە و لە ماوەی چەند کۆببنەوە و ئەوە پێویست ناکات ئێمە لەگەڵ دانین، ئەوە بۆ پەیڕەوی ناوخۆ بەجێ بمێنێ، هەروەها لەگەڵ هەموار کردنی بڕگەی 2یش نین، چونکە ئەویش بەهەمان شێوە پێشنیاری ئەوە کراوە کە بڕگەیەك زیاد بکرێت بۆ چۆنیەتی کۆبوونەوە، ئێمە لەگەڵ دانین، تەنها پشتگیری لە هەموار کردنی خاڵی 1 ی بڕگەیەکەمی ماددەی 14 دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەیەکی تر؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 15 لە سێ بڕگە پێك دێت یەکەم و دووەم و سێیەم، ئەوەی کە پێشنیار کراوە بە ڕیزبەندی 4 بۆ بڕگەی 3 ی ماددەی 15 بەو شێوەیە:

تقوم لجنة القضاء بالتنسيق مع هيئة الفرع بانتخاب ممثل الاتحاد في المدارس ذات العدد الكبير من الهيئة التعليمية لتوثيق الصلة بين الاتحاد وقاعدته الجماهيرية وارسال التعليمات وتوجيهات الاتحاد اليه واعلام الاتحاد بمطالبهم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش؟ کاك د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 15 بڕگەی 3 لە ماددەی 15 یەمی یاسایەکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێت:

سێیەم/ ئەرکەکانی لیژنەی قەزا، أ/ جێ بەجێ کردنی بڕیار و ئاراستەکانی دەستەی لق بە سەرپەرشتی کردنی کاروباری یەکێتی لق و قەزاکە دا، ج/ بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی خولی بۆ دەستەی لق سەبارەت بەوەی بە پێویستی دەبینێ کاری یەکێتی و بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردە و فێرکردن، د/ لیژنەی قەزا بە

هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی لق لەناو دەستەی مامۆستایان دا نوێنەری یەکێتی لە قوتابخانەکان هەڵدەبژێرێت لە پێناوی بەهێز کردنی پەیوەندی نێوان یەکێتی و بنکەکانی و گەیاندنی ڕێنمایی و ئاراستەکانی یەکێتی پێیان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

به عەرەبیەکەی، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثانية عشرة:** تعدل الفقرة (ثالثا) من المادة الخامسة عشر من القانون وتقرأ كالآتي:

**ثالثا: مهام لجنة القضاء:**

أ_تنفيذ قرارات و توجيهات هيئة الفرع.

ب_الاشراف على أمور الاتحاد في القضاء.

ج_ رفع تقارير دورية الى هيئة الفرع حول كل ماتراه ضروريا لأداء الاتحاد و لرفع مستوى التربية و التعليم.

ه- يقوم لجنة القضاء بالتنسيق مع هيئة الفرع بانتخاب ممثل الاتحاد في المدارس من بين الهيئة التعليمية لتوثيق الصلة بين الاتحاد و قاعدته وتوصيل تعليمات و توجيهات الاتحاد اليهم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس پرسیاری هەیە؟ سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی ئەو ماددەیە، د) هەیە لە ئەسڵی ماددەکە هاتووە (تقوم لجنة القضاء بالتنسيق مع هيئة الفرع بانتخاب ممثل الاتحاد فی المدارس ذات العدد الكبير) باشە ئەگەر (ذات العدد الكبير) بێ و ئەگەر ژمارەی مامۆستایان لە قوتابخانە 15 بێت یان 20 بێت، ئەدی ئەو قوتابخانەی کە پێنج مامۆستای هەیە یان شەش مامۆستای هەیە کە پێی خۆش بوو نوێنەری هەبێ لە یەکێتی مامۆستایان یان ببێتە نوێنەری مامۆستایان لەبەرچی یان عەدەدی کەبیریان دانەنایە، بەڵام من هاوڕام لەگەڵ لیژنەی پەروەردە و کۆمەڵی مەدەنی کە نووسراوە (تقوم لجنة القضاء بالتنسيق مع هيئة الفرع بانتخاب ممثل الاتحاد فی المدارس من بين الهيئة التعليمية لتوثيق الصلة .......... الخ) واتە عەدەدی کەبیر نەبێ، لە گەڵ ئەسڵی ماددەکە نیم و لەگەڵ ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە و کۆمەڵی مەدەنیم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمەش پشتگیری لەو داڕشتنەوەیە دەكەین كە لەلایەن لیژنەی پەروەردەوە پێشكەش كراوە، بە زیاد كردنی بڕگەیەك بەو شێوەیەی كە لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە هاتووە و سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك د.عمر فەرموو.**

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**وەك باسكرا ئەوان لە پرۆژە پێشنیار كراوەكە دا باسی ئەوەیان كردبوو كە ژمارەیەكی زۆر هینی هەبێت، بەس ئێمە ئەم ژمارە زۆرەمان و ئەم تەعبیرەمان پێ باش نەبوو و لامان برد بەو شێوەیەی كە پێشكەش كرا سیاغەمان كردووەتەوە، خاڵێكی تر هەیە ڕەنگە پێویستی بە لەسەر وەستان بێ كە دەڵێ نوێنەری یەكێتی لە فوتابخانەكان، پێشتر ئاماژەمان پێی دا ئەگەر ئێمە زانكۆكان ئیزافە بكەین و پێویستە لەگەڵ فوتابخانەكان دا بڵێین دامودەزگاكانی پەروەردە وخوێندنی باڵا ئەمە دەمێنێتەوە سەر ئەوەی كە لە ئایندە دا دەنگدان چۆن پرسەكە یەكلا دەكاتەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**ماددەیەكی تر؟ د.ڕۆژان فەرموو.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی 16 باس لە مالیەیەی ئیتحاد دەكات، دارایی یەكێتی، ئەوەی پێشنیار كراوە، بڕگەی یەكەم هەڵبوەشێندرێتەوەو بەشێوەیەكی دیكە دابڕێژرێتەوە (تحذف الفقرة واحد المكون من أ و ب و ج و د وكذلك الفقرة 2 وتحل محلها 1/ ثلاثة الاف دينار يدفعها الاعضاء، آلية جمعها يحددها المجلس التنفيذي ويوزع على الشكل التالي: 70٪ سبعين بالمئة اي مايعادل 2100 الفين و مئة دينار لحساب صندوق الضمان، 20٪ عشرين بالمئة ما يعادل600 ست مئة دينار لحساب الفرع، 10٪ عشرة بالمئة ما يعادل ثلاث مئة دينار لحساب مكتب السكرتارية) هەروەها پێشنیاری هەموار كردنی بڕگەی 7 لە هەمان مادده كە ماددەی 16 پێشنیار كراوە هەموار بكرێت، (تحذف النسبة 40٪ اربعين بالمئة وتحل محلها 10٪ عشرة بالمئة وتقرأ الفقرة كما ياتي) واتە ڕێژەكە 40٪ بووەو پێشنیاریان كردووە ببێتە 10٪، (يتم نقل نسبة 10٪ عشرة بالمئة من الموارد المالية الواردة في الفقرة اولآ الى حساب مكتب السكرتارية بمصارف الاقليم من قبل الفرع).**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی هاوبەش؟ كاك د.صباح فەرموو.**

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 13

**ماددەی سێزدەیەم:**

**ماددەی شازدەیەمی یاساکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکریت :**

**یەکەم : دارایی یەکێتی لەمانەی خوارەوە پێکدێت :**

1- پارەیەك بە بڕی (3000) سێ هەزار دینار کە ئەندامان بە پێی میکانیزمێکی دیاریکراو لەلایەن ئەنجومەنی تەنفیزی دەیدەن ، کۆنگرەش بۆی هەیە بڕی بەشداریی مانگانە بگۆڕێت ، ئەم پارەیەش بەم شێوەیە دابەش دەکرێت :

أ-70٪حەفتا لەسەد بۆ حسابی سندووقی دابینکاری .

ب-20٪ بیست لەسەد بۆ حسابی لق .

ج-10٪ دە لە سەد بۆ حسابی مەکتەبی سکرتاریەت .

2- ئەو بەخشین و یارمەتییانەی لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە پێشکەش دەکرێن .

3- داهاتی چالاکییەکانی یەکێتی .

4- قازانجی وەبەرهێنان .

5- بری کرێی مولکە نەگوازراوەکانی یەکێتی .

**دووەم:** کۆنگرەی گشتی چۆنیەتی خەرجکردن لە برگەکانی ( أ،ب،ج) ی بەندی یەکەم دیاریدەکات و پێویستە دەستە کارگێرییەکانی لقەکان پابەند بن بەو رێنماییانەی لەم بارەوە دەردەچن ، و لیژنە تایبەتەکان بەناوی (لیژنەی دابینکاری و لیژنەی یارمەتیدانی ئەندامان ) بە مەبەستی جێبەکردنی ئەو رێنماییانە پێکدەهێنرێن .

**سێیەم:** کردنەوەی حساب لە بانکەکانی هەرێم .

**چوارەم:** بریارەکانی لیژنەی دابینکاری و لیژنەی یارمەتیدانی مامۆستایان لە کۆبونەوەکانی لقدا پەسەند دەکرێن .

**پێنجەم:** ژمێریاری یەکێتی ملکەچی چاودێری یاسایی و دارایی دەبێت .

**شەشەم:** هیچ ئەندامێك بۆی نیە داوای مافە داراییەکان بکات ئەگەر ئەندامێتی لە یەکێتیدا لە دەست بدات.

**حەوتەم:** رێژەی 10٪ دە لەسەدی سەرچاوە داراییەکان کە لە برگەی ( یەکەم : ج) لە بەندی یەکەم هاتووە ئەگوێزرێتەوە بۆ حسابی مەکتەبی سکرتاریەت لە بانکەکانی هەرێم لە لایەن لقەوە .

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیەکەی، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە 13

**تعدل المادە سادسە عشر من القانون وتقرأ كالاتى:**

**أولا/ تتكون ماليە الاتحاد مما يلى: أ/**

**1- مبلغ و قدره ثلاثة آلاف دينار يدفعها الأعضاء بموجب آلية يحددها المجلس التنفيذي و للمؤتمر صلاحية تغير مبلغ الإشتراك الشهري و توزع بالشكل التالي:**

**أ- 70٪ لحساب صندوق الضمان.**

**ب- 20٪ لحساب الفرع.**

**ج- 10٪ لحساب مكتب السكرتارية.**

**2- المنح و المساعدات المقدمة من قبل حكومة الإقليم.**

**3- ريع نشاطات الإتحاد.**

**4- فوائد الإستثمارات.**

**5- بدلات إيجار العقارات المملوكة للإتحاد.**

**ثانياً/ يحدد المؤتمر العام كيفية الصرف للفقرات (أ، ب، ج).**

**ئێمە بۆیە ئەوەشمان هێناوە دەرجمان کردووە لەبەر ئەوەی لە نەصە ئەصلییەکە (أ، ب، ج، د)بووە، ئەو (د)ش خۆی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە لە (40٪) بووە بە (10٪)، بۆیە ئەم گۆڕانکارییانەمان جارێکی تر لێرە دەرج کردۆتەوە.**

**ثانياً/ يحدد المؤتمر العام كيفية الصرف للفقرات (أ، ب، ج) من البند الأول و على الهيئات الإدارية للفروع الإلتزام بالتعليمات الصادرة بهذا الخصوص و تشكل اللجان الخاصة بإسم لجنة الضمان و لجنة مساعدة الأعضاء لتنفيذها).**

**ثالثاً/ فتح حساب في مصارف الإقليم.**

**رابعاً/ تتم الموافقة على قرارات لجنة الضمان و لجنة مساعدة المعلمين في إجتماعات الفرع.**

**خامساً/ تخضع حسابات الإتحاد للرقابة القانونية و المالية.**

**سادساً/ لايحق لأي عضو مطالبة الإتحاد بالحقوق المالية إذا فقد عضويته في الإتحاد.**

**سابعاً/ يتم نقل نسبة 10٪ من الموارد المالية الواردة في الفقرة (ج) من (أولاً) إلى حساب مكتب السكرتارية في مصارف الإقليم من قبل الفرع.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ تێبینی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناوی خۆیان نووسیوە: حەمە سعید، بلال سلیمان، هاژە سلیمان، بەیان أحمد، کاوە محمد أمین، فەرموو کاک حەمە سعید.**

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەوەش دیسان وردەکارییەکی ترە کە ئەم یاسایە لائیحەکە چۆتە ناوی کە ئەو تەفصیلی وەرگرتنی پارە و سەرچاوەکان و چۆنیەتی خەرجەکەی، کە دەبوایە هەر بە عیبارەتێك بیوتایە ئەوە عایدی بەشی ئیدارە و مالە، یان بەشێکە عایدی مالیە و حیساباتە، ئەوە یەك، خاڵێکی تر/ پێموایە سێ هەزار دینار زۆرە، چونکە ژمارەی مامۆستایان خۆیان زۆر زۆرن، ئەو سێ هەزارە بکرێ بە هەزار، خاڵێکی تر/ ئابوونەکە کە کۆ دەکرێتەوە بەشی کردووە لە 70٪ی بۆ سندووقی زەمان، 20٪ بۆ لقەکان، 10٪ی بۆ سکرتارییەت، ئەی ئەو مینەح و موساعەداتەی تر؟، سەرچاوەکانی تر کە چوار سەرچاوەی ترن، دەبوایە ئەو چوار سەرچاوەیەش نیسبەی بۆ لقەکان و بۆ سندووقی زەمان و بۆ سکرتارییەت، ئەو نیسبەش بۆ ئەوان دیاری کراوە، بۆچی نیسبەکە تەنها بۆ ئابوونەکە دیاری دەکرێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بیلال، فەرموو.

**بەڕێز أحمد سلیمان (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوڕام لەگەڵ برای بەڕێزم کاك حەمە سعید، بەڕاستی ئەم ماددەیە زۆر وردەکاری تێدایە، ئەسڵەن نەك هی پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکانە بە ڕەئی من، هەر دەبوایە بە ڕێنمایی لە بەشی دارایی ئەوە کیفایەت بوو، نەك هەتا بکرێ بە یاسا، ئەم پارەیەش وەکو کاك حەمە سعید باسی کرد، زۆر زۆرە سێ هەزار، هەزار دینار پێموایە بەسە و کیفایەتە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

هاژە خان، فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تەنها لەسەر خاڵی یەکەم تێبینیم هەیە، من پێموایە بڕی پارەکە تەحدید نەکرێ، ئەو سێ هەزار دینارە، هەر بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە (ئابوونەی ئەندامان کە بە پێی میکانیزمی دیاری کراو لەلایەن ئەنجومەنی تەنفیزی دەیدەن)، یەعنی چونکە بەڕاستی تەحدید کردنی پارەکە ئەو یەکێتی یە، یەکێتی یەکی ئارەزوومەندانەیە، یەعنی ناکرێ تۆ لەسەری فەرز بکەی ئەو مەبلەغە، بۆیە ئەوە دەکرێ بە پێی ئەو ڕێککەوتنەی کە خۆیان دەیکەن لە ناو یەکێتییەکە، دەتواندرێ بەو شێوەیە ئەوە بکرێ، بۆیە یەعنی پێموانی یە کە لێرە تەحدیدکردنی پارە باش بێت، هەر بەو شێوەیە بێت، ئابوونەی ئەندامان بە پێی میکانیزمی دیاری کراو لەلایەن ئەنجومەنی تەنفیزی دەیدا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەیان خان، فەرموو.

**بەڕێز بەیان أحمد كۆچە ری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز پشتەڤانێ گۆتنێ كاك حەمە سعیدێ دكەم، ئاخافتنا من هاتنە گۆتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا كاوە، فەرموو.

**بەڕێز كاوە محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەللاّ منیش هەر لەگەڵ ئەو ڕایەم بڕە پارەكە دیاری نەكرێ، لەبەر دوو سەبەب، یەكێكیان/ لەبەر ئەوەی دەڵێ كۆنگرە دەسەڵاتی هەیە پارەكە زیاد و كەم بكات، كەواتە بۆ ئێمە لێرە تەسبیتی بكەین كە كۆنگرە دەسەڵاتی هەبێ، ئەوەش وەكو ڕێنمایی وەكو شتێكی فەقەرەیەكی پەیڕەو دێ، ئێمە لێرە لە فەقەرە یەكی یاسایی ئەوەی بكەین هەر بۆ پەرلەمانیش نابێ دوایی كۆنگرەیەك دەسەڵاتی زیاتر بێ لە دەسەڵاتی پەرلەمان كە قانونێك دابنێ دوایی ئەوان دەستكاری بكەن، لەبەر ئەوە پارەكە دیاری نەكرێ و بۆ یەكێتی مامۆستایان و كۆنگرەی مامۆستایان لێ بگەڕێن باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاستی دا ئێمە زۆر گفتوگۆمان لەسەر ئەوە كرد، پێمانوابوو كە ڕەنگە تەحدیدكردنی بڕەكە، ئابوونەی مانگانە لە داهاتوودا دیسان ئیشكالیەتی قانونی بۆ یەكێتی مامۆستایان دروست بكات، ئەگەر كۆنگرەكە بڕیاری دا نیسبەتەكە زیاد بكرێ، دیسان دەبێ یاساكەی بۆ هەموار بكرێتەوە، بەڵام ئەوان دوای گفتوگۆ پێیان باش بوو كە سێ هەزار بێ، لەبەر ئەوەی ئەوە بڕیاری كۆنگرەیە، خۆیان لەسەری ئیتیفاقیان كردووە، ئەوە یەك، دوو/ تەحدیدكردنی بڕەكەشی پێیانوابوو كە دیوانی چاودێری دارایی ئەوان لە ڕەقابەدا پێویستیان بەوە هەیە بۆیان تەحدید بكرێ، بەم شێوەیەش تەقسیم و تەوزیع بكرێ، لە ڕووی ڕەقابەی مالی و چاودێری داراییەوە ئەوان ئەوەیان بە پێویست زانی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە لە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا هەندێ لە تەفاصیلەکەشمان لابردووە، ئەگینا ئەوان تەنانەت نووسیبووشیان ئەو سێ هەزار دینارە یەعنی بۆیە کەم کردنەکە و زیادکردنەکە لە هینی ئێمەدا نیە، چونکە خۆیان تەوزیعاتیشیان بۆ کردووە، دەڵێ/ لە 70٪کەی کە دەکاتە 2100 دینار بۆ سندووقی زەمان، لە 20٪کەی کە دەکاتە 600 دینار بۆ مەصاریفی فەرعەکە، لە 10٪ی کە دەمێنێتەوە کە دەکاتە 300 دینار بۆ مەکتەبی سکرتارییەت، بیزەبت ئەوە کاتی خۆشی کە هاتووە، باس کراوە بە هەمان شێوە کراوە، وتوویانە پێنج دینار، دوو دیناری بۆ زەمان بێ، دینارێکی بەدەل ئیشتیراکی سندووقی وەفیات بێ، ج............

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان ئەو تەفصیلاتانەی ناوێ، تکایە، پێویست ناکات، بڵێ ئێمە دامان نەناوە، ئەو تەفصیلاتە پێویست ناکات، مامۆستا فەرمان فەرموو.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دانانی ئەو سێ هەزار دینارە بەڕاستی لەبەر ئەوەیە ئەندامێتی ئێستا لە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ئارەزوومەندانەیە، یەعنی گەرەنتی ئەوە نیە هەمان ڕێژەی مامۆستایان کاتی خۆی کە لەگەڵ سەرەمانگ لەگەڵ راتب لێی دەبات، ئێستا ئەو مامۆستایانە هەموو ئەندامن، من دەیان مامۆستا دەناسم، دەڵێ من نابمەوە ئەندامی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، کەواتە ئەو سێ هەزار دینارە دانراوە لەبەر ئەوەی گەرەنتی ئەو ژمارە زۆرەی مامۆستایانی وەکو وتمان (120) هەزار مامۆستانە، کەواتە ئەگەر نەبی، دەبێ ڕێژەکە زیاد بکرێ، بۆ ئەوەی بەلایەنی کەمەوە ئەو مەصروفاتەی، یان ئەو دەستەبەرییەی کە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دابین دەکات بۆ مامۆستایان پێی دەربچێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلیل، فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا هەموو ئەو وردەکارییەی کە هاتووە بەڕاستی ئەوە دەرەنجامی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی یەکێتی مامۆستایانە، خۆی کێشەکە لە پەسندکردنی ئەو ڕێکخراوانە لە پەرلەمان دا ئەوەیە ئەگەر بێتو ئەوان هەرچییەك بڵێن ئەوە ئیرادەی خۆیانە، ئەگەر بێت و ئەو ڕێکخراوە سبەینێ کۆنگرەیەکی نائاسایی ببەستێ کە لە شەش مانگ دا، حەوت مانگ دا پێموایە کۆنگرەی بەستووە، وەکو کۆمەڵێ بڕیار و ڕاسپاردە

پێشنیاری هەموارکردنی یاساکان دووبارە بکەنـەوە، دەبـێ ئێمـە لێـرە دووبـارە تەعـدیلی بکەینـەوە، یـەعنی حـەز دەکـەم لای هـەمووتان ڕوون و ئاشـکرا بـێ ئێمـە لەسـەر ڕۆشـنایی بڕیـار و ڕاسـپارەکانی ئـەوان ئـەو تەعدیلاتانە لێرە دەکەین، وەکو وتم ئەگـەر سـبەینێ کۆنگرەیـەکی نائاسـاییش بکـەن، دووبـارە دەبـێ ئێمـە ئەگەر ئەوان تەعدیلاتیان بوێ بیانەوێ یاساکەیان هەمواربکەنـەوە دەبـێ ئێمـە لێـرە هـەمواری بکەینـەوە، یـەعنی ئـەوە ویسـت و خواسـتی هـیچ لـەم لێژنانـە نیـە، ڕاسـتە گۆڕانکـاری لـە زمانـەوانی و لـە هەنـدێ لـە فەقەرەکان دا کرابـێ بـۆ ئـەوە، بـەڵام لـە نـاوەڕۆکی گشـتی داواکـاری و بابەتـەکانی ئـەوان کـە دەگـۆڕێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لە پرۆژەکە دەکەین کە پێشـکەش کـراوە و پێشـنیار کـروەاە، بـەڵام تێبینیـەکمان لەسـەر ئـەو بڕگەیە هەیە لە ڕاپۆرتی لێژنەی پەروەردە هاتووە (للمؤتمر صلاحیة تغیر مبلغ الإشتراك)، کـە بـڕە پارەکـە لە یاسا دیاری کرا، ئەو دەسەڵاتە بۆ بدەینە کۆنگرە کە بڕە پارەکە دەستکاری بکات؟ دەستکاری کردنی بـڕە پارەی دیاری کراو لە ناو دەقـی یاسـایەك واتـا هـەموارکردنی یاسـاکە، ئایـا کـۆنگرە دەسـەڵاتی ئـەوەی هەیـە یاسایەك هەموار بکات؟ بۆیە ئەو دەستەواژەیە هەڵگیرێ، ئەو ڕستەیە، لە خاڵی یەکی بڕگەی یەکەم و ئێمە پشتگیری لە پێشنیارەکە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە ئەو ماددانە بوو کە لە پرۆژە یاساکەی ئاماژە پێ کرابوو هەموار بکرێ، ئەو ماددانە تەواو بـوو، بـەڵام لە ڕاپۆرتی لێژنەی پەروەردە پێشنیاری هەموارکردنی چەند ماددە و بڕگەیەکی تر کـراوە، ئێمـە پشـتگیری لە پرۆژەکە دەکەین بەو شێوە و بەو ماددانەی کە پێشکەش کران.

**بەڕێزد.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چواردەیەم/ ماددەی نۆزدەیەمی یاساکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێ، (ئـەو یـەکێتی یـەی بەپێی ئەم یاسایە دامەزراوە نوێنەرایەتی مامۆستایانی کوردستان دەکات لە ناوە و دەرەوەی هەرێم).

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة عشر/ تعدل المادة التاسعة عشر من القانون و تقرأ كالآتي:

الإتحاد المؤسس بموجب هذا القانون يمثل معلمي كوردستان-العراق داخل الإقليم و خارجه.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ تکایە ناوەکان، ئەم خوشك و برایانە ناوی خۆیان نووسیوە، دڵشاد حسین، عبدالله ملا نوری، عەزیمە خان، پەیمان عزالدین، فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ئەم تەعریفەی کراوە ئەم یەکێتی یە بە پێی ئەم یاسایە دامەزراوە نوێنەرایەتی مامۆستایانی کوردستان دەکەن لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، ئەوە دژ بە ئازادی ڕێکخراوبوونە، چونکە ئەم یەکێتی یە تەنها دەتوانێ نوێنەرایەتی ئەندامانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بکات لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، چونکە زۆرینەی مامۆستا هەیە ئەندام نی یە لەم ڕێکخراوە، ئەم یەکێتی یە ناتوانێ نوێنەرایەتی ئەم بکات کە ئەندام نەبێ لەم ڕێکخراوە، بۆیە پێم باشە وای لێ بکرێ، بە پێی ئەم یاسایە نوێنەرایەتی ئەندامانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دەکات لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالله، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ کاك دڵشاد دا بەڵام دەمەوێ تۆزێك وردەکاری زیاتر بڵێم، لە ڕاستی دا دەقەکە تۆزێك یەعنی هەست دەکەی شموولی خوازی یە، یەعنی ئەوها نازانم چەند دەقەکە هینە، چونکە لە سێ خاڵ دا دەردەکەوێ بۆ، یەکەم/ مادام ئەندام ئازادە لەوەی ببێ بە ئەندام، کەواتە ئازادە نەبێ بە ئەندامیش، واتا کە نەبوو بە ئەندام، واتا من قبوڵم نی یە تۆی سەندیکا نوێنەرایەتی من بکەی، وەکو چۆن قبوڵم نی یە ببمە ئەندام، کەوابێ نوێنەرایەتی کردنی تۆشم قبوڵ نی یە نوێنەرایەتی من بکەی، بە مانایەکی تر یەعنی کە لێرە لەو پرۆژە یاسایە هاتووە دەڵێ/ ئەندام ئازادە با بڵێین مامۆستا ئازادە ببێ بە ئەندام، بەڵام پرۆسەکە لێرە کۆتایی نایێ، یەعنی تۆ بە پێی ئەم پرۆژەیە دەڵێ تۆ باشە ئازادی ئەندام مەبە، بەڵام من لەلای خۆمەوە بڕیارم داوە نوێنەری تۆبم، یەعنی ئەوە بە شێوەیەك لە شێوەکان جگە لەوەی کە، ئینجا لە خاڵێکی تریشدا تۆ بە پێی دەستووری عیراق ماددەی (39) کە دوو بڕگەیە، بڕگەیەکیان ئازادی ڕێکخراوەی دامەزراوە، دواتر با بڵێین ئازادی کۆمەڵەی ڕێکخراو هەیە بە پێی بڕگەی دووەمی مادام ئازادی بوون بە ئەندام کە ئازادی نەبی بە ئەندام، ئەم دەقە دواتر لە ماددەی با بڵێین لەو یاسایە یاسای ژمارە (4)ی لەو یاسایە کە ڕەنگدانەوەی هەبووە، لەوێش دا کە تۆ مادام دەرفەت دەڕەخسێنی کۆمەڵەی جیا جیا هەبێ کەوابێ بۆچوونی جیا جیا هەیە، یەعنی من قبوڵمە ئەم کۆمەڵەیە نوێنەرایەتی من بکات، ئەم یەکێتی یە

نەیکات، لە شوێنێکی تریش دا جارێکی تر جیاوازی دەردەکەوێ، مادام بە پێی ئەم یاسایە، یاسا ئەصلەکە یەکێتی یاخود کۆمەڵە بۆی هەیە، بابڵێین دەبێ خاوەنی ئامانج بێ، کە ئامانج هەبوو ئامانج لای من شتێکە، بەڵام لەلای کۆمەڵەیەکی تر شتێکی ترە، لای مامۆستایەك ، لای مامۆستایەکی تر جیاوازی هەیە، بۆیە ئەم دەقە جگە لەوەی کە ناکۆکە بە دەستووری عیراق، ناکۆکە بەجارێ گەردوونی مافی مرۆڤ و ئەوانە کە ئینسان ئازادە لەوەی کە دەبێ بە ئەندام، ناکۆکە بە یاسا ئەصڵەکەش، یەعنی با بڵێین یاسای ژمارە (18)ی ساڵی 1993 کە یاسای پێدانی مۆڵەتە بۆ یەکێتی و کۆمەڵەکان، بۆیە من پێشنیار دەکەم هەرچەندە کاك دڵشاد دەقێکی وت، منیش ئەم دەقە دەڵێم نازانم چەند لەگەڵ ئەوەدا یەك دەگرێتەوە، دەکرێ بڵێی ئەو یەکێتی یەی بە پێی ئەو یاسایە دامەزراوە نوێنەرایەتی مامۆستایانی ئەندامی ئەم یەکێتی یە دەکات لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، بۆیە هیوادارم ئەو گۆڕانکاری یەی تیادا بکرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

عەزیمە خان، فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ڕەئیەکەی کاك عبداللە دەکەم، چونکە ئەم ڕێکخراوە ڕێکخراوی ئەم مامۆستایانەیە کە ئەندامن لەو ڕێکخراوە، بەڵام مامۆستاش هەیە ئەندام نیە، ناکرێ بڵێین نوێنەرایەتی مامۆستایانی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو پێیەی لە سەرەتا ئێمە وتمان بە ئەندام بوون لەم سەندیکایە ئارەزوومەندانەیە، کەواتە ئەوانەی کە ئەندامن لە ناو ئەو سەندیکایە، ئەم سەندیکایە حەقیەتی تەمسیلیان بکات، ئەوانەی کە ئەندامن، خۆ ناچێ لە خۆیەوە نوێنەرایەتی یەکێك بکات کە ئەندامی نیە، چونکە ئێمە لە سەرەتاوە ئەگەر بەڕێزتان ئاگادار بن وتمان ئارەزوومەندانەیە، کە ئارەزوومەندانە بێت کەواتە مافی ئەوانە هەتا ئێستاش، بەیارمەتی خۆتان، هەتا ئێستاش ئەم یەکێتی یە هەموو لایەنەکانی کۆ کردۆتەوە پێکەوە بە بیرو بۆچوونە جیاوازەکانیشەوە، بەو شێوەیە ئێستا تاقە شوێنە، تاقە سەندیکایە کە هەموو بیرو بۆچوونە جیاوازەکانی لە خۆی کۆکردۆتەوە، کەواتە دەتوانێ بڵێ من نوێنەری ئەوانەم کە ئێستا ئەندامن لەلای من، بەڵام ئەگەر هاتو ئەوە نەما و بە شێوازێکی تر بوو، ئەوە ئەوسا (لكل حادث حدیث).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتە نیزامییەکەم لەسەر دەقەکەیە، دەقەکە ئەو مەفهومە نادا کە سۆزان خان ئاماژەی پێ دا، دەڵێ/ نوێنەرایەتی مامۆستایانی کوردستان، تەواو ئیتر کوردستان کێیە؟ هەموو مامۆستایان دەکات، گۆڕان و یەکگرتوو و پارتی و هەموو حیزبەکان، دواییش لە بیرمان نەچێ یەك شت هەیە، خەڵك هەیە حیزبی نیە ئەصلەن قبوڵی نیە، ئەم سەندیکایە سەندیکای کۆمەڵێ حیزبە، خەڵك هەیە بێ لایەنە، قبوڵی نیە ئەندامی ئەم سەندیکایە بێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان، فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی ئێمە نەچینە هەندێ وردەکارییەوە دوایی تووشی مواجەهەش نەبین لە بەینی یەك دا، حەق نیە خۆمان بکەین بە وەکیلی سەندیکا، یەعنی سەندیکا خۆی ئەزانێ چی کردووە و نوێنەری کێیە و نوێنەری کێ نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

د. صباح، فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم یاسایە بۆ موعالەجەی وەزعێکی فیعلی ناو هەرێمی کوردستان دادەنرێ، ئێستاش ئێمە لە هەرێمی کوردستان دا یەك یەکێتی مامۆستایانمان هەیە، ئەم یەکێتی مامۆستایانە ڕێ دەکەوێ سبەی موئتەمەرێك دەکرێ بۆ مامۆستایان لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ئاستی ئاسیا، لە ئاستی هەموو دونیا، خۆ دەبێ مامۆستایانی کوردستان نەقابەیەك هەبێ تەمسیلیان بکات، ئەوجا فیعلەن ڕەنگە کەسانێك هەبن ئەندامی ئەم یەکێتی مامۆستایانە نەبن، بەڵام ئەوانە کەمینەن، یەعنی زۆرینەی کوردستان ئێستا 124 هەزار مامۆستامان هەیە، هەیە مەسەلەن دەڵێ من ئەندام نابم تیایدا، بەڵام مانعی نیە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان تەمسیلی کوردستان بکات، خۆ ئێستا لە مەسائیلی سیاسیشدا ئەو کەسانەی کە تەمسیلی هەرێمی کوردستان دەکەن، تەمسیلی لە 100٪ی هەموو خەڵکی هەرێمی کوردستان ناکەن، بەڵام

تەمسیلی نیسبەتی زۆرینەیە دەکەن لە ڕووی یاساییەوە ئەو مافەیان هەیە تەمسیلی کوردستان بکەن، بۆیە بەڕاستی ئەم دەقە هیچ ئیشکالێکی لەسەر نیە، تەعبیر لە واقعێك دەکات، ئێمەش دەزانین یەکێتی مامۆستایانی کوردستان کە ئێستا هەیە هەموو لایەنەکانی تێدایە، تەمسیلی هەموو لایەنەکان دەکات، هیچ ئیشکالێکیشی تێدا نیە، ئێستا ئێمە هەر مولاحەزەیەکیشمان هەبێ لەسەر ئەداکە خۆ ئەم یاسایە بۆ ئەمڕۆ و بۆ ئەم زەرف و فیعلە دانانرێ، سبەینێ کە کۆنگرە دەبەسترێ ڕەنگە تەشکیلەی یەکێتی مامۆستایانیش گۆڕانکاری بەسەر بێ، بەڵام ئێمە لەبەر خاتری ئەوەی وەجهی نێو نەتەوەییمان وەجهێکی ڕۆشن و پرشنگدار بێ هیچ مانعێك نیە کە ئێمە ئەم دەقە لێرەدا بەو شێوەیە کە هاتووە و تەسبیتی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵلا من حەز دەکەم تەوزیحێ بدەم بە ئیجازەی خۆتان، لە هیچ دونیایەك دا نیە هیچ حیزبێکی سیاسی، هیچ سەندیکایەك تەمسیلی 100٪ی شەریحەکەی خۆی بکات، یان تەبەقەکەی خۆی بکات، یان میللەتەکەی خۆی بکات، نیە لە دونیادا، بەڵام کە 70٪ی هێنا، 80٪ی هێنا حەتمەن ئەو تەمسیلی دەکات، فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە زۆرینە بەدەست بێنێ، بەڵام ئەوە سەندیکایە، قسەیە لەسەر دیمەکراسیەت و قسەیە لەسەر مافی تاك کە ئەندام دەبێ لە چ کۆمەڵە و ڕێکخراوێك دا، ئێمە بە مانەوەی ئەو دەقە گەرەنتی بۆ چەند ساڵی داهاتووش دەدەین کە لەبەر ئەوەی ئەو سەندیکایە هیچ سەندیکایەکی تر دروست نەبێ، کە ڕەنگە لە دەرەوەی ئەو پێکهاتانەی کە ئێستا ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی لە یەکێتی مامۆستایان دا بن، کۆمەڵێك مامۆستای تر جیا لەوەی کە سەر بە هیچ پارتێك و لایەنێك نەبن لەوانەی کە ئێستا هەن، داوای پێکهێنانی سەندیکایەکی تر کە یەکێتییەکی تری مامۆستایان بکەن، هەر بۆخۆی موتەناقیزە لەگەڵ ئەم هەموارەدا، ئەم پرۆژە هەموارەیە کە دەڵێ ئەندامێتی لە یەکێتی مامۆستایان دا ئارەزوومەندانەیە، ئێمە بابێینە سەر ئەوە، من گۆڕانم لەبەر ئەوەی گۆڕان بە لیستی سەردەم لە ناو یەکێتی مامۆستایان دایە، شەرت نیە من بڕوام بە یەکێتی مامۆستایان هەبێت و ئەندام بم تیایدا، یەعنی دەکرێ یەکێتی بێ، پارتی بێ، گۆڕان بێ، هەر حیزبێکی تر بێ، بەڵام ئەندام نەبێ لەو سەندیکایە، بڕوات بەو یەکێتی مامۆستایانە نەبێ، لە دەرەوە ڕێك بکەوی لەسەر ئەوەی یەکێتییەکی تری مامۆستایان پێك بهێنی، ئەوە کۆت کردنی یەکێتی مامۆستایانە، سنووردارکردنێتی بەو کۆمەڵەی کە ئێستا هەن، ڕێگە گرتن لە مافی ئازادی دروست کردنی سەندیکا و یەکێتی تر بۆ مامۆستایان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخير كەس كاك دڵشاد، دوايى ئێوە جواب بدەنەوە، كاك دلشاد فەرمووو.

**بەڕێز دڵشاد حسين قادر:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئێمە كێشە لەسەر زۆرينە و كەمينە نيە هەروەكو پەيمان خان وتى، ئەوە دژ بە ئازادى تاكە كە خۆى ئيختيار دەكات لە چ ڕێكخراوێك دا دەبێ بە ئەندام، دوو/ هەموو ڕێكخراوێك تەمسيلى ڕێكخراوەكەى خۆى دەكات، نابێ تەمسيلى شموولى بكات، ئەوە ڕێ گرتنە لەبەردەم دروستبوونى ڕێكخراوى تردا، تەمسيلى شموولى لەو عەقليەتەوە هاتووە كە لە ئەنزيمەى شموولييەوە هاتووە، كە بۆ ئەوەى نەقابەيەك دادەنێ تەمسيلى بە خۆشى بێ و بە خۆشى نەبێ من تەمسيلى تۆ دەكەم، ئێمە لاريمان نيە تەمسيلى زۆرينەى مامۆستايانى كوردستان دەكات، كەس لارى لەوە نيە، بەڵام تەمسيلى ئەندامانى خۆى بكات كە زۆرينەى مامۆستايانى كوردستانن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكى پەرلەمان:**

لێژنەى هاوبەش، فەرمووو.

**بەڕێز د.عمر حمدامين خدر(نورەدينى):**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

لە ڕاستى دا ئەو مامۆستا بەڕێزانەى كە ئەندامن لە يەكێتى مامۆستايان، هەيە بێ لايەنە و سەر بەهيچ حيزبێكيش نيە، ئەندامى يەكێتى مامۆستايانە، بۆيە ڕێكخراوى يەكێتى مامۆستايان ڕێكخراوى مامۆستايانى حيزبە سياسييەكان نيە، بەڵكو چەندان و دەيان و سەدان مامۆستا هەيە بێ لايەنە و سەر بە هيچ حيزبێكى سياسيش نيە و ئەندامە لەو ڕێكخراوە، لەوانەيە پێچەوانەكەشى هەر هەبێ، بە هەر حاڵ ئێمە دەڵێين نوێنەرايەتى، بەڕێزان قسە لەسەر نوێنەرايەتى كردنە، هەندێ حاڵەتى ئەوتۆ هاتۆتە پێشەوە بەڕاستى لە ڕابردوودا كە يەكێتى مامۆستايان بانگهێشتى كۆنگرەيەكى ئيقليمى كراوە، كۆنگرەيەكى نێودەوڵەتى كراوە، لەم حالەتانەدا يەكێتى مامۆستايان نوێنەرايەتى مامۆستايانى كوردستان دەكات، ئەوە لەبەر ئەوەش كە ئەندام بوون لە يەكێتى مامۆستايان ئارەزوومەندانەيە و بە ئازادانەيە، كەواتە مەسەلەى نوێنەرايەتى ناكۆك نيە لەگەڵ ئازادى تاك و ئيتر مافى مرۆڤ، چونكە يەكێتى مامۆستايان لە ئێستاش دا تاكە ڕێكخراوە و نوێنەرايەتى زۆرينەش دەكات، ئەگەر ئى هەمووش نەكا، ئێمە ناڵێين هەمووى دەكات، بەڵام زۆرينەى مامۆستايانى كوردستان دەكات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ياسايە يان يەكێتى مامۆستايان لە ئايندەدا ڕێگر نيە لەبەردەم دروستبوونى سەنديكاى تر، ئەگەر سەنديكاى تريش بۆ مامۆستايان دروست بكرێ خۆ بێگومان ئەم سەنديكايەش بە گوێرەى ياسا و لەسەر بنەماى ياسايى دروست دەبێ، كاتێك كە بە گوێرەى ياسا سەنديكايەكى تر دروست دەبێ، ڕەنگە دەقێكيش بێت كە بڵێ ئەم سەنديكايەش لە نوێنەرايەتى كردن دا هاوبەش دەبێ لەگەڵ يەكێتى مامۆستايان، بۆيە ئيشكاليەكە بەو شێوەيە نيە كە ئێمە هەوڵ بدەين كە ببێتە پرسێكى ئاڵۆز، تەنها وەكو باسمان كرد قسە لەسەر نوێنەرايەتى كردنە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەداخەوە دەیڵێم جارێکی تر، لەبری ئەوەی ئەم سەندیکایانەی ئێمە هەوڵ بدەین زیاتر بەرەو ئاراستەی پیشەبوونیان بەرین، کە ئەوانە ئەو خەڵکانە دەگرێتە خۆی کە پیشەیان مامۆستایە، واقعەکەی ئێمە وا فەرزی کردووە بە لیست و لیست کاری و بە تەوافوق ئەو شتانە هەموو ڕێکخراوە، بەلام هیچیش مومانەعەت نیە لەوەی ئەگەر هاتو سبەی ڕۆژێ مەجموعەیەکی تر کە هەمان پیشەیان هەیە، بەلام باوەڕیان وایە کە کۆمەڵەیەك یاخود سەندیکایەك بۆ خۆیان دابمەزرێنن، بەلام تەبعەن ئەوسا ئیشکالیەتی قانونی ئەوەیە کە نابێ لە ژێر هەمان ناودا بێت، دەتوانن بۆ خۆیان دایبمەزرێنن، هیچ ڕێگریەکی تر نیە، ئەندام بوون ئارەزوومەندانەیە، هیواداربووم ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان دا تەشجیعی بە پیشەیی بوونی ئەو سەندیکایانەمان بکردایە، نەك تەشجیع کردنی ئەوەی کە سبەی ڕۆژێ ئەوانە مەجموعەیەك، لیستێکی لێ جیا دەبێتەوە، یاخود سەندیکایەکی تر دروست دەکات، هەوڵ بدەین ئەو سەندیکایە زیاتر فێری کاری سەندیکایی ببن، زۆر باشترە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر موناقەشەی لەسەر کرا عظیمة خان، باشە عظیمة خان ئاخیر کەسە، فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە قسەمان لەسەر ئەوەیە، ئێمە نالێین ئەم ڕێکخراوە نوێنەرایەتی زۆرینەی مامۆستایان ناکات، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین بە مامۆستایانی سەردەمیشەوە و بە مامۆستایانی هەموو لیستە جیاوازەکانیشەوە، ئەم ڕێکخراوە بە تەوافوق ئەو یاسایە و ئەو پەیڕەوەیان ڕێك خستووە، بەلام ئەوەی کە لەو یاسایە جێی گومانە، ئێمە ئەبێ حیساب بۆ کەمینەیەکیش بکەین کە مامۆستا هەیە بێ لایەنە، ئەندام نیە لەم ڕێکخراوەدا، بۆیە ئەڵێین ئەم یەکێتیە بە پێی ئەم یاسایە دامەزراوە، نوێنەرایەتی مامۆستایانی ئەندام بکات لەم ڕێکخراوەدا، نوێنەرایەتی مامۆستایانی ئەندام لەم ڕێکخراوەدا، بەلام ئەوەی کە ئەندام نیە لەم ڕێکخراوەدا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

موناقەشە زۆر کرا بۆ سەر ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پازدەم:

ماددەی بیست و یەکەمی یاساکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێ:
سەرۆکی یەکێتی و دوو جێگرەکەی و سێ لە ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت و سەرۆکی لقەکان تەرخان کراو، واتا موتەفەریغ دەبن، بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کار و ئەرکەکانی یەکێتی.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة عشرة:

تعدل المادة الحادية و العشرون من القانون و تقرأ كالاتي:

يكون رئيس الاتحاد و نائبيه و ثلاثة اعضاء من مكتب السكرتارية و رؤساء الفروع متفرغين لانجاز اعمال و مهام الاتحاد.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ تەنها سێ لە ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت موتەفەریغ بن؟، ئێمە لە پێشدا باسمان کرد، ئەوانە لەبەر ئەوەی داکۆکی لە مافی مامۆستایان دەکەن، پێمان باشە کەوا هەموو ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت و هەموو ئەندام لقەکانیش هەتا موتەفەریغ بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش؟

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە پێشنیاری لێژنەی هاوبەشە کە بەم شێوەیە کە هاتووە، لە راستیدا ئێمە تەفەروغی بەشێکمان بە پێویست زانیوە، لەبەر ئەوەی هەندێ بەش هەن، کە ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت هەندێ بەش وەردەگرن، بۆ ئیش و کار و ئیدارەدانی رۆژانەیان، ڕەنگە سەرقاڵتر بن و وا پێویست بکات هەندێ بەش هەنە زیاتر کاری هەیە لە کارەکەی تریان، ئیتر دەمێنێتەوە سەر ئەنجام بۆ ئێوە ئایا هەموویان موتەفەریغ بن بەو صیغەیەی کە هاتووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

وەلا ئێمەش رەئیەکمان هەیە لێرە، چەند یەکێتی ئاوا و سەندیکای ئاوا و رێکخراوی ئاوامان هەیە، هەموویان ژمارەیەکیان موتەفەرغ بن، ئاخیر دەبێت؟، فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بۆخۆم ڕەئیم وایە کەسیان موتەفەرغ نەبن، لەبەر ئەوەی لەکاری پیشەیی دادەبڕێن، یەعنی ئەو پێویستە لە پیشەکەی خۆیا بێ، کاتەکانیان تەوزیع بکەن، لە کاتێك دەوام بکەن کە بتوانن لەکاری مامۆستاییان نەبێ، پاش نیوەڕۆییان یان بەیانیان، پێویست ناکات موتەفەرغ بن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم لە جیاتی موتەفەرغ بوون، ئەو کەسە پۆستی نەبێ، چونکە ئەو سەندیکایە ئیشی ئەوەیە بەرگری لە مامۆستا بکات، ئەگەر خۆی بەرپرسی لقیش بێ، لەهەمان کاتیش مودیر عام بێ، یاخود بەڕێوەبەری قوتابخانەیەك بێ، ئەگینا چۆن ئەتوانێ بەرگری لە مامۆستایەك بکات، لە شوێنی موتەفەرغ بوونەکە ئەو بێ کە پۆستێکی نەبێ، پلەیەکی نەبێ لەناو بەڕێوەبەرایەتیەکانا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش ڕەئیم وایە کە ئەو تەفەروغە لابرێت، چونکە یەکەم هەموومان ئەزانین ئیشی ڕێکخراو، ئیشی نەقابی، عادەتەن دوای نیوەڕۆییانە، لەبەر ئەوە ئیشی لەگەڵ مامۆستایانەو، مامۆستایانیش بۆخۆیان لە ئیشان، جگە لەوەی کە لە ڕووی عەمەلیەوە ئێمە کە تەفەروغ کردنی ئەو کەسانەی کە لە هەیئەی باڵای ڕێکخراوەکانان، ئەمە بەردەوام بوونە لە دروست کردنی مەسئولیەت، مەسئولیەتێك کە هەیبەتێکی هەیە، نابێ ئیتر دەوام بکات، هەر بۆیەش کە دوای ناتوانین لە دوای تەواو بوونی پۆستەکە بگەڕێینەوە ئیشەکانی خۆمان، چونکە ئەو جۆرە هەیبەتەی ئەدەینی، بۆیە من لەگەڵ تەفەروغا نیم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەمان بۆچونی برادەرانم هەیە، بەڕێزیشتان باستان کرد سەدان سەندیکا و ڕێکخراو هەیە، ئەگەر هەر سەندیکا و ڕێکخراوێك چەند کەسێك تەرخان کراوی، یان موتەفەریغ بێ، جگە لەوەی ئەوە جۆرێك لە ئیمتیازدانە، هەتا مونافەسەکردنی، مونافەسەکە دەبێتە ئیمتیاز، نەك مونافەسە لەسەر ئیش کردن و

دڵسۆزی، لەبەر ئەوە موتەفەریغ نەمێنێ، هەر کەسێك مەبەستی بێ لایەنە مەعنەوییەکە ئەهمییەتی گەورەی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەمە سعید، ئاخیر کەس، فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام موتەفەریغ نەبن، بنووسرێ پۆستی پلەی تایبەتیان نەبێت، بۆ ئەوەی لە کاتی دیفاع لە مافی مامۆستایان....

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بیڕۆنە سەر ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شازدەیەم/ ماددەی بیست و سێیەمی یاساکە هەموار دەکرێت بەو شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

لەلایەن لقەوە پێناس دەدرێتە ئەندامان لە چوارچێوەی سنووری جوگرافی لقەکان و پێویستە پێناس یەکگرتوو بێت و لەلایەن مەکتەبی سکرتارییەتەوە دەرچووبێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبییەکەی، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة عشر/ تعدل المادة الثالثة و العشرون من القانون و تقرأ كالآتي:

يتم منح هويات الأعضاء من قبل الفرع ضمن الحدود الجغرافية للفروع و يجب أن تكون موحدة وصادرة من مكتب السكرتارية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کێ تێبینی هەیە؟

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من داوا دەکەم ئەم ماددەیە جێگای ئەصلەن ئێرە نی یە و ئیلغا بکرێ با لە پەیڕەودا خۆیان تەنزیمی بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش.

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2)

## دوو شەممە رێكەوتی 19\3\2012

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2)

## دوو شەممە ڕێكەوتی 2012/3/19

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2012/3/19 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (2)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2012/3/19 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای هەموار كردنی یەكەمی یاسای یەكێتی مامۆستایانی كوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 2002 لە هەرێمی كوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (2)، رۆژی دانیشتن 2012/3/19،

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێکەوتی 2012/3/19 بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 2002 لە هەرێمی کوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

ئێستا دەچینە سەر خاڵی یەکەم کە بەردەوام بوونە لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 2002 لە هەرێمی کوردستان، دیارە ئێمە لە دانیشتنی رابردوو ماوەی زیاتر لە چوار سەعات گفتوگۆمان لەسەر کرد، هەموو پەرلەمانتارە بەڕێزەکان بیرو رای خۆیان گوت و، هەموو ئەو بیرو رایانەی کە هەبوون لیژنەی هاوبەش تۆماریان کرد، ئێمە دەرفەتێکی باشمان پێیاندا، بۆ ئەوەی داڕشتنێکی تازەی بۆ بکەنەوە، بۆیە ئێستا داوا لە لیژنەی هاوبەش دەکەین بێنە سەر مەنصە، فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا لە جەنابتان دەکەم پەیڕەوی ناوخۆ جێ بەجێ بکەن، بەتایبەتی پەرلەمانی کوردستان باڵاترین دەسەڵاتە لە هەرێمی کوردستان، بە جێ بەجێ کردنی پەیڕەوی ناوخۆ سەروەری یاسا جێ بەجێ دەبێت، ماددەی (54) بڕگەی (4) لە پەیڕەوی ناوخۆ دەڵێت: (بعد ان تعلن الرئاسة افتتاح الجلسة تتلى اسماء الاعضاء الغائبين، فالغائبين بدون عذر، فملخص محضر الجلسة السابقة، ويصدق المحضر بعد اجراء التصحيح الذي تقره الرئاسة إما مباشرة، او بناءاً على طلب احد الاعضاء)، ئەگەر لەو کۆبوونەوەیە پەیڕەو نەکرێت، لە کۆبوونەوەکانی داهاتوو پەیڕەو بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت باست لەوە کرد لە بەرنامەدا خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای یەکێتی مامۆستایان، تەبعەن ئەوە گفتوگۆی لەسەر کراوە کە جەنابت باست کرد، حەقە لێرە بە دواوە بنووسرێت دەنگدان

لەسـەر پـرۆژە یاسـای گفتوگـۆ لەسـەر کـراو، نـەك گفتوگـۆ کـردن جـارێکی تـر، چـونکە ئێسـتا بـەپێی ئـەو بەرنامەی کارە گفتوگۆ کراوە جارێکی تـر دەتـوانین گفتوگـۆی لەسـەر بکـەین، دەبێـت بنووسـرێت دەنگـدان لەسەر یاسای گفتوگۆ لەسەر کراو.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئـەم داڕشـتنە هـەر تیکـراری دانیشـتنەکەی رابـردووە، یـەعنی بـەردەوامی دانیشـتنەکەی رابـردووە، بۆیـە ئیحتیمال بوو ئێمە لە دانیشتنی رابردوو ئەگەر بـەردەوام بووینـە کۆتاییمـان پـێ هێنـا بوایـەو دەنگیشـمان لەسەر بدابوایە، ئێستا ئەوەی کە رۆیشتووەو موناقەشەی کراوە رۆیشتووە، ئـەوەی کـە ماوەتـەوە دەنگدانـە، ئێمە ئێستا لەم دانیشتنە تەنیا دەنگدانەکە ئەنجام دەدەین، لەبـەر ئـەوە داوا لـە لیژنـەی هاوبـەش دەکـەین بێن دانیشن، بۆ ئەو پێشنیارەی، یان بۆ ئەو نوقتە نیزامەی حاکم عەونیش، ئێمە پێشنیارەکە وەردەگـرین و دیراسەی دەکەین، بزانین بۆ دانیشتنەکانی داهاتوو هەوڵ دەدەین جـێ بـەجێی بکـەین، سـوپاس، فـەرموو لیژنەی هاوبەش وەرنە جێگای خۆتـان، ئێسـتا لیژنـەی هاوبـەش ئـەو دوا داڕشـتنەی لەسـەری رێککـەوتوون دەیخوێننەوە، ئەوەی یەك جۆر داڕشتنی لەسەر هەبێت، یەك رەئی هەبێت، یەکسەر دەیخەینـە دەنگدانـەوە، چونکە موناقەشەی تەواومان لەسەر کردووە، ئەو بڕگەو ماددەیەی رەئی جیاوازی لەسەر هـەبێت، یـان دوو رەئـی لەسـەر هـەبێت دوورتـرین رەئـی دەخرێتـە دەنگدانـەوە، بـۆ ئـەوەی بێینـەوە سـەر بڕگـە سـاغەکە، فەرموون لە ماددەی یەکەمەوە دەست پێ بکەن.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

دوای ئەوەی لەلایەن ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانەوە، گفتوگۆ لەسەر پرۆژە یاسای هەموار کردنـی یەکـەمی یاسـای یـەکێتی مامۆسـتایانی کوردسـتان ژمـارە (4)ی سـاڵی 2002 کـرا، لیژنـە پەیوەندیـدارەکان، لیژنـەی یاسایی، لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بـاڵا، لیژنـەی کۆمەڵـەی مـەدەنی، رۆژی پێـنج شـەممە دانیشـتین، بـۆ ئـەوەی ئـەو بـیرو بۆچـوون و پێشـنیارو رەئیانـەی کـە لەلایـەن بەڕێزتانـەوە پێشـکەش کـراوە بـە هەنـدی وەربگرین و هەوڵ بدەین لە دواین صیاغەدا بەرجەستەی بکەین، بۆیـە بـەم شـێوەیەی کـە دوایـین صـیاغە لەبەردەستی بەڕێزتانە، ئێستا هەوڵ دەدەین بیخەینە بەرچاوی بەڕێزتان بۆ دەنگدان:

ماددەی یەکەم:

بڕگەی (7) ماددەی یەکەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ دێت:

مامۆستا: هەموو مامۆستایان و وانەبێژانی قوتابخانەو زانکۆ و پەیمانگا حکومی و تایبـەتی و ئـەهلی یـەکان دەگرێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەی دووەم بە کوردی و عەرەبی بخوێننەوە.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

ماددەی دووەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ دێت:

بەپێی ئەم یاسایە یەکێتییەك بە ناوی (یەکێتی مامۆستایانی کوردستان- عێراق) دادەمەزرێت، بارەگای سەرەکی لە هەولێری پایتەخت دەبێت و بۆی هەیە لە پارێزگاکان و هەر یەکەیەکی کارگێڕی لق بکاتەوە بە مەرجێك ژمارەی ئەندامانی تێیدا لە (3500) مامۆستا کەمتر نەبێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی مامۆستایانی زانکۆ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ عەرەبیەکەی.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية: تعدل المادة الثانية من القانون وتكون كالآتي:

يؤسس بموجب هذا القانون اتحاد باسم (اتحاد معلمي كوردستان – العراق) يكون مقره الرئيسي في العاصمة اربيل وله فتح فروع له في المحافظات واي وحدة ادارية شريطة أن لايقل عدد اعضائه فيها عن (3500) معلم مع ملاحظة خصوصية اساتذة الجامعات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ یەك کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەی تر بە کوردی و عەرەبی بخوێننەوە.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم: ماددەی پێنجەمی یاساکە بەم شێوەیە هەموار دەکرێت:

أ- ئەندامیەتی لە یەکێتی مافێکی ئارەزوومەندانەیە بۆ ئەمانە:

1- هەموو مامۆستایان و وانەبێژانی قوتابخانەو پەیمانگاو زانکۆ حکومی و تایبەتی و ئەهلیەکان.

2- مامۆستایان، وانەبێژان، سەرپەرشتیاران و ئەندامانی دەستەی فێرکاری و وانەبێژەکان، کە میلاکن لەسەر وەزارەت و دەستەو دامەزراوەکانی پەروەردەو خوێندن.

3- خانەنیشانی ئەندام لە دەستەی فێرکاری و وانەبێژییەکان کە دەیانەوێت ببنە ئەندامی یەکێتی بە داواکارییەکی نووسراو.

ب- هەموو مامۆستایانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان چ ئەوانەی شەهیدبوون و چ ئەوانەی لە ژیاندا ماون دەبنە ئەندامی فەخری.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ عەرەبیەکەی.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة: تعدل المادة الخامسة من القانون وتكون كالآتي:

أ- عضوية الاتحاد حق اختياري لهؤلاء:

1- جميع المعلمين والمدرسين في المدارس والمعاهد والجامعات الحكومية والخاصة والاهلية.

2- المعلمون والمدرسون والمشرفون واعضاء الهيئات التعليمية والتدريسية المنتسبون الى الوزارات والهيئات والمؤسسات التربوية والتعليمية.

3- المتقاعدون من اعضاء الهيئات التعليمية والتدريسية الراغبون في عضوية الاتحاد بطلب تحريري.

ب- يكون معلمو الحركة التحررية الكوردستانية اعضاء فخريين سواء الشهداء منهم والاحياء.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان نوقتەی نیزامت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە عەرەبیەکە تەنها یەك مولاحەزەم هەیە، ئەویش کە دەڵێت (عضوية الاتحاد حق اختياري لهولاء)، زۆر زۆر لەنگەو، زۆر زۆر دەستەواژەیەکی سادەیە، ئەگەر لە جیاتی بڵێین (ويشمل: ) یەك (جميع المعلمين والمدرسين)، دوایی دوو، سێ، چوار بێتە خوارێ، (هولاء)ئەکە زۆر زۆر لەنگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت خاڵی دووەم نووسراوە (مامۆستایان و وانەبێژان) لە عەرەبیەکەی نووسراوە (المعلمون والمدرسون)، نابێت، دەبێت بڵێین (المحاضرون)، چونکە وانەبێژ (محاضر) مودەریسیش مامۆستایە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك حەمە سەعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکێتی مامۆستایان مەکتەبی سکرتاریەت چەند تێبینیەکیان پێشکەش کردووە، کە هی کۆنگرەشە، ئایا لەناو ئەو تەعدیلە تازەو ئەو راپۆرتە تازەیە رەچاو کراوە؟ ئەمە پرسیارە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی هاوبەش وەلأم بدەنەوەو دوایی دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، بە تەئکید ئەمە پێشنیاری خۆیان بووە، بەلأم رەنگە لە صیاغەدا دوای ئەوەی کە پێشنیارو بیرو بۆچوونی بەڕێزتان هات بەشێوەیەك رێك خراوەتەوە، کە رەنگە وردبینی زیاتری تێدا بێت لە رووی ناوەرۆك و لە رووی شێوەوە، ئەگینا ئەمە داواکاری و بیرو بۆچوون و خواستی یەکێتی مامۆستایان بووە، دوای ئەوەی کە کۆنگرەیان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا صیاغەی بخوێننەوە بە کوردی و عەرەبی.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم: ماددەی پێنجەمی یاساکە بەم شێوەیە هەموار دەکرێت:

أ- ئەندامیەتی لە یەکێتی مافێکی ئارەزوومەندانەیە ئەمانە دەگرێتەوە:

1- هەموو مامۆستایان و وانەبێژانی قوتابخانەو پەیمانگاو زانکۆ حکومی و تایبەتی و ئەهلیەکان.

2- مامۆستایان، وانەبێژان، سەرپەرشتیاران و ئەندامانی دەستەی فێرکاری و وانەبێژەکان، کە میلاکن لەسەر وەزارەت و دەستەو دامەزراوەکانی پەروەردەو فێرکردن.

3- خانەنیشانی ئەندام لە دەستەی فێرکاری و وانەبێژییەکان کە دەیانەوێت ببنە ئەندامی یەکێتی بە داواکارییەکی نووسراو.

ب- هەموو مامۆستایانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان چ ئەوانەی شەهیدبوون و چ ئەوانەی لە ژیاندا ماون دەبنە ئەندامی فەخری.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ عەرەبییەکەی.

**بەڕێز د.صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثالثة: تعدل المادة الخامسة من القانون وتكون كالآتي:

أ- عضوية الاتحاد حق اختياري وتشمل:

1- جميع المعلمين والمحاضرين في المدارس والمعاهد والجامعات الحكومية والخاصة والاهلية.

2- المعلمين والمدرسين والمشرفين واعضاء الهيئات التعليمية والتدريسية المنتسبين الى الوزارات والهيئات والمؤسسات التربوية والتعليمية.

3- المتقاعدون من اعضاء الهيئات التعليمية والتدريسية الراغبين في عضوية الاتحاد بطلب تحريري.

ب- يكون معلمو الحركة التحررية الكوردستانية اعضاء فخريين سواء الشهداء منهم أو الاحياء.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموو بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز فرمان عزالدين محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

یەكەم: بڕگەی (1) لە ماددەی شەشەم بەم شێوەیە هەموار دەكرێت:

دەستەی گشتی و كۆنگرە.

دووەم: بڕگەیەك بۆ مادەی شەشەم زیاد دەكرێت و دەبێتە ژمارە (6) بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

نوێنەری یەكێتی لە قوتابخانەو دامەزراوەكانی پەروەردەو خوێندن.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بە عەرەبیەكەی.

**بەڕێز د.صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

اولاً: تعدل الفقرة (1) من المادة السادسة كالآتي:

الهيئة العامة والمؤتمر.

ثانيا: تضاف فقرة للمادة السادسة بتسلسل (6) وتقرأ كالآتي:

6- ممثل الاتحاد في المدارس ومؤسسات التربية والتعليم.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم:

یەکەم: بڕگەی (أ) لە ماددەی حەوتەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

أ-دەستەی گشتی لە هەموو ئەو ئەندامانەی یەکێتی پێکدێت کە پابەندیی خۆیان بە بڕگەکانی ئەم یاسایە جێبەجێکردووە، بە بەرزترین دەسەڵات تێیدا دادەنرێت و هەموو چوارساڵ جارێك لە بنکەی یەکێتی بەمەبەستی گرێدانی کۆنگرەی گشتی کۆ دەبێتەوە، لە رێگەی نوێنەرانیانەوە بە رێژەیەك کە ئەنجومەنی تەنفیزی دیاریدەکات، بۆ هەڵبـژاردنی سەرۆکی یەکێتی و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت کە ژمارەیان دەگاتە (15) ئەندامی سەرەکی و (4) ئەندامی یەدەگ، نیسابیش بە 3/2 ژمارەی نوێنەران تەواو دەبێت، ئەگەر نیساب تەواو نەبوو هەڵبژاردن دوای تێپەڕینی پازدە رۆژ لە کۆبوونەوەی یەکەم لە هەمان کات و شوێن بەرێوە دەچێت، نیساب بە تەواوبوو دادەنرێت ژمارەی نوێنەرانی ئامادە بوو بگاتە هەر چەند.

دووەم: بڕگەی (ب) لە ماددەی حەوتەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

سەرۆکی یەکێتی و ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزی و مەکتەبی سکرتاریەت و سەرۆك لقەکان ئەندامانی کۆنگرە دەبن و، ئەنجومەنی تەنفیزی بۆی هەیە چەند ژمارەیەك لە مامۆستایانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و کەسایەتیە پەروەردەییەکانی هەرێم وەك ئەندامی کۆنگرە زیاد بکات و، ئەو مەرجانەی پێویستن بۆ ئەو کارە پەسەند بکات، بە مەرجێك کە لە (15) نوێنەر پتر نەبن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە عەرەبیەکەش.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة:

اولاً: تعدل الفقرة (أ) من المادة السابعة من القانون وتقرأ كالآتي:

أ-تشكل الهيئة العامة من جميع اعضاء الاتحاد الملتزمين بفقرات هذا القانون وتعد اعلى سلطة فيه وتجتمع كل اربعة اعوام مرة واحدة في مقر الاتحاد لغرض عقد المؤتمر العام، عن طريق ممثليهم بنسبة يحددها المجلس التنفيذي، لانتخاب رئيس الاتحاد واعضاء مكتب السكرتارية البالغ عددهم 15 عضوا اصلياً و 4 اعضاء احتياطيين، ويتم النصاب بثلثي الاعضاء، وفي حين عدم اكتمال النصاب تجري الانتخابات بعد مضي 15 يوما من الاجتماع الاول، ويعد النصاب مكتملا مهما بلغ عدد المثلين الحضور.

ثانيا: تعدل الفقرة (ب) من المادة السابعة وتقرأ كالآتي:

يكون رئيس الاتحاد واعضاء المجلس التنفيذي ومكتب السكرتارية ورؤساء الفروع اعضاء في المؤتمر. وللمجلس التنفيذي إضافة عدد من معلمي الحركة التحررية الكوردستانية والشخصيات التربوية في الاقليم كأعضاء في المؤتمر والموافقة على الشروط اللازمة لهذا الامر، شريطة ان لا يزيدوا عن 15 ممثلا.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، جیاوازی هەیە لەنێوان هەردوو نەص، وشەی (تشكل) بە عەرەبی هاتووە، بەڕاستی خۆ كەس تەشكیل نەكات، وابزانم (تضم)، چونكە پێكهاتووە لە فلاّن و فلاّن، (تضم الاعضاء)، (تشكل) ئەگەر تۆ لیژنەیەك تەشكیل بكەیت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(تتكون) لە عەرەبیەكە باشترە، (تتكون الهيئة العامة من........)، یان (تتألف) زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دوای تەصحیح كردنی بووە (تتكون) دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ یەك كەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، فەرموو بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز د.عمر حمدامين خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم:

ماددەی هەشتەمی یاساكە بەم شێوەیە هەموار دەكرێت:

بۆ ئەو كەسەی هەڵدەبژێردرێت بە سەرۆكی یەكێتی، یان ئەندامی مەكتەبی سكرتاریەت، یان ئەندامی مەكتەبی تەنفیزی و سەرۆكی لق و ئەندامانی دەستەی لق، مەرجە لە هاووڵاتیانی هەرێم بێت و ماوەی خزمەتی لە پەروەردەو فێركردن لە (5) ساڵ كەمتر نەبێت.

(ڕایەكی دیكە هەیە لەلایەن چەند بەڕێزێك تەرح كرا، كە ساڵی خزمەت لە بواری پەروەردەدا نەكرێتە مەرج بۆ ئەو پۆستانەو خۆپاڵاوتن كراوە بێت، یان بۆ پەیڕەوی ناوخۆ بەجێ بهێڵدرێت).

ئێمە دوای گفتوگۆمان لەگەڵ یەکێتی مامۆستایان جارێکی تر، هەروەها لە لیژنە کە دانیشتین، هەموو لیژنە پەیوەندیدارەکان ڕۆژی پێنج شەممە، ئێمە پێمان باشەو تەئیدی بڕگەی یەکەم دەکەین کە دەڵێت (بۆ ئەو کەسەی هەڵدەبژێردرێت بە سەرۆکی یەکێتی، یان ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت، یان ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و سەرۆکی لق و ئەندامانی دەستەی لق، مەرجە لە هاوولاَتیانی هەرێم بێت و ماوەی خزمەتی لە پەروەردەو فێرکردن لە (5) ساڵ کەمتر نەبێت)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە عەرەبیەکەی بخوێننەوە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

تعدل المادة الثامنة من القانون كالآتي:

يشترط في من ينتخب كرئيس للاتحاد او كعضو في مكتب السكرتارية او المجلس التنفيذي كرئيس الفرع وعضو هيئة الفرع ان يكون من مواطني الاقليم ولا تقل خدمته في مجال التربية والتعليم عن (5) سنوات.

(ثمة رأي آخر ان لا يشترط سنوات الخدمة لهذه المناصب وان يكون الترشح مفتوحا او يترك للنظام الداخلي).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لەبەر ئەوەی دوو ڕەئی هەیە، فەرموو نوقتەی نیزامت هەیە.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە سێ ڕەئیە، دوو ڕەئی نییە، بۆیە باشتر وایە جیا بکرێتەوە، ئەوەی دووەمیان کە دەڵێت (ڕایەکی دیکە هەیە کە ساڵی خزمەت لە بواری پەروەردەدا نەکرێتە مەرج بۆ ئەو پۆستانەو خۆپالاَوتن کراوە بێت) ئەمە ڕەئیەکیان، ڕەئی دووەمیشیان: (یان بۆ پەیڕەوی ناوخۆ بەجێ بهێڵدرێت)، بەڕاستی لێرەدا هەرچەندە ئەمە گفتوگۆی لەسەر کراوە، بەلاَم ئەی کۆنگرە بڕیاری چیە؟ ئەی شەرعیەتی کۆنگرە چیە؟ بۆچی ئێمە ئەگەر داواکارییەکەی ئەوانیش جێ بەجێ ناکەین، کە خۆیان گوتوویانە ئەوەندە ساڵ بێت، ئەمە بەرژەوەندی خۆیانە، تایبەتمەندیەتی خۆیانە، بەلاَم لێرەدا با بۆ خۆیانی بەجێ بهێڵین، بەوە چارەسەر دەکرێت، بۆ پەیڕەوی ناوخۆ بەجێ بهێڵدرێت، بۆیە حەقە ڕەئیەکان جیا بکرێنەوەو بە جیاش دەنگی لەسەر بدرێت، تەئیدی ئەوەشیان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا فەرمان.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یـان هـەموو بڕگـەکان وەکـو خـۆی لـە پەیڕەوەکـە هـاتووە دەسـتکاری نەکـەین و بیخەینـە دەنگدانـەوەو بیهێڵینەوە بۆ یەکێتی مامۆستایان، یاخود ناکرێت ئێمە بڕگەیەك دەستکاری بکەین، بڕگەیـەك دەسـتکاری نەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دوو رەئی جیاواز هەیە، بۆیە دوو کەس لە هەر یەك لـە رەئیـەکان دەتـوانن دیفـاعی لـێ بکـەن، دوای ئـەوە دەیخەینـە دەنگدانـەوە، ئێسـتا دێینـە سـەر ئـەو رەئیـەی کـە تازەیـە، دەڵێـت (مـاوەی خزمـەتی لـە پەروەردەو فێرکردن لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت)، کێ دیفاعی لێ دەکات؟ دوو کـەس دەتوانێـت قسە بکات، کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمـە باسـی ئـەوەمان کـرد، کـە رێکخـراوی پیشـەیی پێویسـتە مەرجـەکانی پەیوەنـدی، یـەعنی مـەرجی نوێنەرایەتی کردن، چونکە پەیوەندی بە پرۆسەی هەڵبژاردنەوەیە، لە ئیختیار کردنە، پەیوەندی بە کـاری زانستی و پیشەی ژیانەوە نییە، تا بڕیار بدرێت تەمەن بکرێتە پێوەر، یان خزمەت بکرێتە پێوەر، پێویستی بەو مەرجە نییە، بەڵام لەنێوان بیرو رایـەکان پێـنج ساڵەکەمان پـێ ئیجـابی تـر بـوو، بـۆ ئـەوەی کـەمترین کاریگەر بێت بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرێك، چونکە باسی ئەوەمان کرد، ئەگەر ئێمە تەمەن دابنێین چ بەشێك لە مامۆستایان نابنە خاوەن نوێنەری خۆیان لەو ئۆرگانانەی کە نوێنەرایەتی ئەوان دەکات و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر عومەر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای گفتوگۆ و هەماهەنگی و ئاڵوگۆڕی بیرو را هەم لەنێو خۆمانـدا، هـەمیش لەگـەڵ یـەکێتی مامۆسـتایان، ئەوەی کە دەڵێت لـە پێـنج سـاڵ کـەمتر نـەبێت، هـەم تـەوافوقی ئیجابی لەلایـەن یـەکێتی مامۆسـتایانەوەی لەسـەرە، هـەمیش لـەناو خۆمانـدا، لێـرە لەلایـەن لیژنـە پەیوەندیـدارەکان بـە هـەموو فراکسـیۆنەکانەوە، هەمیش پێنج ساڵ مـەنتیقی و لۆجیکیـە لەگـەڵ واقیعـی ئێسـتای یـەکێتی مامۆسـتایان دەگونجێـت، چـونکە ئێستا ئەوان سەرۆکیان هەڵبژاردووە، ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەتیان بە مەرجە کۆنـەکان هەڵبـژاردووە، ماوەتەوە لقەکانیان، بۆیە بۆ لقەکانیشیان دەبینین کە دەبێتە پێنج ساڵ و کـار ئاسـانی دەکـات بـۆ هەنـدێك ئەندامانی یەکێتی مامۆستایان لە باسی لقەکان، کە گەنجن، تموحیان هەیە، بتـوانن خۆیـان کانديـد بکـەن و سەر بکەون بۆ سەر ئاستی لقەکان، بۆیە ئێمە دیفاع لە ئەو نەصە دەکەین و پێمان باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەشی دووەم دەڵێت: ساڵی خزمەت نەکرێتە مەرج بۆ ئەو پۆستانەو خۆپاڵاوتن کراوە بێت، یان بۆ پەیڕەوی ناوخۆ بەجێ بهێڵدرێت)، کێ دیفاع لەوە دەکات؟ کاک عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چاوەڕوان بووم حوجەتێك بهێندرێت کە خزمەت لە بواری پەروەردە زەروری بێت، بۆ ئەوانەی خۆیان کاندید دەکەن، بەداخەوە حوجەتەکانم گوێ لێ نەبوو، من جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە، کە ئەوە کاری نەقابیە، ئەگەر بتانەوێت ساڵ دابنێن، بڵێن ئەندامیەتی لە یەکێتی مامۆستایان کەمتر نەبێت لە پێنج ساڵ، چونکە لەوێ پێوەرە، ئەمە خیبرەی هەیە، بەلام من مودەریس بم چ خیبرەی ئەکادیمیم هەیە، بۆیە یەکەمین سەبەب پێویست نییە هەبێت، ئەمە یەك.

دوو/ پەیڕەوی ناوخۆ و راسپاردەکان و رێنماییەکانی دەستەی گشتی، یان سکرتاریەت لەکاتی هەڵبژاردنەکان با دەستیان والا بێت، کاك عومەر شتێکی جوانی گوت، گوتی خۆیان هەڵبژاردنەکانیان کردووەو مەرجەکانیان داناوە، چ مانیع نابێت ئەگەر تۆ دەتەوێت شتێك رێگای بدەیتێ، نەصێکی دانەنا، واتا بۆیە من دەڵێم زیادە لەبەر دوو سەبەبی، یەك/ بە خۆیان بەپێی هەلومەرجی خۆیان لە رێنماییەکانی هەڵبژاردن بۆ بەستنی کۆنگرە، یانیش هەڵبژاردنەکان مەرجەکان دانێن دەستیان والا بێت، تاکو ناچار نەبن هەر جارێك دەیانویست بەپێی هەلومەرجی تازە هەڵبژاردن بکەن و یاسا بگۆڕن.

دووەمیان/ من هیچ پەیوەندی نابینم لەنێوان خزمەت لە بواری پەروەردەو کە مەرجێك بێت بۆ خۆ کاندید کردن، بۆ پۆستێك لە کاری نەقابی، بۆیە من لەگەڵ ئەو رەئیەمە ئەو پێنج ساڵە نەبێت، مانیع نییە ئەگەر ئەوان مەرج دانێین، هەمووومان دەزانین لەکاری نەقابی، بەتایبەتی سەندیکایەکی گەورەی وەکو ئەوە لەوێ دەست نیشان کردنی کاندید بۆ ئەم پۆستانە وا لە رەها نایەت، بە تەئکید ئەوان شەخصیات دادەنێن، کە خۆی رەنگە مەرجەکانی تێدا بێت، بەلام با دەستیان نەبەستین، با ناچار نەبین هەموو جار یاسایەك بگۆڕین، هەر وەختێك بەرژەوەندی، یان شتێکی تری خواست، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خەلیل کاك دکتۆر عومەر بەناوی لیژنەکە دیفاعی لە خاڵی یەکەم کرد، فەرموو.

**بەڕێز خليل عثمان حمدامين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە کۆبوونەوەی رابردووش، بەڕاستی من هەمان ئەو رەئیەی ئێستای کاك عبدالسلام تەرحی کرد، ئەو رەئیەم هەبوو، یەعنی سالانی خزمەت ناکرێت بکرێتە پێوەر بۆ یەکێتی مامۆستایان، بۆ بە ئەندام بوون، یاخود بۆ خۆ پالاوتن، خۆ کاندید کردن بۆ پۆستێك لە پۆستەکانی یەکێتی مامۆستایان، بگرە ئەندام بوون لەناو رێکخراوەکەدا، من پێموایە ئەمە کارێکی تەواوە، کە بکرێت بە پێوەر، ئەمە یەکێك لە حاڵەتەکانە کاك عبدالسلام باسی کرد.

دوو/ بەڕاستی ئەمە دەبێتە تەداخولێکی زۆر زۆر ورد لە پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوێك، کە ئێمە بەڕاستی لە سەنگ و قورسایی کۆنگرەی ئەو ڕێکخراوە کەم دەکەینەوە، کە خۆی پەیڕەوی ناوخۆی داناوە بەڕاستی، کەواتە ڕێکخراو و حزب و کۆمەڵەکانی تر، بۆچی کۆنگرە ببەستن؟ ئەگەر ئێمە وا بە وردی و شۆڕ بینەوە بۆ ناو هەموو وردەکارییەکانیان بەڕاستی، بۆیە من پێم باشە بەڕاستی ئەوە بۆ پەیڕەوی ناوخۆیان بەجێ بهێڵین و پێوەری ئەندامیەتی ئەوە نەبێت، هەیە لەوانەیە دە ساڵ فەرمانبەر بێت، بەڵام هیچ لە کاری ڕێکخراوی نازانێت، لەوانەیە هیچ لە کاری پیشەیی یەکێتی مامۆستایان تێ نەگات بەڕاست، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر سەروەر نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کاتێك پەرلەمان لەو یاسایەدا کرد، بۆ ئەوەی پەسند بکرێت، چونکە فەراغێك هەبوو لەوێ مامۆستایان کۆنگرەی خۆیان کرد بوو و نەیاندەتوانی لقەکانیان هەڵبژێرن، ئێستا کە ئێمە ئەو یاسایە پەسند دەکەین، هەست دەکەین هاودژیەك دروست دەبێت لەگەڵ پەیڕەودا، چوارساڵی پێ دەچێت تاکو کۆنگرە دەکەن، یان دەبێت کۆنگرەیەکی تر بکەین، کۆنگرەیەکیان کردووە، هەندێك شت هەیە با بە سەریحی بڵێین با تەوافوقێکە سکرتاریەتێکیان هەڵبژاردووە، دیسان ئەو پەلەیەی کەوا ئێمە کردمان و یاساکە پەسند بکەین، هیچ سوودێکی لێ نابینن، واتا کار دەکات شتێکە، بەمە کار دەکات شتێکی ترە، پرسەکەیان پەکی دەکەوێت، بۆیە لە مەیان من بە پێویستی دەزانم و پشتگیری ئەو ڕەئیەش دەکەم، کەوا ئەو شتەی لێرە هەیە بۆ خۆیان کاری خۆیان دەزانن و، بۆ پەیڕەوی ناوخۆ بەجێ بهێڵرێت و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئاخیر کەس عەزیمە خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەوەی کە پەیڕەوی ناوخۆی خۆیانە، کە ئەو بەڕێزانەی دەڵێین با بۆ پەیڕەوی ناوخۆی خۆیان بەجێ بهێڵدرێت، ئەم یاسایە هاتۆتە بەردەستی ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی پەروەردەش، ئێمە لەسەر ئەوە ئیتیفاقمان کرد لەگەڵ نوێنەرانی مامۆستایان لە لیژنەی پەروەردە کۆ دەنگ بووین لەسەر ئەوەی کە نەك پازدە ساڵ بێت، بەڵکو با کەم بکەینەوە بۆ پێنج ساڵ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەئیەکی تر هەبوو لەناو ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەکەشدا لەگەڵ لیژنەکانی تر کە لەگەڵماندا بوون وەکو کۆمەڵەی مەدەنی و ئەوان ڕەئی ئەوانیش دەبێت بە هەند وەربگیرێت و جیا بکرێتەوە، وەکو ئێستا دکتۆر سەروەر گوتی ساڵی خزمەت بە جیا بدرێتە دەنگدانەوە، هەروەها بەجێ بهێڵدرێت بۆ پەیڕەوی ناوخۆ، چونکە لە پەیڕەوی

ناوخۆی ئەوان پازدە ساڵ دانراوە، ئایا ئەندامان لەگەڵ ئەوەدان کە کەسێك هەڵبژێرێت پازدە ساڵ خزمەتی هەبێت، دە ساڵ خزمەتی هەبێت، هەرسێکی بخرێتە دەنگدانەوە، بە رەئی من جیا بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر قسەت کرد، قسەی ترت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەپێناو باشتر روون کردنەوەی بابەتەکە دەمەوێت قسە بکەم، ئەویش ئەوەیە ئەگەر ئێمە بمانەوێت پەیوەندی نێوان خزمەتی سەندیکا لەگەڵ پیشەیی، بەڕاستی دیارە پەیوەندیان بە یەکترەوە هەیە، چونکە ئەو ئەندامەی کە پۆست وەردەگرێت لە یەکێتی مامۆستایان نوێنەرایەتی دەکات لەسەر ئەساسی ئەوەی کە پیشەی مامۆستایەتیە، واتا بۆیە خزمەتی مامۆستایەتی، مومارەسە کردنی پیشەی مامۆستایەتی بێگومان کاریگەری باشی دەبێت لەسەر باش نوێنەرایەتی کردن و ئەدای وەزیفەی سەندیکا، بۆیە هەردووکیان تەواوکەری یەکترن و بەڕاستی پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە، ئەوی تریش بەڕێزان، ئێمە ئەگەر بڵێین لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت، هیچ تەناقوزی لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆی ئەواندا نابێت، چونکە ئێمە دەڵێین کەمتر نەبێت، واتا ئەگەر ئەوان لە پەیڕەودا گوتبیان لە دە ساڵیش بۆ ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت کە ئێستا تەواو بوون و هەڵیانبژاردووە، دیسان نەصە قانونیەکە هیچ ئیشکالیەتێك بۆ پەیڕەوی ناوخۆی ئەوان دروست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، سێ رەئی جیاواز هەیە، یەکێکیان دەڵێت/ بۆ ئەندامیەتی مەکتەبی سکرتاریەت، یان ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و سەرۆکی لقەو ئەندامی دەستەی لق ساڵی خزمەت نەمێنێت.

دووەمیان دەڵێت/ لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت.

سێیەمیان دەڵێت/ بەجێ بهێڵدرێت بۆ پەیڕەوی ناوخۆ.

دوورترینەکەیان ئەوەیە کە ساڵ نەمێنێت، ئێستا یەکەم جار ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، دووبارەی دەکەمەوە، بۆ ئەو کەسەی کە هەڵدەبژێری بۆ سەرۆکی یەکێتی، یان ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت، یان ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و سەرۆکی لقەکان، ساڵی خزمەتی تیا نەمێنێت، کێ لەگەڵ ئەوەدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (25) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ لەگەڵدا نییە.

ئێستا دووەم دەخەینە دەنگدانەوە، بۆ ئەو کەسەی هەڵدەبژێردرێت بە سەرۆکی یەکێتی، یان ئەندامی مەکتەبی سکرتایەرت، یان ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و سەرۆکی لقەکان خزمەتی لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت، کێ لەگەڵدایە....... فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتەیەکی نیزامی، ئەمە ئیقتیراحی لیژنەیە، بۆیە دەبێت ئاخیر دەنگدان ئەوە بێت، چونکە ئێستا هی نیزام داخیلی هاتووە، ئەویش دوورە لە ئیقتیراحی لیژنە، دەبێت ئەمە پێش بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دەبێت دوورەکە، کامەیان دوورترە لە مەشروعە ئەسڵیەکە جاری یەکەم ئەو دەخرێتە دەنگدانەوە، بەپێی قانون ئەوەیە، ئەوەی دوورترینە لە مەشروعە ئەسڵیەکەو دەخرێتە دەنگدانەوە، ئێستا بۆ ئەوەی خزمەتی لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (55) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (15) کەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، دەبێت خزمەتی لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم:

ماددەی یازدەهەمی یاساکە بەم شێوەیە هەموار دەکرێت و دەخوێندرێتەوە:

أ- توێژینەوەو گفتوگۆ و پێشکەشکردنی پێشنیاری هەمواری یاسای دابینکاری (الضمان) بە هەموو حاڵەتەکانیەوە.

ب- توێژینەوەو گفتوگۆی یاسای یەکێتی و پێشکەشکردنی پیشنیار بۆ هەموارکردنی.

ج- توێژینەوەو گفتوگۆ و پەسندکردنی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی.

د- توێژینەوەو ڕێکخستنی ئەرك و فەرمانەکانی لیژنەکانی کۆنگرەی گشتی و پەسند کردنی راپۆرتی کارگێڕی و دارایی.

هـ- توێژینەوەو هەڵسەنگاندنی ئەرکەکانی یەکێتی لە ماوەی نێوان هەر دوو کۆنگرەدا.

و- هەڵبژاردنی سەرۆکی یەکێتی و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە عەرەبیەکەش بخوێننەوە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

تعدل المادة الحادية عشرة من القانون وتقرأ بالشكل الآتي:

أ- دراسة ومناقشة وتقديم مقترح تعديل قانون الضمان بجميع حالاته.

ب- دراسة ومناقشة قانون الاتحاد وتقديم المقترح لتعديله.

ج- دراسة ومناقشة النظام الداخلي للاتحاد والموافقة عليه.

د- دراسة وتنظيم مهام وواجبات لجان المؤتمر العام والمصادقة على التقرير الاداري والمالي.

هـ- دراسة وتقويم اعمال الاتحاد في الفترة مابين المؤتمرين.

و- انتخاب رئيس الاتحاد واعضاء مكتب السكرتارية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم:

زنجیرە (3) لە بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی دوازدەهەمی یاساکە بەم شێوەیە هەموار دەکرێت:

3- سەرۆك لقەکان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بە عەرەبییەکەش.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

يعدل تسلسل (3) من المادة الثانية عشرة من القانون كالاتي:

3- رؤساء الفروع.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم: ماددەی سێزدەیەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی لێ دێت:

یەکەم:

أ-مەکتەبی سکرتاریەت بە دەستەی کارای ئەنجومەنی تەنفیزیی یەکێتی دادەنرێت، لەناو ئەندامانیدا دوو جێگر هەڵدەبژێرێت و کارەکان لە ناو ئەندامانی دابەش دەکات، سەرۆکی یەکێتی ئامادەی کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سکرتاریەت دەبێت و بە ئامادەبوونیشی کۆبوونەوە بەسەرۆکایەتی ئەو گرێدەدرێت.

ب- لە مەکتەبی سکرتاریەت ڕەچاوی نوێنەرایەتی نەتەوەکانی تورکمان و کلدان و سریان ئاشوور دەکرێت.

دووەم: بڕگەی دووەم لە ماددەی سێزدەیەم لادەبرێت، چونکە لە ماددەی شەشەمی ئەم یاسایە چارەسەر کراوە.

سێیەم: خاڵی پێنجەمی بڕگەی سێیەمی ماددەکە بەم شێوەیە هەموار دەکرێت:

(کارکردن بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیی لەگەل سەندیکاو ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکانی هەرێم و دەرەوەی هەرێم، بەشێوەیەك کە خزمەت بە بەرژەوەندیی گشتی مامۆستایان و پرۆسەی پەروەردە لە کوردستان- عێراق بکات).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بە عەرەبیەکەی بخوێننەوە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة: تعدل المادة الثالثة عشرة من القانون وتكون كالآتي:

اولاً:

أ- يعد مكتب السكرتارية الهيئة العاملة للمجلس التنفيذي للاتحاد، ينتخب نائبين من بين اعضائه ويقسم المهام بين اعضائه، يحضر رئيس الاتحاد اجتماعات مكتب السكرتارية وبحضوره ينعقد الاجتماع برئاسته.

ب- يراعى تمثيل قوميات التركمان والكلدان والسريان والآشوريين في مكتب السكرتارية.

ثانياً: تحذف الفقرة الثانية من المادة الثالثة عشر، إذ تمت معالجتها في المادة السادسة من هذا القانون.

ثالثاً: تعدل النقطة الخامسة من الفقرة الثالثة من المادة كالآتي:

(العمل لتقوية العلاقة مع النقابات والمنظمات المهنية والجماهيرية في الاقليم وخارجه بحيث تخدم المصلحة العامة للمعلمين والعملية التربوية في كوردستان – العراق).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ثائر.

**بەڕێز ثائر عبدالاحد اوغسطين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی فەقەرەی (ب) دەڵێت (يراعى تمثيل قوميات التركمان والكلدان والسريان والآشوريين)، بەس داوا دەکەین (و)ەکان هەڵبگیرێت، ئەوی تر بمێنێتەوە (الكلدان السريان الاشوريين)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز د.عمر حمدامين خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری ئەو ڕەئیەی بەڕێز کاك دکتۆر ثائر دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دوای ئەو تەعدیلە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دەیەم:

ماددەی چواردەیەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی لێ دێت:

یەکەم: دەستەکانی لق:

1- نوێنەرانی لقەکان کە ژمارەیان کەمتر نەبێت لەوەی لە ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتووەو هەڵبژێردراون بۆ ئەندامێتی کۆنگرەی گشتی، پاش تەواو بوونی کارەکانی کۆنگرە کۆدەبنەوە بۆ هەڵبژاردنی دەستەی لق لەناو خۆیان، کە ئەویش بۆ پارێزگاکان لە نۆ ئەندامی سەرەکی و دوو ئەندامی یەدەگ و بۆ یەکە کارگێڕییەکانی دیکە لە حەوت ئەندامی سەرەکی و دوو یەدەگ پێکدێت.

2- دەستەی لق لە یەکەمین کۆبوونەوەی خۆیدا سەرۆکێك بۆ خۆی و بەرپرسی لیژنەکانی دەستە هەڵدەبژێرێت.

دووەم: خاڵێك بە ژمارە (3) بۆ بڕگەی یەکەمی ماددەکە زیاد دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

3- لەو لقانەدا کە نەتەوەکانی تورکمان و کلدان سریان ئاشوور بوونیان هەیە ڕەچاوی ئەوە دەکرێت کە نوێنەریان هەبێت.

سێیەم: خاڵێك بۆ بڕگەی دووەم زیاد دەکرێت و دەبێتە خاڵی (3) و بەم شێوەیەی لێدێت:

3-دەستەی لق مانگانە یەك جار کۆدەبێتەوەو بۆی هەیە هەرکات پێویست بوو کۆبوونەوەی نائاسایی ببەستێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بەعەرەبییەکەی بخوێننەوە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة العاشرة: تعدل المادة الرابعة عشرة من القانون وتكون كالاتي:

اولاً: هيئات الفرع

1- يجتمع ممثلوا الفروع بحيث لا يقل عددهم عما ورد في المادة الثانية من هذا القانون المنتخبون لعضوية المؤتمر العام، بعد اتمام اعمال المؤتمر لانتخاب هيئة الفرع فيما بينهم، بحيث تتكون في المحافظات من (9) اعضاء اصليين وعضوي احتياط وفي الوحدات الادارية الاخرى من (7) اعضاء اصليين وعضوي احتياط.

2- تنتخب هيئة الفرع في اول اجتماع لها رئيسا لها ومسؤولي لجانها.

ثانياً: تضاف نقطة بتسلسل (3) الى الفقرة الاولى من المادة وتقرا كالآتي:

3- في الفروع التي تتواجد قوميات التركمان والكلدان السريان الاشوريين يراعى ان يكون لها تمثيل.

ثالثاً: تضاف نقطة الى الفقرة الثانية وتكون بتسلسل (3) وبالشكل الآتي:

3- تجتمع هيئة الفرع شهريا مرة واحدة ولها عقد الاجتماع الاستثنائي كلما دعت الحاجة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یازدەیەم:

خاڵێك بۆ بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی پازدەیەمی یاساکە بە ژمارە (4) زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

4-لیژنەی قەزا بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی لق لەناو دەستەی مامۆستایاندا نوێنەری یەکێتی لە دامەزراوەکانی پەروەردەو خوێندن هەڵدەبژێرێت، لە پێناوی بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان یەکێتی و بنکەکانی و گەیاندنی ڕێنمایی و ئاراستەکانی یەکێتی پێیان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بە عەرەبیەکەی بیخوێننەوە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الحادية عشرة:

تضاف نقطة الى الفقرة ثالثاً من المادة الخامسة عشرة بتسلسل (4) وتقرأ كالآتي:

4- تنتخب لجنة القضاء بالتنسيق مع هيئة الفرع من بين هيئة المعلمين ممثلا للاتحاد في مؤسسات التربية والتعليم من اجل تقوية الصلة بين الاتحاد ومراكزه وايصال تعليمات الاتحاد وتوجيهاته اليها.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت صیاغەکەی بە عەرەبی زۆر ناڕێکە، یەعنی هەر مانا نادات، پێمان باشە ئەگەر دوای ئەوەی دەخرێتە دەنگدانەوە صیاغە عەرەبیەکەی دووبارە بنووسرێتەوە داڕشتنەکەی باشترە، بۆ نموونە، ماددەی دەیەم دەنگی لەسەر درا سێیەم بخوێننەوە ئەسڵەن هەر تێی ناگەن (في الفروع التي تتواجد قوميات

التركمان والكلدان السريان الاشوريين يراعى ان يكون لها تمثيل)، تەمسیلی چی؟ ئەوە حەق وایە صیاغەکەی دووبارە بکرێتەوە، عەرەبیەکەی زۆر نا رێکەو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فیعلەن قسەکانی سیوەیل خان زۆر راستە، مولاحەزە دەکەین صیاغەکە زۆر بە وردی نەهاتووەو جیاوازی هەیە، بۆیە داوا دەکەم لە سەرۆکایەتی پەرلەمان تەخویلی سکرتاریەتی پەرلەمان بکرێت، بۆ ئەوەی صیاغەکەی چاك بکرێتەوە، تاکو هەموو قانونەکە بەشێوەیەکی موعەیەن دەربچێت و رێك و پێك بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئێمە سکرتاریەتی پەرلەمان رادەسپێرین دوایی صیاغەکە چاك دەکەنەوە لەگەڵ چاك کردنەوەی صیاغەکە کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (2) کەس موعاریزە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە صیاغە کردنەوەی من پێم باش بوو نوێنەرەکان نوێنەرایەتی مامۆستایان بکەن، نەك تەوجیهاتی یەکێتی مامۆستایان دەبنە ناو بنکەکان، یەعنی خۆی هەڵبژاردنەکە بۆ چیە؟ بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی ئەوانە بکات، کە هەڵیدەبژێرن، لە صیاغەکە ئەم مەفهومە بگۆڕدرێت بەشێوەیەك کە نوێنەرایەتی مامۆستایانی ئەو بنکە دەکات، نەك ئیش و کاری تەوجیهاتی مامۆستایان دەباتە ناو قوتابخانەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینیەکەت بنووسەو بیدە بە لیژنەکە، بۆ ئەوەی رەچاوی بکەن، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر، جارێکی تر بیخوێننەوە.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یازدەیەم:

خاڵێك بۆ برگەی (سێیەم) لە ماددەی پازدەیەمی یاساکە بە ژمارە (4) زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

4- لیژنەی قەزا بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی لق لەناو دەستەی مامۆستایاندا نوێنەری یەکێتی لە دامەزراوەکانی پەروەردەو خوێندن هەڵدەبژێرێت، لە پێناو بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان یەکێتی و بنکەکانی و گەیاندنی رێنمایی و ئاراستەکانی یەکێتی پێیان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕاستی کوردی و عەرەبیەکەشی رەکیکە، فەرموون بە عەرەبیەکەی بخوێننەوە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الحادية عشرة:

تضاف نقطة الى الفقرة ثالثاً من المادة الخامسة عشرة بتسلسل (4) وتقرأ كالآتي:

4- تنتخب لجنة القضاء بالتنسيق مع هيئة الفرع من بين هيئة المعلمين ممثلا للاتحاد في مؤسسات التربية والتعليم من اجل تقوية الصلة بين الاتحاد ومراكزه وايصال تعليمات الاتحاد وتوجيهاته اليها.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ئەوەی کە خوێندرایەوە بەکوردی و بە عەرەبی دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوازدەیەم:

یەکەم: خاڵی (1) لە برگەی یەکەم لە ماددەی شازدەیەمی یاساکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێت:

1- پارەیەك بە بڕی (3000) سێ هەزار دینار کە ئەندامان بەپێی میکانیزمێکی دیاریکراو لەلایەن ئەنجومەنی تەنفیزی دیاری دەکرێت و دەیدەن، ئەم پارەیەش بەم شێوەیە دابەش دەکرێت:

أ-70٪حەفتا لەسەد بۆ حیسابی سندووقی دابینکاری.

ب-20٪ بیست لەسەد بۆ حیسابی لق.

ج-10٪ دە لە سەد بۆ حیسابی مەکتەبی سکرتاریەت.

لە بەرامبەر ئەم بۆچوونەو ئەم پێشنیارەدا رەئیەکی تر هەیە دەڵێت (کە بڕە پارەکە بکرێتە (1000) یەك هەزار دینار).

دووەم: برگەی دووەم لە ماددەی شازدەیەم بەم شێوەیە هەموار دەکرێت و دەخوێندرێتەوە:

دووەم: کۆنگرەی گشتی چۆنیەتی خەرجکردن لە برگەکانی (أ،ب،ج)ی بەندی یەکەم دیاریدەکات، پێویستە دەستە کارگێڕییەکانی لقەکان پابەند بن بەو ڕێنماییانەی لەم بارەوە دەردەچن، لیژنە تایبەتەکان بەناوی (لیژنەی دابینکاری و لیژنەی یارمەتیدانی ئەندامان) بە مەبەستی جێ بەجێ کردنی ئەو ڕێنماییانە پێك دەهێنرێن.

سێیەم: برگەی حەوتەم بەم شێوەیە هەموار دەکرێت:

حەوتەم: ڕێژەی لە 10٪ دە لەسەدی سەرچاوە داراییەکان کە لە برگەی (یەکەم: ج) لە بەندی یەکەم هاتووە دەگوێزرێتەوە بۆ حیسابی مەکتەبی سکرتاریەت لەلایەن بانکەکانی هەرێم و لە لایەن لقەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بە عەرەبیەکەش بخوێننەوە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برێك هەڵەی چاپی تێدایە.

المادة الثانية عشرة:

اولا: تعدل الفقرة (1) من اولاً من المادة السادسة عشرة كالآتي:

1- مبلغ قدره (3000) ثلاثة الآف دينار يدفعه الاعضاء وفق آلية يحددها المجلس التنفيذي ويقسم هذا المبلغ بالشكل الآتي:

أ-70٪ سبعون بالمائة لحساب صندوق الضمان.

ب-20٪ عشرون بالمائة لحساب الفرع.

ج-10٪ عشرة بالمائة لحساب مكتب السكرتارية.

(ثمة راى آخر أن يكون هذا المبلغ (1000) الف دينار).

ثانيا: تعدل الفقرة الثانية من المادة السادسة عشرة وتقرأ كالآتي :

ثانيا: يحدد المؤتمر العام كيفية الصرف للفقرات (أ.ب.ج) من ( اولاً)، وعلى الهيئات الادارية في الفروع الالتزام بالتعليمات الصادرة بهذا الشأن وتشكل اللجان الخاصة (لجنة الضمان ولجنة مساعدة الأعضاء) لغرض تنفيذ هذه التعليمات.

ثالثاً: تعدل الفقرة السابعة من المادة السادسة عشرة كالآتي:

سابعا: تتم مناقلة نسبة10٪ من الموارد المالية الواردة في الفقرة (اولا:ج) الى حساب مكتب السكرتارية في مصارف الاقليم من قبل الفرع.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سێوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت خاڵی یەكەم (أ) نووسراوە سندووقی زەمان بە عەرەبیەكەی ڕاستە، بەلاّم بە كوردیەكەی نووسراوە سندووقی دابینكاری، دابینكاری یەعنی چی؟ ئەگەر وشەكەی هەندێك بگۆڕین باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان، لە ماددەی دوازدەم لە یەكەمدا لە كوردیەكەی لێرە هاتووە دەڵێت كۆنگرەش بۆی هەیە بڕی بەشداری مانگانە بگۆڕێت، بەلاّم لە عەرەبیەكەیدا ئەوە نەهاتووە، یەعنی گۆڕانكاری هەیە لە كوردی و عەرەبیەكەی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دكتۆر عومەر.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە كوردیەكەش دوای صیاغە هەموومان كۆك بووین لەسەر ئەوەی كە ئەم بڕگەیە لابرێت، بەس دیارە لە كاتی چاپدا ئەم بڕگەیە لە كوردیەكە ماوە، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەش بووین كە ئەم بڕگەیە لابرێت، واتا كۆنگرەش بۆی هەیە بڕیاری بەشداری مانگانە بگۆڕێت، ئێمە موتەفیق بووین كە لابچێت، وەكو عەرەبیەكەی لێ بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێوە واتان نەخوێندەوە، كەواتە ئەسڵیەكەی بخوێننەوە، بۆ ئەوەی پەرلەمانتارە بەڕێزەكان بە ئاگا بن لێی، فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە كاتی خوێندنەوەیدا ئەوەم تەرك كرد بوو، بەلاّم دیارە لەو نوسخەیەی كە لەلای بەڕێزانە بە تەبع هەر هاتووە، بۆیە جارێكی تر دەیخوێنمەوە:

ماددەی دوازدەیەم:

یەكەم: خاڵی (1) لە بڕگەی یەكەم لە ماددەی شازدەیەمی یاساكە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەكرێت:

1- پارەیەك بە بڕی (3000) سێ هەزار دینار كە ئەندامان بەپێی میكانیزمێكی دیاریكراو لەلایەن ئەنجومەنی تەنفیزی دیاری دەكرێت و دەیدەن، ئەم پارەیەش بەم شێوەیە دابەش دەكرێت:

أ-70٪حەفتا لەسەد بۆ حیسابی سندووقی دابینکاری، لەڕاستیدا دەبێت بڵێین سندووقی دڵنیایی (تأمین)، دەستەبەر.

أ- 70٪حەفتا لەسەد بۆ حیسابی سندووقی دەستەبەری.

ب-20٪ بیست لەسەد بۆ حیسابی لق.

ج-10٪ دە لە سەد بۆ حیسابی مەکتەبی سکرتاریەت.

بۆچوونی دووەمیش ئەوەیە (کە بڕە پارەکە بکرێتە (1000) یەك هەزار دینار).

دووەم: بڕگەی دووەم لە ماددەی شازدەیەم بەم شێوەیە هەموار دەکرێت و دەخوێندرێتەوە:

دووەم: کۆنگرەی گشتی چۆنیەتی خەرجکردن لە بڕگەکانی (أ،ب،ج)ی بەندی یەکەم دیاری دەکات، پێویستە دەستە کارگێڕییەکانی لقەکان پابەند بن بەو ڕێنماییانەی لەم بارەوە دەردەچن، لیژنە تایبەتەکان بەناوی (لیژنەی دەستەبەری و لیژنەی یارمەتیدانی ئەندامان) بە مەبەستی جێ بەجێ کردنی ئەو ڕێنماییانە پێك دەهێنرێن.

سێیەم: بڕگەی حەوتەم بەم شێوەیە هەموار دەکرێت:

حەوتەم: ڕێژەی لە 10٪ دە لەسەدی سەرچاوە داراییەکان کە لە بڕگەی (یەکەم/ ج) لە بەندی یەکەم هاتووە دەگوێزرێتەوە بۆ حیسابی مەکتەبی سکرتاریەت لەلایەن بانکەکانی هەرێم و لە لایەن لقەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، مەوزوعی دیار کردنی پارەکە، بە تەسەوری من دەرچوونە لە یاسای کۆمەڵە، لەوێ بەهیچ شێوەیەك باس نەکراوەو، من تەسەور دەکەم ئەوەی کاك عومەر باسی کرد، کە لابدەین، کە پێچەوانەی بکەین، یەعنی ئێمە نازانین ئەو سێ هەزار دینارە پاش دوو ساڵی تر، سێ ساڵی تر قیمەتی فیعلی چەندە، لەسەر چ ئەساسێك لە یاسایەك ئێمە ئەوەها دەستی یەکتر بگرین، بە ڕەئی من ئێمە بڵێین بزەبت پێچەوانەکەی پارەیەك کە لە کۆنگرە، یان لەلایەن سکرتاریەت تەحدید دەکرێت بڕۆین هەتا ئەخیری، ئەمە یەکەمین تێبینیم.

دووەمیان/ ئەوەی دابینکاری باش بوو ڕزگار بووین لێی.

سێیەمیان/ ئەوەی ئەخیر لە 10٪ سەرچاوە داراییەکان لە بڕگەی (ج) هاتووە بۆ بانکی هەرێم بچێت بانکێکی تر، تەبعەن حیسابەکە لەکوێ دەبێت؟ هەر لە بانك دەبێت، بە تەسەوری من داعی نییە ئەسڵەن

ئـەوە هـەبێت، ئەگـەر مەبەسـت ئـەوە بێـت، کـە لقـەکان دەینێـرن خـۆ وازیحـە هـەر لـە صـیاغەی ئـەوەی یەکەمەکەدا، هەموو ئەندامەکان پارە دەدەن لە 10٪ بۆ مەکتەبی سکرتاریەتە، من تەسەور دەکەم ئەمـەی ئەخیر لابرێت، ئەوەی دەڵێت لە 10٪ حیسابێك لە بانك.

سێیەمیان/ لە جیاتی پارە تەحدید بکەین، بڵێین پارەیەك دەدەن کە لەلایەن ئینجا ئـەوە ئیقتیراحـی منـە یان سکرتاریەت، یان کۆنگرە دەست نیشان دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی رەئی برای بەڕێزم کاك عبدالسلام دەکەم، بەنیسبەت فەقەرەی یەکەم، واتا ئەو پارەیە نـە سـێ هەزارەکە بنووسرێت، نە هەزارەکە بنووسـرێت، بـەڵکو پـارەی ئیشـتیراکەکان بنووسـرێت، بـۆ نموونـە بڵێـت (یحدد مبلغ اشتراکات الاعضاء وفق آلالیة الـتي یحـددها المجلس التنفیـذي للاتحـاد ویقسـم) بێتـە خـوارێ لـە سەدا ئەوەندە بۆ ئەوە، سەدا ئەوەنـدە بـۆ ئـەوە......، چونکە ئـەو پارەیـە قـابیلی زیـادەو نوقصـانە بـەپێی وەزعی ئیقتیصادی ئەم وڵاتە، ناکرێت هـەموو جارێـك بێتـەوە پەرلـەمان ئـەم پارەیـە بـەرزو نزمـی بکـەن، بۆیە ئەمە بۆ مەجلیسی تەنفیزیەکە بە جێ بهێڵدرێت، بـۆ ئـەوەی ئالیەتەکـەی تەحدیـد بکـات بـۆ دەسـت نیشان کردنی پارەکەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئاخیر کەس عەزیمە خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی یەکەم لە ماددەی شازدەهەمدا یەکەم کە بڕە پارەکەی تیا دیاری کـراوە، هـەر لـەناو ئـەو بڕگەیـە کۆنگرەش بۆی هەیە بڕی بەشداری مانگانە بگۆڕێت، لێـرەدا تـەناقوزێك دروسـت دەکـات لـەوەی کـە تـۆ بـە یاسا...........

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەیان لابردووە، نەیخوێندەوە، لامان بردووە، پرۆتۆکۆل ئەوە تەسجیل دەکات کە دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە یەکەم جار ئەم بڕگەیەمان داخیل کرد، کۆنگرەش بۆی هەیە بـڕی بەشـداری مانگانـە بگـۆڕێـت، بـەڵام دوای ئەوە کـە گفتوگۆمـان لەگـەڵ یـەکێتی مامۆسـتایان کـرد، ئـەوان کۆنگرەیـان گرتـووەو بڕەکـەیان دیـاری

نەكردووە، بۆیە تازە كۆنگرە ناگرنەوە جارێكی تـر، بـۆ ئـەوەی بـڕی ئـەم مانگانـەی كـە وەریـدەگرن ئـەوان دیاری بكەنەوە، ئەوە یەك.

دوو/ یەكێتی مامۆسـتایان گوتیـان دیـوانی چـاودێری دارایـی لـە بـاری قانونیـەوە دەڵێـت دەبێـت تەحدیـدی بكـەن، بـۆ ئـەوەی بـزانین چـەند ئەنـدامتان هەیـەو مانگانـە چـەند لـەم ئابوونەیـەی مانگانـە وەریـدەگرن داهاتتان چەندە؟ بۆ ئەوەی هەوڵ بدەین لە داهاتوودا لە باری رەقابەوە، چاودێرییەوە بۆ ئێمە وازیح بێت، بۆیە ئەوان جارێكی تر رەئیان وا بوو كە دەبێت تەحدید بكرێت، بۆیە پێمانوایە ئێمەش لەسەر ئەوەین كە بیرو بۆچوونی ئەوان بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت و تەحدید بكرێت، هەروەها لـە قانونـە ئەسڵەكەشـدا تەحدید كراوە، ئەو نیسبەی لە 40٪ كە لـە ئەسـڵی یاسـاكەدا هـەبووە، ئێسـتا بۆتـە رێـژەی لـە 10٪، بۆیـە هەموار كردنی یاساكەو تەحدید كردنەكەی ئێمە بە زەروری دەزانین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك شێروان پێشنیارەكەی خۆت بڵێ، دەڵێی چی؟ فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وابزانم ئەو قسەی كاك عومـەر كـردی هـیچ تـەناقوزێكی لەگـەڵ ئـەو نەصـەی كـە ئێمـە ناردوومانـە نییـە، چونكە ئێمەش تەحدیدی ئیشـتیراكەكە بـۆ ئیتیحـاد بـەجێمان هێشـتووە، ئیتیحـاد چـۆن قـەرار دەدات بـەم شـێوەیە، مەكتـەبی سـكرتاریەت بـەو ئالیەتـەی كـە خـۆی دەزانێـت، بۆیـە بەڕاسـتی مـن دیسـان تەئكیـد دەكەمەوە، دووبارە ئیشتیراكات بگۆڕێتەوەو بێتەوە ناو ئەو پەرلەمانـە، ئـەوە مەسـەلەیەكی عەمـەلی نییـە، ئێمە دەستی ئـەو ئیتیحـادە دەبەسـتینەوە، هـەر جارێـك بیـەوێت گۆڕانكـاری لەسـەر ئـەم ئیشـتیراكە بكـات، دەبێت بێتە ناو ئەو پەرلەمانەو دەنگی لەسەر بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لێرەدا خاڵێكی تر هەیە، ئەویش ئەوەیە لە كۆنگرەدا هەموو لیستەكان تەوافوقیان لەسەر ئەوە كردووە كـە ئەم پرۆژە یاسایە بەم شێوەیە بنێرن بۆ پەرلەمانی كوردستان، هەم لەسەر نیسبەتەكە، لە تەحدید كردنـی نیسبەتەكە لەم سێ هەزارە، هەم بەم شێوەیەی كە پرۆژە یاساكە هەموار كراوەتەوە، واتا ئەوان لە كۆنگرەدا رەزامەندییان لەسەر ئەم پێشنیارە داوە، هەروەها لە دەسەڵاتی مەكتەبی سكرتاریەت و مەجلیسی تەنفیزی ئەوە نەهاتووە كە ئەوان ئەو دەسەڵاتەیان پێ بدرێت، رەنگە ئێستا ئێمە بڵێین ئەمە بۆ مەكتەبی تەنفیزی و مەكتەبی سكرتاریەت بەجێ بمێنێت، رەنگە دیسان ئەو خاڵەی كـە تـەوافوقیان لەسـەر كـردووەو دووبـارە

پێداچوونەوەو بۆچوونی جیاوازی لەمەڕ بێتە پێشەوە، کە پێمانوایە ئیشکالیەت بۆ یەکێتی مامۆستایان دروست دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئاخیر کەس دکتۆر ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە زۆرترین ئەو تێبینیانەی کە ئەندامان تەرحی دەکەن، وەلآمی لیژنەکان ئەوەیە کە کۆنگرە وا بڕیاری داوە، باشە یەکێتی مامۆستایان تەنها یەك کۆنگرە دەبەستێت لە هەموو ژیانی خۆیدا، یاخود هەموو ساڵ جارێك کۆنگرە دەبەستێت، یەعنی ئەگەر ئێمە هەموو ئەو بڕیارانەی لێرە دەیدەین لەگەڵ بڕیارەکانی کۆنگرە بێت، باشە چوار ساڵی دیکە کە کۆنگرە دەگیرێت خۆ کۆنگرە دیسان ئەو بڕیارانە دەگۆڕێت، یەعنی دەبێت دیسان دڵنیا بی لەوەی چوار ساڵی دیکە دیسان ئەم یاسایە بگۆڕیت، باشە ئەم یاسایە تەنها بۆ چوار ساڵە، یان یاسایەك بێت کە بۆ پازدە ساڵی دیکە بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا دوو حاڵەت هەیە، هەردووکیان دەخەینە دەنگدانەوە، لە ئەسڵی پرۆژەکەدا هاتووە دەڵێت سێ هەزار دینار، ڕەئی دووەمیش هەیە دەڵێت هەزار دینار، ئەو ڕەئیەی کە دەڵێت تەحدید نەکرێت ئیشکالی قانونیمان بۆ دروست دەکات، ئەی کێ تەحدیدی دەکات؟ ئاخیر کەس کاك عبدالسلام قسە بکات، دوایی دەخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەئی ئێمە نەمانهێشتووە، ئێمە ئیقتیراح دەکەین بۆ مەکتەبی تەنفیزی، یان کۆنگرە، یەعنی نەمانگوتووە لێرە لایدەدەین فەراغ بهێڵین، هەموو موبەریراتی برادەران باسیان کرد....

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە ئاخر مەکتەبی تەنفیزی ئەوەی ئێستا خۆیان تەحدیدیان کردووە سێ هەزار دینار بێت، ئەوان تەحدیدیان کردووە، فەرموو مامۆستا فەرمان لە کۆنگرە بوو با ڕەئی خۆی بدات، بزانین دەڵێت چی، فەرموو.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو سێ هەزار دینارە بەڕاستی لە کۆنگرە بڕیاری لەسەر داوە، پێشنیار کراوە لە کۆنگرە، ڕەنگە ئێستا پرسیاریش ئەوە بێت ئەسبابی موجیبەی ئەو سێ هەزار دینارە، لەبەر ئەوەی ئەمە گرێنتی نەبوو، کاتی خۆی موناقەشەی زۆرمان کرد لە کۆنگرە گرێنتی ئەوە نییە ئەو (120) هەزار ئەندامە دووبارە بێتەوە، هەموو ببنە ئەندام لە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، ڕەنگە ئەو جارە (60) هەزار ئەندامان هەبێت، لەبەر ئەوە بتوانین زیاتر بەپێی بۆچوونی کۆنگرە، زیاتر خزمەت بە توێژی مامۆستا بکرێت، بەتایبەتی لەلایەنی دەستەبەریەکە، بڕیار درا سێ هەزار دینار بێت، لەبەر ئەوەی ئارەزوومەندانەیە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ئەندامیەتی ئەوجارە، وەکو جاران نییە لە راتبەکەی یەکسەر ئیستیقتاع بکرێت، نەخێر، ئەگەر ئەندام نەبێت و فۆرمێك پڕ نەکاتەوە هەر نابێتە ئەندام لە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی لەبەر ئەوەی یاسای جەمعیات ئەو حەقەی داوە بە هەموو جەمعیەتێك، کە ئابوونە وەربگرێت، ئەمە یەك.

دوو/ لە ئەسڵی یاساکە خۆی لێك چوونێکیش لەنێوان ئەو حزبە هەیە، لە پەیڕەوی ناوخۆی حزبیشدا کە دەڵێت دارایی حزب پێك دێت لە یەك/ ئابوونەی ئەندامان، تەحدیدیشی ناکات و ناڵێت چەندیش، ڕەقابەی مالیش ناڵێت تۆ بۆچی تەحدیدت نەکردووە؟ مادام هەموو حیساباتی ئەو یەکێتی مامۆستایانە خازیعە بۆ ڕەقابەی مالیە، ئەگەر تەحدیدیشی نەکەیت، ئیتر دیارە ئەو چەند لە حزبەکەی وەردەگرێت، دەبێت وسولاتی هەبێت ئەو چەندی وەرگرتووەو چەند دەخاتە بانکەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو فیکرەیەی کە هاتووە لەسەر ئەساسی ئەوە هاتووە ئێمە دەستی سەندیکاکان نەبەستینەوەو تەحدیدیان بۆ بکەین، سبەینێ لە هەر گۆڕانکارییەکی باری ئابوورییدا، یان ئەندامانیاندا موقەیەد بن نەتوانن کاری وا بکەن، بۆیە ئێمە ئەو سەلاحیەتە بدەینەوە بە دەستی لیژنەی تەنفیزی، یان کۆنگرە، یان پەیڕەوی ناوخۆیان، سەندیکاکانیش بەزۆری خۆیان دەست نیشانی دەکەن، ئینجا ئێستا باس لەوەش دەکرێت سفرەکانی پارە لابرێت، ئەو کات تووشی ئەشکالێکی تری یاسایی ببین، بۆیە هەموو ساڵێك لەوانەیە ئەوان پێویست بکات ساڵێك زیاتر وەربگرن، ساڵێکی تر کەمی بکەنەوە، بۆیە ئازادییەکە بدەین بە خۆیان، بەڵام

شێوەی دابەش کردنەکەیان ئەو ئالیەتە تەبیعیە لە خوارەوە دێت، بەڵام وەکو ئازادییەکە بۆ خۆیان بێت، هەر ساڵێك بۆ ساڵێکی تر دەستیان نەبەستینەوە تا چوار ساڵ ئیلا دەبێت ئەوە بێت، لەوانەیە ئەو پارەیە ساڵێکی قیمەی دراوی کەمتر بێت، لەوانەیە زیاتر بێت، بۆیە ئازادییەکە بگەڕێنینەوە بۆ خۆیان، نەك، ئەوەی لە بۆشاییەکەدا هەبێت و کەس نەبێت تەحدیدی بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا پوختەکەی سێ ڕەئیە، بزانین ڕەئی لەوە زیاتر هەیە، یەکێکیان/ دەڵێت تەحدید نەکرێت، یەکیان/ دەڵێت هەزار دینار بێت، یەکیان/ دەڵێت سێ هەزار دینار بێت، لەوە زیاتر هەیە، کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە، دووەمین جار لەسەر هەمان شت باست کرد، یەکەمیان/ نییە بڵێت تەحدید نەکرێت، دەڵێت لە یاسا نەیەت و دەسەڵات بە نەص لەوێ بنووسرێت، بەنەص بڵێت لەلایەن فلان جیهەت تەحدید دەکرێت، ڕەئی یەکەم ئەمەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە چەندین سەندیکامان هەیە لەو هەرێمە، سەیری یاسای هەندێك لە سەندیکاکان بکەین نووسراوە (فقط اشتراكات الاعضاء) ئەسڵەن تەحدید نەکراوە، بۆ مەجلیسی ئەو ئیتیحادانە بەجێ هێڵراوە، ئەمە یەك.

دوو/ مەجلیسی تەنفیزی عادەتەن تەنفیزی موقەڕەراتی کۆنگرە دەکات، کە کۆنگرە قەراریدا ئیشتیراکات سێ هەزار دینار بێت، مەجلیسی تەنفیزی ئەداتی تەنفیزە لەو یەکێتیە، تەنفیزی قەراراتی کۆنگرە دەکات، نەك بێتە ئێرە قانونەکەی بێنێت بڵێت ئێمە قەرارماندا تەنفیزی قەراری کۆنگرە بکەین سێ هەزار دینارمان داناوە، بۆیە بە تەسەوری من وایە هیچ ئیشکالێکی قانونی نییە، دەستی ئەو ئیتیحادە دەکەینەوە ئەگەر دەسەڵاتی خۆیان بدەینێ کۆنگرە دەبەستیت، تەحدیدی ئیشتیراکات دەکات مەجلیسی تەنفیزی تەنفیزی ئەو موقەڕەراتە دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شێروان زەحمەت نەبی بە موختەسەری بۆمان بنووسەو بۆمان بنێرە، ئاخیر کەس کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیردواد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ئیشكالیاتمان لەسەر تەحدید كردن و تەحدید كردن نەبوو بۆ بڕی بڵێین ئابوونەكە، قسە لەسەر ئەوە بوو كە ڕەنگە نیسبەتی پارە قیمەتەكەی بگۆڕێت و ئیشكالات دروست بكات بۆ گۆڕانكاری، ئەوە بێت دەتوانین ئەو پارەیەی بۆ كۆنگرەكە بیكەینە ڕێژە، بۆ ئەوەی ئەگەر پارەكە بەسەر كەوت بە ڕێژەكە لێی وەربگیرێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا ئێمە دوورترینیان ئەوەیە كە تازەیە دەڵێت ئەو ئیشتیراكاتە لەلایەن مەجلیسی تەنفیزیەوە خۆی تەحدیدی بكات، ئێستا بوو بە چوار ڕەئی، كاك عەونی گیان داوای لێبووردن دەكەم زۆر موناقەشە كرا، زۆر قسە كرا، ئێستا بوو بە چوار پێشنیار، یەك/ ئەو ئیشتیراكاتە مەجلیسی تەنفیزی تەحدیدی بكات.

دووەمیان/ ئەو ئیشتیراكاتە كۆنگرە تەحدیدی بكات.

سێیەمیان/ ئەو ئیشتیراكاتە مانگی بە قانون هەزار دینار بێت.

چوارەم/ ئەوەی لە ئەسڵیەكە هاتووە دەڵێت سێ هەزار دینار بێت.

ئێستا یەكەمیان دەخەینە دەنگدانەوە، ئیشتیراكی ئەندامیەتی لەو ڕێكخراوە لەلایەن مەجلیسی تەنفیزیەوە تەحدید بكرێت، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (45) كەس لەگەڵدایە كە مەجلیسی تەنفیزی ئەو ئیشتیراكە تەحدید بكات، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (22) كەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا.

ئێستا دێینە سەر دووەم/ ئەو ئیشتیراكاتە مانگانەیە كۆنگرە تەحدیدی بكات، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (17) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، زیاتر لەو (17) كەسە دەڵێت وا نەبێت.

ئێستا دێینە سەر ئەوەی كە ئیشتیراكی مانگانە هەزار دنیار بێت، كێ لەگەڵ ئەوە دایە؟ كاك شێروان موناقەشە زۆر كرا، ئێستا خاڵی سێیەم دەڵێت بە قانون تەحدیدی ئیشتیراكی مانگانە بكرێت، كێ لەگەڵ ئەوەدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (3) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، نەتیجەی دەنگدان (45) كەس دەنگیداوە بۆ ئەوەی كە مەجلیسی تەنفیزی ئیشتیراكاتەكە تەحدیدی مانگانە بكات، ئەوە تەسبیت بوو، ئێستا كۆی ماددەكە هەمووی دەخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (17) كەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، بڕۆن بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی سێزدەیەم:**

سەبارەت بە ماددەی نۆزدەیەمی یاساکە دوو بۆچوون هەیە:

یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

دووەم: ئەم ماددەیە بەم شێوەیە هەموار بکرێت:

ئەو یەکێتییەی بەپێی ئەم یاسایە دامەزراوە نوێنەرایەتی مامۆستایانی ئەندام دەکات لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بە عەرەبیەکەش بخوێننەوە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة عشرة:

بخصوص المادة التاسعة عشرة من القانون ثمة رأيان:

الاول: ان تبقى المادة كما هي.

الثاني: ان تعدل المادة كالآتي: الاتحاد المؤسس بموجب هذا القانون يمثل المعلمين الاعضاء فيه داخل الاقليم وخارجه.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر عومەر.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ئەمە دوو بۆچوونی جیاواز هەبوو، پێشتر کە گفتوگۆی لەسەر کرا، یەکێکیان/ ئەوەیە کە دەڵێت ئەم یەکێتیەی بەپێی ئەم یاسایە دامەزراوە نوێنەرایەتی مامۆستایانی کوردستان دەکات لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم.

بۆچوونی دووەم/ ئەوەیە ئەو یەکێتیەی بەپێی ئەم یاسایە دامەزراوە نوێنەرایەتی مامۆستایانی ئەندامی دەکات لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم.

ئەگەر ئێمە سەیری بکەین دەبینین ئێستا لە هەرێمی کوردستان تەنها یەك یەکێتی مامۆستایان هەیە، کە بەگوێرەی ئەم یاسایەو یاسای پێشووتر ئێستا کار دەکەن و شەرعیەتی قانونی هەیە، بۆیە ئەگەر مانگێك، دوو مانگی تر ئەگەر کۆنگرەیەك گیرا، یەکێتی مامۆستایان وەکو نوێنەران بانگ کران بۆ ئەوێ، کێی تر

نوێنەرایەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دەکات، بێگومان ئەم سەندیکایەی کە ئێستا ئەو یەکێتیەی بەگوێرەی ئەم قانونە هەیە.

دوو/ نوێنەرایەتی کردن لەڕاستیدا، ئەمە خاڵێکی ترە، ئەویش ئەوەیە لە مەسەلەی یەکێتی سەندیکاکان، بەتایبەتی کە پەیوەندی بە پیشەوە هەیە بۆ هەر پیشەیەك یەك سەندیکا، یان یەك یەکێتی هەبێت، چونکە ئەمە لەسەر ئەساسی پیشە دادەمەزرێت و نوێنەرایەتی دەکرێت، نەك لەسەر ئەساسی بیرو باوەڕو مەبدەئ وەکو فرە حزبی و تەعەددودیەتی حزبی.

خاڵێکی تر، ئەوەیە کە لە مەلەسەی نوێنەرایەتی کردندا، بۆ نموونە سەرۆك کۆماری وڵاتێکی دیموکراتی هەڵبژێردراو، خۆ دەنگی هەموو هاووڵاتیانی لە پشت نییە، بەڵام کە دێتە سەر نوێنەرایەتی کردن لەبارەی دیبلۆماسی، لەبارەی قانونی، لەبواری سیادییەوە، ئەو نوێنەرایەتی دەوڵەت و وڵاتەکەی خۆشی دەکات، بۆیە من وەکو خۆم بەناوی هەموو لیژنەوە قسە ناکەم، بەناوی خۆمەوە قسە دەکەم لەگەڵ ئەوەم کە بڕگەی یەکەم وەکو لە ئەسڵی ماددەکەدا هاتووە (ئەم یەکێتیەی بەپێی ئەم یاسایە دامەزراوە نوێنەرایەتی مامۆستایانی کوردستان دەکات لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، عەزیمە خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم مادام ئەم یاسایە ئەو مامۆستایانەی کە ئەندامن لەو ڕێکخراوە، لە بڕگەی یەکەمدا لەناو ئەم یاسایە جێی ئەوە کراوەتەوە کە بە ئەندام بوون ئیختیارییە، وەکو جاران نییە تۆ یاسایەك دەربکەیت بڵێیت یەکێتی مامۆستایان ڕێکخراوی هەموو مامۆستایانە، من پێموایە ئەوەی ئەندام نییە لەو ڕێکخراوە، ڕێکخراوی یەکێتی مامۆستایان بە ڕێکخراوی خۆی نازانێت، بەڵام ئەوانەش حەقی خۆیانە بڵێین ئەم ڕێکخراوە نوێنەرایەتی مامۆستایانی ئەندام دەکات لەو ڕێکخراوە، بەڵام خۆ دەبێت حەق بدەینە ئەوانەی کە ئەندام نین لەو ڕێکخراوە کە لە یاساکە جێمان کردۆتەوە ئیختیارییە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەمە دوو بۆچوونی جیاواز هاتووە، ئێستا عەزیمە خان دیفاعی لەوە کرد کە دەبێت بگوترێت نوێنەری مامۆستایانی ئەندامە، کێی تر دیفاع لە عەزیمە خان دەکات؟ کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستیەکەی دەکرێت ئەم صیاغەیە هەروەکو ئەم گۆڕانکارییەی تیا کراوە بکرێت، ئەگەر بێتو صیاغەی حەرفی گۆڕانی تیا بکرێت، ئێمە بڕوامان وایە مادام ئەندامیەتی ئیختیارییە، دەکرێت ئەم یەکێتیە نوێنەرایەتی مامۆستایانی ئەندامی بکات، یان نوێنەرایەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بکات لەناوەوەو

دەرەوەی وڵات، یەعنی هەردوو صیاغەکە هەر نەفسی مانا دەگەیەنێت، ئەگەر بێتو بنووسرێت نوێنەرایەتی یەکێتی مامۆستایان دەکات لەناوەوەو دەرەوەی وڵات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، بەڕاستی ئەمە یەکەمین جارە ئەم بابەتە دێتە گفتوگۆ کردن با مەسەلە کرۆکەکەی باس بکەین، ئێمە بیست ساڵە لە ئەزموونی کوردستان دەناڵێنین لە ڕێکخراوەکان و سەندیکاکان و یەکێتیەکان بۆن و رەنگی حزبی هەیە، هەندێکیان بە تاریخی هاتوونە، ئێمە لەم مەرحەلەیە پێویستمان بەوەیە بۆ هەر توێژێك، بۆ هەر پیشەیەك یەك ڕێکخراوی نیشتمانیمان هەبێت، کە نوێنەرایەتی ئەو پیشەیە بکات، حزبەکان بۆ خۆیان ڕێکخستن و شتیان هەیە ململانێ بکەن، وەکو چۆن ململانێ لەناو پەرلەمان دەکرێت، بۆ ئەوەی بەشدار بن لە هەیئەکانی ئەو ڕێکخراوە، بۆیە ئەمە دەرفەتێکە لەبەرچاو بگرین و هەنگاوێکە بۆ ئەوەی ئێمە سەندیکایەکمان هەبێت نوێنەرایەتی هەموو ئەندامانی ئەو پیشەیە بکات، بۆیە من بە توندی پشتگیری ئەوە دەکەم، کە ئەم ڕێکخراوە شەرعیەتی نوێنەرایەتی هەموو مامۆستایانی بدەینێ، تاکو ڕێگا بگرین لە هەر حزبێك، ڕێکخراوێکی خۆی هەبێت بە نوێنەری سەرجەم، چونکە ئێستا وایە، هەر حزبێك ڕێکخراوی خۆی هەیە لە نوێنەری سەرجەم، کە حزبەکە بچووك بێت، یان گەورە بێت، بۆیە گرنگی ئەم مەوزوعە لەوە دایە بە رەئی من ئێمە تەسبیتی نیشتمانی بوونی ئەم یەکێتیانە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، حەمە شارەزووری فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وێڕای پشتگیریم بۆ قسەکانی کاك عومەر، ئەگەر ئێمە یاسایەك دەربکەین، ئەگەر بە یاسایی باسی ئەوە بکەین ئەم ڕێکخراوە تەنها نوێنەرایەتی ئەم مامۆستایانە دەکات، بە تەئکید وایە، یەعنی بەپێی ئەم یاسایە ڕێگە دەدەین ئەم ڕێکخراوە پارچە پارچە بێت، بەیانی لە دەرەوەی ئەم یاسایە هەموو ڕێکخراوێك، چەند مامۆستایەك، ڕێکخراوێك دروست دەکەن، بۆیە لێرە پەرلەمان دەبێت ئاگاداری ناوەڕۆکی ئەم یاسایە بێت، ئەگەر بەشێوەیەکی وا دەربکرێت، ئەم یەکێتیە تەنها نوێنەرایەتی ئەو مامۆستایانە دەکات یەك ئەندامی تیایە، بە تەسەوری من ئەمە پێویست بە یاسا ناکات، یاسای بۆ دەربکەین، بۆیە من پشتگیری قسەکانی کاك عومەر دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جاری پێشووش موناقەشەی زۆر کرا، ئێستاش لە هەر لایەك دوو کەس قسەی کرد، لەبەر ئەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، یەکەم جار ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە کە دوورترە، ئەم یەکێتیەی بەپێی ئەم یاسایە دامەزراوە نوێنەرایەتی مامۆستایانی ئەندامی دەکات لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (19) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ لەگەڵدا نینە، کەواتە ئەو ماددەیە بخوێننەوە بۆ دەنگدان.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

صیاغەی نوێ نییە، لەبەر ئەوە رەئی یەکەم ئەوە بوو کە ماددەکە وەکو خۆی لە ئەسڵی یاساکەیساڵی 2002 بمێنێتەوەو هەموار نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چواردەیەم:

ماددەی بیست و یەکەمی یاساکە دوو بۆچوونی لەسەرە:

یەکەم: بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار بکرێت:

سەرۆکی یەکێتی و دوو جێگرەکەی و سێ لە ئەندامانی مەکتەبی سکرتایەت و سەرۆکی لقەکان تەرخانکراو (متفرغ) دەبن بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کارو ئەرکەکانی یەکێتی.

دووەم: ماددەکە بە تەواوی هەڵبگیرێت و (تفرغ) نەمێنێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بە عەرەبیەکەشی بیخوێننەوە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة عشرة:

حول المادة الحادية والعشرين من القانون ثمة رأيان:

الاول: ان تعدل كالآتي: يتفرغ رئيس الاتحاد ونائباه وثلاثة من اعضاء مكتب السكرتارية ورؤساء الفروع لغرض انجاز مهام و واجبات الاتحاد.

الثاني: ان تحذف المادة كاملا ويلغى التفرغ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا لە رووی مەفهوم و مەبدەئیەوە نەبوونی تەفەروغ کۆکە لەگەڵ کاری رێکخراوی مەدەنی، بەتایبەتی لە سەندیکاکان و دامودەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی، چونکە لەوێ ئەم کار کردنە خۆبەخشانەیە، لەسەر حیسابی وەزیفەی گشتی و لەسەر حیسابی پۆستی گشتی نابێت، بۆیە لەڕاستیدا ئەوەی کە ئەسڵە ئەوەیە کە تەفەروغ نەبێت، رەنگە ئێمە لە هەرێمی کوردستانیشدا ژمارەیەکی زۆر رێکخراو و دەمودەزگاو سەندیکای یەکێتیمان هەیە، هەموویان خۆیان تەفەروغ بکەن، دیسان ئەوەش ئیشکالیەتێك دروست دەبێت لە پەیوەندی نێوان کارو چالاکی لە دامودەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەگەڵ وەزیفەی گشتیدا، بۆیە دوای گفتوگۆ لەنێوان خۆماندا و صیاغەمان کردەوەو گفتوگۆمان کرد، هەروەها لەگەڵ یەکێتی مامۆستایانیش ئەو پرسەمان هێنایە ئارایەوە، بۆیە ئێستا ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە تەفەروغ نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شێرزاد فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە دەنگدانەکەدا ئیشکالیەتێك دەبینم، بەڕاستی پێشتریش دەستم هەڵبڕی رێگەت نەدا قسە بکەم، لە برگەکەی پێشووتر چوار پێشنیار هەبوو، هەر چوارت خستە دەنگدانەوە، ئەمەشیان پێشتر دووان بوو هەردووکت خستە دەنگدانەوە، باشە ئەگەر یەکەم دەنگی نەهێنا ئیتر ئەوانی تر ئەگەر دەنگ بێنن، یان نەهێنن چ ئیستیفادەیەکی دەبێت لەو دەنگدانەی کە دەیکەیت، من پێموایە ئەو دەنگدانە ئیشکالیەتێکی تیایە، کە دوو برگە بوو یەکیان کە دەنگی هێنا، تەواو، ئیتر کۆتایی پێ دێت، ئیتر پێویست ناکات ئەوەی تر بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لایەنی دووەم دەڵێت بیخە دەنگدانەوە، بەڵکو دەنگی هێنا، وام پێ دەڵێت، فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە من رەئیم ئەوەیە تەنها رەئیسی ئیتیحادو نائیبی تەفەروغ بکەن، لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین ئیش و کاریان زۆرە، هەرچەندە من بۆ خۆم لەگەڵ تەفەروغ نیمە، لەبەر ئەوەی تەمبەڵی پەیدا دەکات، بەلآم لە حاڵەتێکدا ئێستا سەرۆك و جێگرەکان، یان دەبێت هەر وا ناویان بنووسرێت لە قوتابخانەکان دەرسیشیان نەدرێتێ، واتا دەرس نەڵێنەوە، ئەوە واقیعێکە ئێمە دەزانین و ئیشکالیش پەیدا

دەكات، یانیش دەبێت ئەو سەرۆك و دوو جێگرە لە مەكتەبی شەو دەوام بكەن، ئەگەر تەفەروغ نەبێت، بەلاّم ئەگەر تەفەروغ بن، ئەگەر كارا بن، ئیش و كاریان زۆرەو سەردانیان زۆرە، چونكە دەوامی قوتابخانەكان بە شەو نییە، بە رۆژە، بەیانیانە، دوای نێوەڕۆیانە، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو سێ كەسە تەفەروغ بی باشە، بەلاّم ئەوانی تر تەفەروغ نەبن و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر احمد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبعەن رێكخراوی پیشەیی و ئەمانەمان گەلێك زۆرە، ئەگەر قەرار بێت هەموو ئەو رێكخراوانە تا دەگاتە لقەكانی خوارەوەیان، ئێمە تەفەروغیان بكەین، لەشكرێك لە تەفەروغ بۆ رێكخراوە پیشەیی و جەماوەریەكان دروست دەكەین، بۆیە من پێشنیار دەكەم تەفەروغ لەو كارە پیشەییانەدا نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دكتۆر احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من نوقتەی نیزامیم هەیە، ئەگەر ئەو شێوازە لە گفتوگۆیەكان، ئێمە بە دوو قۆناغ گفتوگۆی یاساكان بكەین، جاری یەكەم ماددەكان هەموو گفتوگۆ بكەین، لە قۆناغی دووەمدا دەنگی لەسەر بدەین، بەلاّم ئەگەر ئێستا دووبارە ئێمە قسە لەسەر هەموو ماددەكان بكەینەوە، بە رەئی من ئێمە نەیخەینە دوو قۆناغەوە، هەر لە قۆناغی یەكەمەوە گفتوگۆیەكان بكەین و دەنگی لەسەر بدەین، ئێستا مادام لیژنەكان رەئیەكانیان كۆ كردۆتەوە، رەئی یەكەم هەیە، رەئی دووەم هەیە، رەئیەكان بخرێتە دەنگدانەوەو كۆتایی پێ دێت و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، خۆزگە وا بێت، بەلاّم رازی نابن، ئێستا دوو رەئی هەیە لەم ماددەیە، ئەو رەئیەی كە هاتووە لەئەسڵدا دەڵێت سەرۆكی یەكێتی و دوو جێگرەكەی و سێ لە ئەندامانی مەكتەبی سكرتاریەت و سەرۆكی لقەكان تەفەروغ بن، موتەفەریغ بن، بەلاّم ئەوەی كە ئێستا دەڵێت دوورترە لە ئەسڵیەكە، دەڵێت ماددەكە بە تەواوی هەڵبگیرێت و تەفەروغ نەمێنێت، ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە ماددەكە بە تەواوی هەبێت و تەفەروغ نەمێنێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، كە تەفەروغ نەمێنێت، بڕۆن بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی پازدەیەم: ماددەی بیست و سێیەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**لە لایەن لقەوە پێناس دەدرێتە ئەندامان لە چوارچێوەی سنووری جوگرافی لقەکان و پێویستە پێناس یەکگرتوو بێت و لەلایەن مەکتەبی سکرتاریەتەوە دەرچوو بێت.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموون بە عەرەبیەکەش بیخوێننەوە.**

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الخامسة عشرة:**

**تعدل المادة الثالثة والعشرون من القانون وتقرأ كالآتي:**

**تمنح الهوية للأعضاء من قبل الفرع في اطار الحدود الجغرافية له، وينبغي كون الهوية موحدة وصادرة من مكتب السكرتارية.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، دووبارە صیاغە بکرێتەوە، چونکە ڕەکیکە، پەسند کرا دوای صیاغە کردنەوەکەی، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی شازدەیەم:**

**لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموون بە عەرەبیەکەش بیخوێننەوە.**

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة السادسة عشرة:**

**على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**